تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5913) یەک شەممە 19ی کانوونی دووەم 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەر.. ناوەڕاستی ئەم هەفتەیە، 53 بەرکەوتووی چەکی کیمیایی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێن



بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە رایدەگەیەنێت ناوەڕاستی ئەم هەفتەیە 53 بەرکەوتووی چەکی کیمیایی بەمەبەستی ئەنجامدانی نەشتەگەری ڕەوانەی تارانی پایتەختی ئێران دەکرێن. بەرکەوتووەکان دانیشتووی پارێزگای هەڵەبجە، سلێمانی و هەولێرن و لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە پشکنینیان بۆ کراوە.
(زیاتر لە ل11 بخوێنەوە)

ڕاگەیەندراوی کۆتایی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان:

ئەمساڵ کۆنگرەی 14 دەبەسترێت

باری ئابووری هاونیشتمانیانی عێراق لە ئاستێکدا نییە بەرگەی قەیرانی زیاتر بگرێت



بە سەرپەرشتی بەڕێز سەرۆک مسعود بارزانی و ئامادەبوونی جێگری سەرۆک و هەڤاڵانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کۆبوونەوەی ئاسایی پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان لە 2020/1/18 ئەنجام درا کە چەند بابەتێکی گرنگی سیاسی و ڕێکخستنی حزبی گفتوگۆیان لە بارەوە کراو بڕیاری پێویستیان بۆ وەرگیرا.

تەوەری یەکەم: ڕووداوە گرنگەکانی ساڵی 2019 و سەرەتای ساڵی 2020 کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی عێراقی کرد گفتوگۆیان لەسەر کرا، گرنگی کارتێکردنەکانیان لەسەر سیاسەت و ئابووری و پەیوەندییەکانی کۆماری عێراق لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی و جیهانی دەرەوە لە ئاکامی ئەو کردارو پەرچەکردارانەی ڕوویانداو هەروەها بڕیارو ڕاسپاردەکانی پەرلەمان و حکوومەتی عێراق لەو چەند مانگەی ڕابردوو بە دوور بوو لەو بنەماو پرەنسیپە سەرەکییانەی دوای ڕووخانی ڕژێم لە ساڵی 2003 دەوڵەتی عێراقی لەسەر بنیات نراوە کە ئەویش شەراکەت و تەوافوق و تەوازن بووە لە حوکمڕانی بۆ هەموو پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینی و ئاییینزایی و بەشداری هەمووان لە بڕیارە چارەنووسسازەکان.
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



نێچیرڤان بارزانی: چەندە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانە، هێندەش لە بەرژەوەندیی عێراقە کە هێزەکانی ئەمەریکا بمێننەوە

هەموو زانیارییە هەواڵگرییەکان دەریدەخەن کە داعش خۆی ڕێکخستووەتەوە

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ ئەملۆنیتەری ئەمەریکی، وەڵامی چەند پرسیارێک دەداتەوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەشێکی دیدارەکەیدا سەبارەت بە ڕێککەوتنی کورد و حکوومەتی سووریا ئاماژەی بەوە کردووە بە تایبەتی داوای لە سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی ڕووسیا کردووە کە ڕێککەوتنێک لە نێوان کورد و حکوومەتی سووریا ئەنجامبدات.

نێچیرڤان بارزانی پێیوایە کە دەبێت سەلاحەددین دەمیرتاش ئازادبکرێت و لەوبارەیەوە دەڵێ بەدڵنیاییەوە بڕوامواید پێویستە ئەو لە زیندان ئازادبکرێت و ڕێگەبدرێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. (زیاتر لە ل4-5 بخوێنەوە)

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

پەسندکردنی پڕۆژە یاسای چاکسازی هەنگاوێکی مێژوویی بەرەو کوردستانێکی بەهێزتر

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی ڕۆژی پێنجشەممە 16 کانوونی دووەمی 2020 لە پەیامێکدا دەستخۆشی لە پەرلەمانی کوردستان دەکات بۆ پەسندکردنی پڕۆژە یاسای چاکسازی کە یەکێک لە ئەرکە لە پێشینەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیامەکەیدا یاسای چاکسازی بە «هەنگاونانێکی مێژوویی بەرەو کوردستانێکی بەهێزتر» ناودەبات
(دەقی پەیامەکەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ل3 بخوێنەوە)

ڕوونکردنەوەیەک لە د.هاوڕێ دڵزار عەبدوڵڕەحمان پزیشکی پسپۆڕی دادوەری هەولێر بۆ پەرلەمانتار سۆران عومەر

د.هاوڕێ دڵزار عەبدوڵڕەحمان پزیشکی پسپۆڕی دادوەریی هەولێر، لە ڕوونکردنەوەیەکدا وەڵامی چەند قسەیەکی سۆران عومەری پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی دەداتەوە و ڕایدەگەیەنێت "جەنابت دەبوو پێش ئەوەی قسەی لەم جۆرە بکەیت، چاوەڕێی ئەنجامی لیکۆڵینەوە بیت ئینجا قسەی خۆت بکەیت. چوونکە من وەک پزیشکی لێپرسراو تا ئەم ساتە هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوەم نەداوەو هەر وتەیەکی تر بکرێت لە لایەن جەنابت یان کەسێکی تر، ئەوا دەبێت ڕووبەڕووی یاسا بکرێتەوە". (دەقی ڕوونکردنەوەکە لە ل6 بخوێنەوە)

سەرۆکی لیژنەی یاسایی: یاسا ڕێگر نییە متمانە بە حکوومەتی عادل عەبدولمەهدی بدرێتەوە

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەنگۆی متمانەدان بە حکوومەتی ئێستای عێراق، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد، لە ڕووی یاساییەوە هیچ گرفتێک نییە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە عادل عەبدولمەهدی ببێتەوە بە سەرۆکوەزیرانی عێراق. (زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

پارەی جووتیارانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمسااڵیش جێگیر کرا

ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێ، پارەی جووتیارانی هەرێمی کوردستان وەک ساڵی ڕابردوو جێگیر کراوە و ئەوەیشی لە ساڵانی ڕابردوو خەرج نەکراوە، هۆکارەکەی سیاسی بووە. (زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)



چیای (حەسەن بەگ) خراوەتە ناو پلانی پڕۆژەی گەشتیارییەوە

بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری سۆران، ئاشکرای کرد چیای حەسەنبەگ خراوەتە پلانی گەشتوگوزارییەوە بۆ ئەوەی پڕۆژەی گەشتیاریی تێدا جێبەجێ بکرێت. (زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)





سەرۆک بارزانی لە هەواڵی تەندروستیی سەماحەتی سەید سیستانی دەپرسێت

لەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی نەخۆشیی مەرجەعی گەورەی شیعەکان ئایەتوڵڵا عوزما سەماحەتی سەید سیستانی، ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەمە 16ی 1ی2020 سەرۆک مەسعود بارزانی پەیامێکی بۆ خانەوادەی سەماحەتی سەید سیستانی و مەقاماتی مەرجەعییەت نارد. لەو پەیامەدا سەرۆک بارزانی هەواڵی تەندروستی سەماحەتی سەید سیستانی پرسی و لە خودای مەزن هیوای شیفا و چاکبوونەوەی خێرای سەماحەتی سەید سیستانیی خواست.

سەرۆک بارزانی لەڕێی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە کوڕی سەماحەتی سیستانی دەکات

ڕۆژی هەینی 17ی1ی 2020 سەرۆک مەسعود بارزانی بە مەبەستی هەواڵپرسین لە باری تەندروستیی ئایەتوڵڵا عوزما سەماحەتی سەید عەلی سیستانی لەڕێی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە سەید محەممەد ڕەزا کوڕی سەماحەتی سەید عەلی سیستانی کرد. لەو پەیوەندییەدا سەرۆک بارزانی هەواڵی تەندروستیی سەماحەتی سەید سیستانی پرسی و هیوای تەندروستیی باشتر و چاکبوونەوەی بۆ خواست.

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی فەڕەنسا لە هەولێر دەکات



ڕۆژی پێنجشەمە 16ی1ی2020 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ئۆلیڤییێ دیکۆتینی کونسوڵی فەڕەنسا لە هەولێر کرد. لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسی و دواپێن پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا و هەروەها ڕۆشنایی خرایە سەر هەڕەشە و ئەگەرەکانی بەردەم پڕۆسەی سیاسیی عێراق و گرژیی و ئاڵۆزییەکان لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دا. هەر لەو دیدارەدا کونسوڵی فەڕەنسا لە هەولێر جەختی لەوە کردەوە کە وڵاتەکەی پاراستنی سەقامگیریی هەرێمی کوردستان و عێراقی بەلاوە گرنگە و، خوازیاری بەردەوامیدانە بە جەنگی دژی داعش لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان و هێزەکانی عێراقی بە تایبەت هێزەکانی هەرێمی کوردستان.
ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەبارەی هەڕەشەی تیرۆریستان و مەترسیی بەهێزبوونەوەی داعش لە عێراق تەوەرێکی تری ئەو دانیشتنە بوو.

فازڵ میرانی پێشوازی لە قەشە پۆلس حەنا ئەلهوزی دەکات



سەلاحەددین: دوێنێ شەمە 2020/1/18 لە بارەگای مەکتەبی سیاسی فازل میرانی مەکتەبی سیاسی پێشوازی لە قەشە پۆلس حنا الهوزی کرد.
لە دانیشتەکەدا سکرتێری مەکتەبی سیاسی وێڕای بەخێرهێنانی میوانان خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە سەردانی کەسایەتی بەناوبانگی زاخۆ قەشە پۆلس حنا کە وێڕای ئەرکی ئایینی تێکۆشەرێکی دێرینی زاخۆیەو دواتر میرانی بەگشتی تیشکی خستەسەر وەزعی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان و ئاماژەی بەوەدا کە کوردستان هەر لە دێر زەمانەوە تائێستا لانەی پێکەوە ژیانی هەموو ئایین و ئاینزاکانەو بەتایبەتی لە نێوان کورد و مەسیحی بەبێ هیچ جیاوازیەک و برایانی مەسیحی لە سەرەتای شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەشداربوونەو لەم پێناوەدا قوربانیان داوە.
لەلای خۆیەوە قەشە پۆلس حنا سوپاسی سکرتێری مەکتەبی سیاسی کرد بۆ ئەم پێشوازیە گەرمەی کە لێیان کراوە و ئاماژەی بەوەدا کە لە کوردستان هەرکەسێک بەهەر هزر و بیر و ئایینەک بە ئازادی دەژی.

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی ئەمەریکا لە هەولێر دەکات



دوێنێ شەمە 18ی1ی2020 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ستیف فەگین بالێوزی ئەمەریکا لە هەولێر کرد. لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسی و دوا پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کرا. پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا تەوەرێکی تری ئەو کۆبوونەوەیە بوو.

سەرۆک بارزانی بەبۆنەی 21 ساڵەی دەستبەکاربوونی کوردستان تیڤی:

Ktv نموونەی میدیای نەتەوەیی و نیشتیمانی بووەو ڕۆڵی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی

تەلەڤزیۆنی کوردستان دەستپێکی شۆڕشێکی ڕاگەیاندن بوو لەنێو میدیای هەرێمی کوردستان

ڕۆژی هەینی 2020/1/17 سەرۆک بارزانی بەبۆنەی بیست و یەک ساڵەی دەستبەکاربوونی کوردستان تیڤی پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێوەبەر و سەرجەم کارمەندانی کەناڵەکە کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:
بۆ /بەڕێوەبەر و سەرجەم کارمەندانی کوردستان تی ڤی
بەبۆنەی بیست و یەک ساڵەی دەستبەکاربوونی کوردستان تیڤی گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و هەموو ستاف و کارمەندانی دەزگای سەتەلایتی کوردستان دەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.
تەلەڤزیۆنی کوردستان دەستپێکی شۆڕشێکی ڕاگەیاندن بوو لەنێو میدیای هەرێمی کوردستان و نموونەی میدیای نەتەوەیی و نیشتیمانی بووە و هەردەمیش پابەندی بنەماکانی ڕاستگۆیی و هەست بەبەرپرسیارێتی بووە. کوردستان تیڤی لە ماوەی کارکردنی خۆیدا ڕۆڵی هەبووە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و خۆشەویستیی نیشتیمان و پاڵپشتیکردنی پێشمەرگە و خانەوادەی شەهیدان و لەم بوارانەشدا جێگەی دەستی دیارە و ئەو ڕۆڵە هەمیشە جێگەی پێزانین بووە.



ئەو چاوەڕوانییەش لە دەزگەی سەتەلایەتی کوردستان و کوردستان تیڤی هەیە کە بەتەکنیکی تازە، کاری پڕۆفیشناڵ ناوێتەی گیانی نیشتیمانپەروەری و وڵاتپارێزی بکات و پێشەنگ بێت بۆ کار و پیشەی ڕاگەیاندن لە کوردستان.
دووبارە پیرۆزبایتان لێ دەکەم و بەیەن بە خێر و خۆشی

مسعود بارزانی
17ی1ی2020

پەیامی پیرۆزباییی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کوردستان تیڤی:

دامەزراندنی کوردستان تیڤی وەرچەرخان و پێشڤەچوونێکی گرنگ بوو لە ڕەوتی کاروانی ڕاگەیاندنی کوردستاندا

Ktv هەمیشە هەوڵی داوە ڕاستگۆیانە و هاوسەنگانە و پیشەییانە مامەڵە بکات

ڕۆژی هەینی 2020/1/17 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەبۆنەی بیست و یەک ساڵەی دەستبەکاربوونی کوردستان تیڤی پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێوەبەر و ئەنجوومەنی کارگێڕی و کارمەندانی دەزگای سەتەلایتی کوردستان کەناڵەکە کرد.
ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:
بەڕێزان بەڕێوەبەر و ئەنجوومەنی کارگێڕی و کارمەندانی دەزگای سەتەلایتی کوردستان،
بە بۆنەی تێپەڕبوونی بیست و یەک ساڵ بەسەر دەسپێکی کار و خەباتی میدیاییتاندا، بە گەرمی پیرۆزباییتان لێدەکەم و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنتان بۆ دەخوازم.
دامەزراندنی کوردستان تیڤی بەر لە بیست و یەک ساڵ و لە هەلومەرجێکی سەختدا، وەک یەکەم کەناڵی ئاسمانی کە لە خاکی کوردستانەوە بەرنامەکانی پەخش کرد، وەرچەرخان و پێشڤەچوونێکی گرنگ بوو لە ڕەوتی کاروانی ڕاگەیاندنی کوردستاندا. لەو ساتەوە تا ئەمڕۆ لە گەیاندنی پەیامی ئاشتیخوازانەی گەلی کوردستان و دروستکردنی ڕایەڵەیەک لەگەڵ کوردستانییانی تاراوگە و لە خزمەتکردنی کولتوور و زمان و هونەری کوردستانی، هاوشانی هەموو کەناڵە میدیاییەکانی دیکەی کوردستان، ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە و دەبینێ، هەمیشەش هەوڵی داوە ڕاستگۆیانە و هاوسەنگانە و پیشەییانە مامەڵە بکات، بۆیە بەردەوام سەنگ و ڕێزی خۆی وەک میدیایەکی بەرپرسیار و نیشتمانی پاراستووە.
لەم یادە پیرۆزەدا، ئومێدەوارم ئەم دەزگا دێرینە هەر لە گەشە و پەرەسەندندا بێت و هاوشانی دەزگا و کەناڵ و دامەزراوە میدیاییەکانی دیکەی کوردستان پێکەوە خزمەت بە پەیامی تەبایی و یەکڕیزی و بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستانییان بکەن.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2020/1/17

قوبرس.. لاوانی کوردستان لەگەڵ ئەوەنین هەرێمی کوردستان ببێتە گۆڕەپانی جەنگ و کێشەکانی ئەمەریکا و ئێران



فەلاح حەسەن کە لاوێکی کورد و جێگری یەکەمی هەردوو سەرۆکی لاوانی سیاسی ئەوروپا و جیهانە، لە کۆبوونەوەی هاوبەشی سەرۆکایەتی لاوانی ئەوروپا و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لاوانی سیاسی قوبرس باسی لە دواپێن گۆڕانکارییەکانی عێراق و ڕەوشی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبووان کرد و ئاماژەشی بە دواپێن هێرشی مووشەکی کۆماری ئێران کرد بۆ سەر هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان .
فەلاح حەسەن بەئامادەبووانی ڕاگەیاند کە لاوانی کوردستان و بەڵکو گەلی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی و حکوومەتەکەشی هیچ کات لەگەڵ ئەوەدا نین کە خاکی هەرێمی کوردستان ببێتە گۆڕەپانی جەنگیی ئەمەریکا و ئێران، سەرئەنجام هەرێمی کوردستان دۆستی ئەمەریکایە و دراوسێی ئێرانیشە کە هاوکات دۆستایەتی و دراوسێیەتیمان لەگەڵ ئێرانیش کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ دەیان ساڵ. لەبەشێکی کۆبوونەوەکەدا لاوانی قوبرس دۆستایەتی خۆیان بۆ لاوانی کوردستان نیشان دا و هیوایان خواست کە هەرێمی کوردستان و گەلەکەی پارێزراوبن لەم تەنگەژەیەدا.

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/1/19 ژمارە (5913)

راگەیەندراوی کۆتایی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان:

خەریکە خەڵکی عێراق باجی خیلافات و هەڵوێستە دژ بە یەکەکانی دەرەوەی سنووردار دەکەوێتە ئەستۆ

باری ئابووری هاونیشتمانیانی عێراق لە ئاستێکدا نییە بەرگەی قەیرانی زیاتر بگرێت

پێویستە هەموو هەوڵەکان بخرێنە گەڕ تا عێراق نەبێتە بەشێک لەو کێشە هەرێمی و جیهانییانە



فۆتۆ/ فەرهاد ئەحمەد

بە سەرپەرشتی بەرێز سەرۆک مسعود بارزانی و ئامادەبوونی جێگری سەرۆک و هەڤالانی مەکتەبی سیاسی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کۆبوونەوەی ئاسایی پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان لە 2020/1/18 ئەنجام درا کە چەند بابەتێکی گرنگی سیاسی و رێکخستنی حزبی گفتوگۆیان لە بارەوە کراو بڕیاری پێویستیان بۆ وەرگیرا.

تەوەری یەکەم: رووداوە گرنگەکانی ساڵی 2019 و سەرەتای ساڵی 2020 کە کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی عێراقی کرد گفتوگۆیان لەسەر کارا، گرنگی کارتێکردنەکانیان لەسەر سیاسەت و ئابووری و پەیوەندییەکانی کۆماری عێراق لەگەڵ ولاتانی هەرێمی و جیهانی دەرەوە لە ئاکامی ئەو کردارو پەرچەکردارانەی رووياندا‌و هەروەها بڕیارو راسپاردەکانی پەرلەمان و حکوومەتی عێراق لەو چەند مانگەی رابردوو بە دوور بوو لەو بنەماو پرەنسیپە سەرەکییانەی دوای رووخانی رژێم لە ساڵی 2003 دەوڵەتی عێراقی لەسەر بنیات نراوە کە ئەویش شەراکەت و تەوافوق و تەوازن بووە لە حوکمڕانی بۆ هەموو پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزایی و بەشداری هەموان لە بڕیارە چارەنووسسازەکان.

تەوەری دووەم: باس لەو نیگەرانی و مەترسییانە کرا کە لەسەر عێراق هەیە بە شێوەیەکی گشتی و کردنی عێراق بە ساحەی تەسفیەی حیساباتی ولاتانی هەرێم و جیهانی... بارودۆخی عێراق سەرەڕای ئەو هەموو گیروگرفتە ناوخۆییەی چ لە رووی حوکمڕانی و ئابووری و دیبلۆماسی و چ لە رووی گرژی و ناتەبایی نێوان لایەنەکانی بەشدار لە دەسەلات و چ لەگەڵ خۆپێشاندەرانی بەغدای پایتەخت و شارەکانی دیکەی باشوور کە ماوەی سێ مانگە بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوەو خەریکە خەڵکی عێراق باجی خیلافات و هەڵوێستە دژ بە یەکەکانی دەرەوەی سنووردار دەکەوێتە ئەستۆ، سەرەڕای مانەوەی مەترسیی گەورەی ئیرهاب کە تاکو ئێستا داعش کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو بەردەوام هەڕەشەیە لە سەقامگیری و دابینکردنی ئەمنیەت، ئەمە جگە لەوەی باری ئابووری هاونیشتمانیانی عێراق لە ئاستێکدا نییە بەرگەی قەیرانی زیاتر بگرێت. بەتایبەتی کە رێژەی بێکاری بەرزبووەتەوە بەجۆرێک کە زیاتر لە 30٪ خەڵکی پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشوور لە خوار هێڵی هەژاریدان. کۆبوونەوە رای وابوو کە هەموو هەوڵەکان بخرێتە گەڕ تا عێراق نەبێتە بەشێک لەو کێشە هەرێمی و جیهانیانە، بۆیە پێویستە هەر بریارو راسپاردەو یاسایەک کە دەردەچن لە ئاستی خواست و ویست و بەرژەوەندی کۆی هاووڵاتیانی عێراقیدا بێت و لە تاکڕەوی بە دوورین بۆ ئەوەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی عێراق نەکەوێتە مەترسیەوە.

تەوەری سێیەم: کۆبوونەوە پشتیوانی بۆ هەوڵ کۆششەکانی حکوومەت و دامەزراوەکانی یاسایی دەکات لە راستای چاکسازی و رێکخستنەوەی کاروبارەکان لەو بوارانەی پێویست دەکات بۆ هێنانەدی خواستی هاووڵاتیانی کوردستان و زیاتر دابینکردنی ئاسوودەیی، هەر وەکو لە بەرنامەی پارتیمان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئاماژەی پێکراوە.

تەوەری چوارەم: لەبەر پێویستی و خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی ئێستای کوردستان و عێراق و گۆڕانکارییە زۆرو خێراکان لەناوخۆ و دەوروبەر و زیاتر گورۆتین بەخشین بە ئۆرگانەکان هەروەها بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ، کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بڕیاری دا لە ساڵی 2020 کۆنگرە ئەنجام بدرێت و دەسەلاتی پێویستی دا بە مەکتەبی سیاسی هەنگاو و رێکارە پەیڕەویەکان دەست پێ بکات.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان
2020/1/18

نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە باڵیۆزی فنلەندا دەکات

نێچیرڤان بارزانی: هەرێمی کوردستان هەوڵ بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیریی عێراق دەدات



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی سوپاسی هاوکارییەکانی فنلەندای کرد بۆ هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی داعشدا و دووپاتی کردەوە کە هێشتا هەڕەشە و مەترسییەکانی تیرۆر هەر ماون، هەروەها ڕایگەیاند کە هەرێمی کوردستان ناخوازێت عێراق ببێتە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکان و هەوڵ بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیریی عێراق دەدات.


لە دیدارێکدا سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەمە 2020/1/16 لە هەولێر، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز فیسا هاکینین باڵیۆزی فنلەندا لە عێراق، پیرۆزباییی دەستبەکاربوونی لە باڵیۆزی فنلەندا کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە کاری نوێیدا و جەختی لە بەردەوامبوونی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و فنلەندا لە هەموو بوارەکاندا کردەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز هاکینین باسی سەردانی خۆی بۆ هێزەکانی فنلەندا وەک بەشێک لە هێزی هاوپەیمانیی دژی داعش لە هەرێمی کوردستان کرد و بەردەوامیی هاوکاریی ولاتەکەی لە چوارچێوەی هێزەکانی هاوپەیماندا بۆ یارمەتیدانی سوپای عێراق و پێشمەرگە دووپات کردەوە بەتایبەت لەڕووی مەشق و ڕاهێنانەوە. تاوتوێکردنی دوا پەردەسەندنەکانی دۆخی عێراق، جێبەجێکردنی داوای خۆپیشاندەران، هەوڵەکان بۆ گەڕاندنەوەی سەقامگیری، پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان بە دیالۆگ و لەسەر بنەمای دەستوور، ڕەوشی ئابووری و دەرفەتی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان کە زەمینەیەکی لەبارى هەیە بۆ وەبەرهێنانی بیانی، لایەنێکی دیکەی دیدارەکە بوو.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوامە و گشت کەرتەکان دەگرێتەوە

کەسانی شایستە مافەکانیان پارێزراو دەبێت



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مەسرور بارزانی ڕۆژی پێنجشەمە 16 کانوونی دووەمی 2020 لە پەیامێکدا دەستخۆشی لە پەرلەمانی کوردستان دەکات بۆ پەسندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی کە یەکێک لە ئەرکە لە پێشینەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو. سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیامەکەیدا یاسای چاکسازی بە «هەنگاونانێکی مێژوویی بەرەو کوردستانێکی بەهێزتر» ناودەبات.

ئەمەش دەقی پەیامەکەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە:

دەستخۆشی لە پەرلەمانی کوردستان دەکەم بۆ پەسندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی. ئەمە هەنگاوێکی مێژوویيە بەرەو کوردستانێکی بەهێزتر. ئەم پرۆژەیە بەشێکی گرنگی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەڵامدانەوەی خواست و داواکاری هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی بوو. ئامانجیش رێکخستنەوەی خەرجییە گشتییەکان و هێنانەدی دادپەروەری بۆ فەرمانبەران، کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکانە.

دوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە تەمووزی ساڵی ڕابردوو، ئێمە دەستبەجێ لێژنەیەکی بالآمان لە حکوومەت بۆ پێداچوونەوە و بەهێزکردنی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای چاکسازی پێکهێنا.

هاووڵاتیيان دڵنیا دەکەینەوە کە دەقی کۆتایی یاساکە دڵنیایی گرنگی سەبارەت بە مووچە و ئیمتیازاتەکانی فەرمانبەر و مووچەخۆران تێدایە، بە جۆرێک کە کەسانی شایستە مافەکانیان پارێزراو دەبێت .

چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوامە و گشت کەرتەکان دەگرێتەوە. ئەم یاسایەش بەڵگەیەکی ڕوونی دیکەیە لە سەر پابەندبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سنووردانان بۆ گەندەڵی و هەوڵدان بۆ بنبڕکردنی. هەروەها هەنگاوێکی گرنگیشە بەرەو حکوومەتێکی مۆدێرن و شەفاف و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و خزمەتکردنی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان بە بێ جیاوازی کە ئامانجی سەرەکی ئەم حکوومەتەیە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2020/1/16

لێدوانێک لە گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، بەهۆی نقومبوونی بەلەمێک لە نێوان تورکیا و یۆنان، بەداخەوە ژمارەیەک کەس بوونە قوربانی، کە هەندێک هاووڵاتی هەرێمی کوردستانیشی تێدابوو. ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوێنێ لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا، وێرای دەربڕینی هاوخەمی خۆی لەگەڵ بنەماڵە و کەسوکاری قوربانیان، دەزگاکانی حکوومەتیشی ڕاسپارد کە هەموو هاوکاری و ئاسانکارییەک بکەن بۆ گەڕاندنەوەی تەرمی قوربانییان بۆ هەرێمی کوردستان.

جوتیار عادل
گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2020/1/16

نێچیرڤان بارزانی:

بڕیارەکەی پەرلەمانی عێراق بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا پێشێلکردنی ناوەڕۆکی دەستووری عێراقە

داوام لە سێرگی لاڤرۆڤ کردووە هاوکاربێت بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنێک لەنێوان کورد و حکوومەتی سووریا

پێویستە سەلاحەدین دەمیرتاش لە زیندان ئازاد بکرێ و ڕێگەی بدرێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە دەستپێکردنەوەی دیالۆگ



لەوکاتەوەی عادل عەبدولمەهدی بووە بە سەرۆکوەزیران، هەوڵیداوە خۆی بەدووربگرێ لەوەی لە مللمانێکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران تێوەبگلێندرێت.

ئەڵمۆنیتەر: بەڵام ئەو تێوەگلاوە.

نێچیرڤان بارزانی: بەڵێ.

ئەڵمۆنیتەر: ئێوە لە ئێران دەترسن؟

نێچیرڤان بارزانی: نەخێر ئێمە لە ئێران ناترسین، بەڵام ڕێز لە ئێران دەگرین.

ئەڵمۆنیتەر: کاتێک مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لە مانگی تشرینی دووەم هاتە ئێرە، بانگهێشتنامەیەکی لەلایەن سەرۆک ترەمپەوە بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک لە کۆشکی سپی بۆ تۆ هێنابوو. تێگەیشتنی من ئەوەبوو، دەبوایە تۆ لە مانگی کانوونی یەکەم یان کانوونی دووەم چوبایتە واشنتۆن، چی بەسەرهات؟ ئایا بانگهێشتنامەکە مەرجدارکرابوو بەوەی کە تۆ پشتیوانی لە واشنتۆن بکەی لە دژی تاران، بانگهێشتنامەکە هیچ شتێکی دیکەی لەگەڵ هاوپێچکرابوو؟

نێچیرڤان بارزانی: نەخێر، هێشتا بانگهێشتنامەکە بانگهێشتنامەیەکی زیندووە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ کاتێک بۆ سەردانەکە دیارینەکراوە، بانگهێشتنامەکە بەر لەم ڕووداوانە پێشکەشکراوە، ئەمەریکا ئێمە وەک بەشێک لە عێراق دەبینێت و بەم شێوەیەش مامەڵەمان لەگەڵ دەکات.

ئەڵمۆنیتەر: ڕاستە، بەڵام خەملاندنی زۆر کەسان بۆ ئەوەی کە تۆ بۆیە بانگهێشتکراوی تاوەکو تووڕەیی کۆنگرێس دابڕکێنێتەوە لەسەر بڕیارەکەی ترەمپ بۆ کشانەوەی هێزەکانیان لەپەردەم هێزەکانی تورکیا، کاتێک ویستیان هێرش بکەنە سەر کوردەکانی سووریا لە مانگی تشرینی یەکەم. ئەوان ویستیان، مەزڵوم کۆبانێ، فەرماندەی هێزەکانی سووریای دیموکرات (هەسەدە) بانگهێشت بکەن، بەڵام تورکیا زۆر بە تووندی لە دژی وەستایەوە، تۆ وەک کەسێک کە کۆدەنگیی لەسەربوو دەرکەوتی.

نێچیرڤان بارزانی: هەر کەسێک لە ڕوانگەی خۆیەوە سەیری شتەکان دەکات، ڕەنگە بەڕژەوەندییەکانی ئەوان بۆ ئەم مەبەستە بووبێت، بەڵام ئێمەش بەڕژەوەندیی خۆمان هەیە.

ئەڵمۆنیتەر: ئایا لە داڤۆس چاوت بە سەرۆک ترەمپ دەکەوێت؟

نێچیرڤان بارزانی: دەبێت ئەوە لە وەزیری دەرەوەی خۆم بپرسم، هێشتا ڕوون نییە کە ئەو دێتە داڤۆس یان نا، بەڵام لەوێ چاوم بە مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمەریکا دەکەوێت.

ئەڵمۆنیتەر: تۆ دەڵێیت کۆڕانی قاسم سولەیمانی واشنتۆنی ناچارکردووە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەهێزتر بکات، هەروەها پێگەی ئێوەش وەک هاوبەشێک بەرزتر بکاتەوە.

نێچیرڤان بارزانی: حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێگەی دەستووری و یاسایی خۆی هەیە، هەروەها تایبەتمەندی و گرنگی خۆی هەیە لە هاوکێشەی عێراقدا، بەڵام سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ عێراق ئەوەیە، ئەوان دڵخۆش نەبوون بەو ڕاگەیێنندراوەی کە لەدوای هێرشەکەی سەر بالیۆزخانەی بەغدا بڵاوتکردەوە، ڕەنگە هەست بە گوشارێکی زۆر بکەی؟

نێچیرڤان بارزانی: ئێمە لە کوردستان نامانەوێت عێراق ببێتە مەیدانی جەنگ و تێیدا ئێران و ئەمەریکا مللمانێکانیان یەکلایی بکەنەوە. پەیوەندیی عێراق لەگەڵ ئەمەریکا زۆر گرنگە، بەڵام ئێرانیش هاوسێی لەمێژینەی ئێمەیە، فەرمی لەلایەن حکوومەتی عێراق لە ساڵی 2014 هاتوون، هەروەها بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەمەش کاتێک داعش لە دەوروبەری بەغدا بوو. دووەم، ئایا دۆخی ئێستای عێراق دەریدەخات کە پێویستە هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان بکشێنەوە و کۆتایی بە ئەرکەکانیان بهێنن کە هاوکارن بۆ تێکشکاندنی داعش؟ هێندەی ئێمە وەک هەرێمی کوردستان نیگەرانی ئەم دۆخەین، وەڵامەکە نەخێرە. هەموو زانیارییە هەوالگرییەکان دەریدەخەن کە داعش خۆی ڕێکخستووەتەوە و ڕۆژانە هێرش بۆسەر پێگەکانی عێراق ئەنجامدەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا چەندە لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستانە، هێندەش لە بەرژەوەندیی هەموو عێراقە کە هێزەکانی ئەمەریکا لەم کاتەدا لێرە بمێننەوە.

ئەڵمۆنیتەر: بەڵام وا دەردەکەوێ کە حکوومەتی عێراق لەژێر گوشارێکی زۆردایێت لەلایەن ئێرانەوە، تاوەکو هێزەکانی ئەمەریکا بکەنە دەرەوە، لە هەمان کاتدا، سەرۆک ترەمپیش گوشار لە ئەوروپییەکان دەکات کۆتایی بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران بهێنن، بۆیە ڕەنگە شتەکان جارێکی دیکە بەرەو گرژی بچنەوە، کوردستان لەم ئێوەندەدا دەکەوێتە کوێ؟

نێچیرڤان بارزانی: لە سەردانەکەی چەند ڕۆژی ڕابردووی سەرۆکوەزیران عادل عەبدولمەهدی بۆ ئێرە، ئەوەی ئێمە تێگەیشتین ئەوەبوو کە ئەو چاوی لەوەبوو ئەم کێشەیە لە ڕێگەی دایەلۆگەوە چارەسەربکات نەک لە ڕێگەی ڕووبەڕووبوونەوە، بیرۆکەکە ئەوەبوو کە فۆرمولەیەکی نوێ بهێندرێتە پێشەوە، ڕێکخستنەوەیەکی نوێ بۆ ئامادەیی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق.

ئەڵمۆنیتەر: ئەمە واتە ئەوان دەمێننەوە؟

نێچیرڤان بارزانی: بەڵێ، ئێمە بڕوای تەواومان بەوەیە کە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان پێویستە بۆ هەموو عێراق.

ئەڵمۆنیتەر: ئەی سەرۆکوەزیران لەگەڵ ئەمەدا هاوڕابوو؟

نێچیرڤان بارزانی: بەڵێ، ئەو نیگەرانی دۆخەکەیە، بەڵام ئەو کەسێکی پراگماتیکییە و چاوی لەوەیە شتەکان دووبارە فۆرمولە بکاتەوە و جارێکی دیکە ئامادەیی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق پێناسە بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەدانیم کە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمەریکا و عێراق لە ڕێگەی میدیاوە بێت، ئەمە هاوکار نابێت.

ئەڵمۆنیتەر: بەڵام سەرۆکوەزیران خۆی ئەمەی ڕوونکردووەتەوە کە هێزەکانی ئەمەریکا پێویستە بڕۆنە دەرەوە، پێتوایە ئەمە بەهۆی گوشارەکانی ئێرانەوەیە؟

نێچیرڤان بارزانی: پێموایە سەرۆکوەزیرانی عێراقیش گلەیی خۆی هەیە، هەروەها ڕاستییەکەش ئەوەیە، ئەم جۆرە ئۆپەراسیۆنە گەورەیە لەسەر خاکی عێراق ئەنجامدراوە نزیک فڕۆکەخانە، ئەمەش بەبێ ئاگاداربوونی ئەو، ئەمەش وایکردووە کە کاردانەوەیەکی نەرێنی لە بەغداوە بەدوای خۆیدا بهێنێت.

ئەڵمۆنیتەر: تۆ دەڵێیت کە نە ئەو و نە هیچ یەکێک لە ئەندامانی دیکەی حکوومەتی عێراق یان هەرێمی کوردستان زووتر ئاگاداری ئەم ئۆپەراسیۆنە نەبوون؟

نێچیرڤان بارزانی: ئەمە ئەو شتەیە کە من دەیڵێم، هیچ زانیارییەک نەبوو، هیچ هاوئاهەنگییەک نەبوو، ئێستا ئەوەی باشترینە ئەنجامبدرێت ئەوەیە کە ژمارەیەک دایەلۆگ و گفتوگۆی جیدی لەنێوان عێراق و ئەمەریکا لەبارەی داهاتووی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، پێویستە بە ئاشکرا نەکرێن، چونکە هیچ نارنجۆکێک لە ڕێگەی میدیاوە ناهاوێژرێت.

ئەڵمۆنیتەر: بەڵام بە ڕوونی دیارە، ئێران، عێراق بۆ ئاراستە پێچەوانەکە پەلکێش دەکات، ئەی هەڵسەنگاندنی تۆ چییە بۆ هێرشە مووشەکییەکەی ئێران کە وەک تۆڵەیەک کردیە سەر ئەمەریکییەکان و هەوڵێریشی کردە ئامانج؟ ئایا هیچ پەیامێکیش بۆ کوردەکانی عێراق هەبوو؟

نێچیرڤان بارزانی: سەرکردەکانی عێراق دەبێت بەرژەوەندییەکانی خەڵکی عێراق، ئاسایش و سەقامگیری وڵات لەپێش هەموو شتێک دابنێن. هاوێشتنی مووشەکەکان پەیامێکی زۆر ڕوون بوو بۆ هەموو لایەک کە ئێران خواست و توانای هەیە بۆ هێرشکردنە سەر هەر بەشێکی عێراق.

ئەڵمۆنیتەر: بەڵام هەندێک ڕەخنەی دیپلۆماسیشمان بیست لەلایەن کۆنسوڵی گشتیی ئێران لە هەولێر، گلەیی ئەوەی دەکرد کە وەڵامی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کۆڕانی قاسم سولەیمانی وەک پێویست نەبوو، ئەوان چاوەڕوانیی دیکەیان لە ئێوە هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەمەریکییەکانیش چاوەڕوانیی دیکەیان لە ئێوە هەیە، ئەوان دڵخۆش نەبوون بەو ڕاگەیێنندراوەی کە لەدوای هێرشەکەی سەر بالیۆزخانەی بەغدا بڵاوتکردەوە، ڕەنگە هەست بە گوشارێکی زۆر بکەی؟

نێچیرڤان بارزانی: ئێمە لە کوردستان نامانەوێت عێراق ببێتە مەیدانی جەنگ و تێیدا ئێران و ئەمەریکا مللمانێکانیان یەکلایی بکەنەوە. پەیوەندیی عێراق لەگەڵ ئەمەریکا زۆر گرنگە، بەڵام ئێرانیش هاوسێی لەمێژینەی ئێمەیە،

←

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/1/19 ژمارە (5913) | خەبات

پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ تورکیا هەمیشە گرنگ و زۆر باشە

بڕوامان وایە پرسی کورد لە سووریا دەبێت لە چوارچێوەی سووریا چارەسەر بکرێت

سەرۆکوەزیرانی عێراق چاوی لەوەیە جارێکی دیکە ئامادەیی ئەمەریکا لە عێراق پێناسە بکاتەوە

ئەوە دەکەین و لەم رووەوە رۆڵی خۆمان دەگێڕین، روانینی ئێمەش ئەوەیە کە ئەوە لە بەرژەوەندیی عێراق و ئێمەشە کە پەیوەندییەکانی نێوان واشنتۆن و بەغدا سەقامگیرین.

ئەڵتونیتە: ئەی لەبارەی نێوەندگیریی نێوان تاران و واشنتۆن چی؟

نێچیرڤان بارزانی: ئێمە ئامادەین ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان بدەین تاوەکو هاوکارین بۆ سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکە.

ئەڵتونیتە: بەنیازی بەم نزیکانە بچیتە تاران؟

نێچیرڤان بارزانی: بانگهێشتکراوم، بەڵام هێشتا کاتەکە دیارینەکراوە.

ئەڵتونیتە: با بچینە سەر رۆڵی ڕووسیا لە ناوچەکە، رۆڵەکەی لە سووریا و لیبیا دەبینین، ئەی رۆڵی ڕووسیا لە عێراق چییە؟

نێچیرڤان بارزانی: ڕوونە کە ڕووسیا رۆڵێکی گرنگی لە ناوچەکە هەیە، ئێمە لە سووریا و لیبیا ئەو رۆڵەی دەبینین، هەروەها پەیوەندییەکی باشیشی هەیە لەگەڵ عێراق.

ئەڵتونیتە: هەروەها..

نێچیرڤان بارزانی: تەواو.

ئەڵتونیتە: دوایینجار کە پەکتڕمان بینی، ئاداری سالّی ڕابردوو بوو، تۆ گوتت هێزەکانی سووریا پێویستە لە زووترین کاتدا ڕێککەوتن لەگەڵ ڕژێمی سووریا بکەن. هێزەکانی سووریای دیموکرات – هەسەدە دەستیان بە گفتوگۆکرد لەگەڵ حکوومەت، بەڵام حکوومەتی سووریا هیچ نیازێکی نیشاننەداوە کە مافە سیاسییەکانی کورد بدات، وەک پێگەیەکی سیاسی لە دەستووردا گەرەنتی بکرێت. ئێستا ئامۆژگاریت بۆ ئەوان چییە؟

نێچیرڤان بارزانی: ئێستاش هەمان شت دەڵێم.

ئەڵتونیتە: پێویستە بە تەواوەتی خۆیان بەدەستەوەبدەن؟

نێچیرڤان بارزانی: وەک بنەمایەک، ئێمە بڕوامان وایە پرسی کورد لە سووریا دەبێت لە چوارچێوەی سووریا چارەسەر بکرێت، هەروەها بەڵێ، بەدڵنیاییەوە من بڕوام وایە حکوومەتی دیمەشق دەبێت زیاتر بێتە پێشەوە لەوەی ئێستا، کوردی سووریا بەشێکن لە سووریا. بەداخەوە، بیری بەعسی یەک شتە، بەڵام ڕووسەکان دەتوانن جیاوازییەک دروستبکەن، کاتێک من ماوەیەک پێش ئێستا لەگەڵ سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا کۆبوومەوە، بەتایبەت داوام لێکرد هاوکاربێت بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنێک لەنێوان کورد و حکوومەتی سووریا، بڕوام وایە سەرۆک پووتین دەبێت لەمبارەوە هەوڵێکی زیاتر بدات.

ئەڵتونیتە: بەڵام لە هەمان کاتدا ڕووسیا لەگەڵ تورکیا کار دەکات بۆ ئاراستەیەکی پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی کورد لە سووریا.

نێچیرڤان بارزانی: ئامۆژگاریی ئێمە لە ڕابردوو، لە ئێستا و داهاتووش بۆ کوردی سووریا ئەوەیە کە ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنێک لەگەڵ حکوومەت. من چەندین جار ئەوەشم گوتووە کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ پەکەکە لە قەندیل بپچڕێنن.

ئەڵتونیتە: بەڵام ئەمە ڕێی تێدەچێت؟

نێچیرڤان بارزانی: من هەمیشە گوتوومە ئەوان هەموو شتێکیان کرد بۆ تووڕەکردنی تورکیا، ئاڵاکانی پەکەکە و هەروەها وێنەی گەورەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان لەسەر سنوورەکانی تورکیا دانا.

ئەڵتونیتە: بەڵام بەر لەوەی لە 9ی تشرینی یەکەم، تورکیا هێرشی داگیرکاری بۆ سەر باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا دەستپێبکات، هێزەکانی سووریای دیموکرات – هەسەدە چەندین سازشیان لە بەرژەوەندیی تورکیا کرد، ڕازیبوون بەوەی گەڕانی سەربازیی تورکیا و ئەمەریکا ئەنجامبدرێت، لە ناوچە سنوورییەکان کشانەوە کە ئەمە ڕێک پێچەوانەی تووڕەکردن نیشاندەدات.

نێچیرڤان بارزانی: ڕەنگە ئەمە زۆر دەرەنگ بووبێت، ئێمە بۆ چەندین ساڵە ئەوەیان پێدەڵێین کە خۆیان لە پەکەکە جیابکەنەوە و هەوڵبدەن لە نیگەرانییەکانی تورکیا تێبگەن، ئەمەش بۆ ئەوەی ڕێگەیان لەم ئەنجامەی ئەمڕۆیان بگرتایە.

ئەڵتونیتە: پچڕاندنی پەیوەندییەکان لەگەڵ قەندیل مانای چییە؟ بەشێکی زۆر لەوانەی کە ئێستا ئیدارەی کوردی سووریا بەڕێوە دەبەن، بەشێکبوون لەو بزووتنەوەیە و وەک سەرکردەیەکی سیمبوولی سەیری ئۆجەلان دەکەن؟

نێچیرڤان بارزانی: ئەمە فاکتە حاشالێنەکراوەکەیە و ئەوان هەموو فەرمانەکانیان لە پەکەکە وەردەگرن.

ئەڵتونیتە: ئێستاش؟

نێچیرڤان بارزانی: بەڵێ، بەڵام بە شێوەیەکی کەمتر، لە هەر بارێکدا ئەوەی پێویستە ئەوان بیکەن ئەوەیە قەناعەت بە تورکیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەن کە ئەوان بەشێک نین لە ئەجێندای فراوانی پەکەکە، ئەگەر ئەمە سەلمێندرا، پێموایە دەرفەتێکی کەم هەیە تاوەکو دۆخەکە باشتر ببێت.

ئەڵتونیتە: زۆرباشە، ئەی پەیوەندیی ئێوە لەگەڵ تورکیا چۆنە؟ لەم چەند ساڵەی دواییدا چەندە کاریگەربوونە؟

نێچیرڤان بارزانی: پەیوەندی ئێمە لەگەڵ تورکیا هەمیشە گرنگە، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا باشە، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەکی زۆر باشی لەگەڵ سەرۆک ئەردۆغان ئەنجامدابوو، ئێمە لەسەر ئەم ڕێگەیە بەردەوامدەبین.

ئەڵتونیتە: تۆ گوتت، ئێوە ناتانەوێت عێراق ببێت بە مەیدانی جەنگ بۆ ئەمەریکا و عێراق، بەڵام عێراق ئێستا مەیدانی جەنگە بۆ تورکیا و پەکەکە. هیچ هیوایەک هەیە بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لەنێوان کورد و تورکیا؟

نێچیرڤان بارزانی: ئێمە ناتوانین ڕێگە بدەین هەرێمی کوردستان ببێتە شوێنێکی هێرشکردن بۆ سەر هیچ یەکێک لە هاوسێکانمان. دواییناجارا ئەم کێشەیە دەبێت لە تورکیا بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت. هەرکاتێک من چاوم بە بەرپرسانی تورکیا کەوتبێت ئەوەم بیرهێناونەتەوە کە پێویستە ئەم کێشەیە لە ڕێگەی دایەلۆگەوە چارەسەر بکرێت، نەک لە ڕێگەی جەنگەوە. ئەمە لە بەرژەوەندیی هەردوولایە.

ئەڵتونیتە: ئەمەش واتە قسەکردن لەگەڵ پەکەکە و ئۆجەلان؟

نێچیرڤان بارزانی: بەڵێ لەگەڵ پەکەکە و لەگەڵ ئۆجەلان.

ئەڵتونیتە: بەڵام پێناچێت حکوومەتی تورکیا و سەرۆک ئەردۆغان هیچ خواستێکیان بۆ دەستپێکردنەوەی دایەلۆگ لەگەڵ پەکەکە یان ئۆجەلان هەبێت، ڕێک بە پێچەوانەوە. ئەی پێتانوایە سەلاحەددین دەمیرتاش، هاوسەرۆکی دەستگیکراوی پێشووتری پارتی دیموکراتی گەلان – هەدەپە هاوکارین لە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی ئاشتی؟

نێچیرڤان بارزانی: بەدڵنیاییەوە پێموایە، بەدڵنیاییەوە بڕوامایە پێویستە ئەو لە زیندان ئازادبکرێ و ڕێگەبدرێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێ، ئەو پێویستە ئازادبکرێت.

ئەڵتونیتە: ژمارەیەک لە کوردی سووریا و تورکیا بڕوایانوایە کە سەرکردایەتیی کوردی عێراق سەرکەوتوو نابێت لە دەستگرتن بە ئەزموونەکەیانەوە و دەڵێن، ئەگەر پرۆژەی ئۆتۆنۆمی لە ڕۆژئاوا یان لە کوردستانی سووریا شکستبهێنن، ئەوکاتە کوردستانی عێراق بە قسەی خۆیان ئامانجی دواتر دەبێ کە تورکیا و ئێران دواتر کۆتایی بە ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق دەهێنن، تووڕەیی و کاردانەوەکانیشان بۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە ساڵی 2017 نیشانەی ڕوونن بۆ ئەمە، تۆ لەگەڵ ئەمەدا هاوڕایت؟

نێچیرڤان بارزانی: ئەمە دوو شتی لێکجیان، هەرێمی کوردستانی عێراق یاساییە، پێگەی دەستووریی هەیە لە عێراق. لە عێراق و لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ئەمە ڕاستییەکی دانپێدانراوە. لەم چوارچێوەیەشدا کە چەند هێڵێکی تەریب لەنێوان کوردستانی عێراق و ڕۆژئاڤا بکێشرێت. بۆ ئێمە لە کوردستانی عێراق، هەرکاتێک دەرفەتێک هەبێت بۆ هاوکاریکردنی خوشک و براکانمان لە ڕۆژئاڤا، یان هەر کوردێک لە هەرکوێیەک بێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە ئاشتییانە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەی کە تێیدان، ئێمە زۆر خۆشحاڵ دەبین بە پێشکەشکردنی ئەو هاوکارییە، هەروەها دەمەوێت ئەم دەرفەتەش بقۆزمەوە بۆ دەستخۆشیکردن لە خوشک و براکانمان لە ڕۆژئاڤا بۆ ئەو قوربانییە مەزنەی داویانە لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕی دژ بە داعش، بۆ ئازایەتی و خۆتەرخانکردنیان. ئەو قوربانییە زۆرەی ئەوان داویانە بەتەنیا بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و لە سووریا نەبووە، بەڵکو بۆ بەرگریکردن بووە لە مرۆڤایەتی کە ئێمە بە سوپاسکردنێکی گەورە قەدرزاریانین.

ئەڵتونیتە: تۆزێ هەمان باوەڕت هەیە کە هەسەدە هەیەتی و پێیانوایە دەبێت پاداشت بکرێن و بناسێندرێن بۆ ئەوەی کردوویانە و کورد شایەنی پێگەیەکی فەرمییە، وەک هاوبەشێکی تەواو و یەکسان لە سووریای نوێ؟

نێچیرڤان بارزانی: بێگومان، بەدڵنیاییەوە پێویستە پێیان بدرێت، پێویستە پارێزبەندییەکی دەستووری هەبێت بۆ مافەکانیان لە چوارچێوەی سووریایەکی یەکگرتوو، دەبێت هاوواڵتی یەکسان بن و ئازادانە وەک کورد خۆیان دەربخەن.

ئەڵتونیتە: بەر لە ڕووداوی سولەیمانی، ئێوە دەڵنیابوون لەوەی کە لەسەر پرسی بودجە و هاوبەشپێکردنی داهات، نەوت و پرسەکانی دیکە لەگەڵ بەغدا، دەگەن بە ڕێککەوتن، ئایا ئەمە هەمووی لەگەڵ دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیران و کۆڕانی سولەیمانی هەڵنەگەڕاوەتەوە؟ نیگەرانن لەوەی ڕەنگە ئێران گوشار لە بەغدا بکات جارێکی دیکە پێدانی مووچە بە هەرێمی کوردستان بوەستێنێت، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە گوشار لە ئێوە بکەن؟

نێچیرڤان بارزانی: لەدوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژ و چەندین گەشتکردن بۆ بەغدا، گەیشتین بە ڕێککەوتنێک، بەگشتی بۆ کۆتایی مانگی ئەیلوول ڕێککەوتنەکەمان تەواوکرد، دەبوایە ئێمە 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی سۆمۆ بکەین لە جەیهان. ئەوان دەیانفرۆشت و داهاتەکەش دەچووەوە نێو خەزێنەی عێراق کە تێیدا هەرێمی کوردستان پشکی هەیە.

ئەڵتونیتە: ئەی چی بەسەر پشکی تورکیا دێت؟

نێچیرڤان بارزانی: ئەوان هیچیان لەمەدا نییە، بەڵام بەشێوەیەکی بنچینەیی چی ڕوویدەدا ئەوەیە، ئێمە دەبوایە پارەی گواستنەوەمان بە تورکیا بدایە، نەوتەکەش هی عێراقە. گرنگ نییە کە لە کوێ دەرهێندراوە، ئەو 200 هەزار بەرمیلەش کە دەمایەوە، هی ئێمە بوو کە ئەمەش بۆ دابینکردنی پارەی کۆمپانیاکان و خزمەتگوزارییەکانیان و بەشێک لەو قەرزانەی کۆمپانیاکانە کە لامانە، بەڵام ئەم ڕێککەوتنە ئێستا لە حاڵەتی نادیاردایە و ئەم ناڕوونییەش دیارە کە باش نییە. ئەمە گوتراوە، وەک خۆشت ئاماژەت پێدا، لە ئاداری ساڵی ڕابردووەوە بەشێک لە مووچەی فەرمانبەران لەلایەن حکوومەتی ناوەند لە بەغداوە دەدرێت، نزیکەی 55% ئێمە مانگانە 380 ملیۆن دۆلار وەردەگرین، شتەکە بەم شێوەیەیە. ئەمە پارەی هەموو مووچە دابین ناکات، پارەی تەواوی مووچەی ئێمە بە ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە 700 ملیۆن دۆلارە لە مانگێکدا، 1.2 ملیۆن کەس لە حکوومەت مووچە وەردەگرن کە 700 هەزار کەسیان فەرمانبەری ڕاستەوخۆی حکوومەتن، پێشمەرگە، فەرمانبەرەکانی دیکە و هەتا دوایی. سەبارەت بە پرسیارەکەش لەبارەی گوشاری ئێران، پێمووانییە ئێران دەستوەردان لەمەدا بکات، چونکە ئێمە هەموومان عێراقین. ئەو شتانەی کە ڕێکخرابوون لەسەر ئاستێکی نیشتمانیدابوو، ئەمەش لەدوای گفتوگۆیەکی زۆر پێی گەیشتین.

ئەڵتونیتە: ئەی ئەدای سەرۆکوەزیرانی نوێ و کابینەکەی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ هەروەها ئەو ئامۆژگاری خۆشتە، بۆیە ڕەنگە زۆر پێڵایەنیش نەبی، بەڵام هەوڵێک بدە.

نێچیرڤان بارزانی: ئەگەر سەیری ئەدای حکوومەتەکانی ڕابردوو بکەی، ئێمە زۆرجار لە قەیرانی مۆدی بەڕێوەبردندابووین، هەبوونی ناکۆکی بودجە لەگەڵ بەغدا، دواتر داعش. لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا دەستکەوتی باش بەدەستهاتوون، هاوکات هەڵەش ئەنجامدراوە. حکوومەتی نوێ بە هەبوونی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ بەغدا و تێکۆشکاندنی داعش لەڕووی خاکییەوە ڕاگەیێندرا، بۆیە بەشێوەیەکی بەرفراوان دەستیکرد بە ئەنجامدانی پرۆسەی چاکسازی و جێبەجێکردنی چاکسازییەکان و هەوڵدەدات کاری باشتر بکات. پێمووایە سەرۆکوەزیران کارێکی زۆر باش دەکات، ئەو هاوسەنگییەکی زۆر باشی لە کابینەکەیدا هەیە، ڕاستگۆیانە بڵێم، ئەو کارێکی زۆر باش دەکات.

ئەڵتونیتە: بەڵام هێشتا وەزیری نەوت نییە؟

نێچیرڤان بارزانی: نیگەران مەبە، بەم نزیکانە وەزیرێکمان دەبێت.

ئەڵتونیتە: کێ دەبێت؟

نێچیرڤان بارزانی: ڕاستگۆیانە بڵێم، نازانم، بەڵام ئێستا سەرۆکوەزیران ڕۆڵی وەزیری نەوتیش دەبینێت.

ئەڵتونیتە: دوایین پرسیار، یەکێک لە ئاستەنگە هەرە گەورەکان کە زۆرجار لەلایەن پارتەکەی خۆشتەوە، پارتی دیموکراتی کوردستانەوە باس دەکرێت، نەبوونی سەرکردەیەکە لەنێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە ئێوە هێزی لەگەڵدا هاوبەشپێبکەن. ئێستا کێ لەنێو یەکێتی دەسەلاتی بەدەستەوەیە؟

نێچیرڤان بارزانی: ئەوان تازە کۆنگرەی پارتەکەیان ئەنجامداوە، سەرباری هەموو خەملاندنەکانیش سەرکەوتووبوون. ئەوان لیژنەیەکیان دروستکردووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکانیان، تاوەکو ئێستا ڕوون نییە کێ دەبێتە سەرکردەی ڕاستەقینەی پارتەکە.

ئەڵتونیتە: ئەو کەسە کێ دەبێت؟

نێچیرڤان بارزانی: پێمووایە بەرهەم دەبێت.

سەرچاوە: ڕووداو





مەکتەبی سیاسی 21ەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی Ktv پیرۆز دەکات

کوردستان تیڤی هەمیشە بڵنگۆی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازان بووە

بەڕێزان/ بەڕێوەبەری گشتی و کادیر و کارمەندانی کوردستان تیڤی..

ڕۆژی هەینی 2020/1/17 مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەبۆنەی 21 ساڵەی دەستبەکاربوونی کوردستان تیڤی پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێوەبەر و گشت کارمەندانی دەزگای سەتەلایتی کوردستان و بینەرانی کەنالەکە کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەبۆنەی 21هەمین ساڵیادی دامەزراندنی کەنالّی ئاسمانیی کوردستان تیڤی گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و بینەرانی ئازیزی کەنالّەکەتان دەکەین، هیوادارین وەک هەمیشە دڵسۆزانە و بەرپرسانە خزمەتی زیاتر بەو ڕەوشە سەقامگیرە و ئاسوودەیی و خواست و ویستی خەڵک بدەن.

کەنالّی ئاسمانی کوردستان، لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا، کە بە بڕیار و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆک بارزانی دامەزرا، دەسکەوتێکی دیکەی ئەو کاروانە پڕ بەخششەی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمانە، ئەم کەنالّە وەک یەکەمین کەنالّی ئاسمانیی توانیویەتی بە بەرنامەو پلانێکی ڕێکوپێک و بە پرۆسەیەکی خەمخۆرانە بێتە ناو گۆڕەپانەکە و بێ سڕەوتن هەنگاوی سوودبەخشانە بنێ و قۆناغێکی نوێ لە بواری میدیایی لە هەرێمی کوردستان بخاتەوە و بەرەو پێشەوەی ببات، هەروەها بەپێی ڕونگەیەکی پیشەوەرانەش مامەڵە لەگەڵ بابەت و هەواڵ و ڕووداوەکان بکات و بێ جیاوازی هەواڵ و ڕووداوەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ڕوومالّ بکات، بەمەش بێبەشە کەنالّی گشت هاونیشتمانیانی خۆشەویست و مایەی شانازی تەواوی بینەرانی بێت لەسەرتاسەری جیهاندا. ڕۆڵ و کاریگەری بواری میدیا لە هەموو هەلومەرجێکدا زۆر هەستیار و گرنگە بەتایبەتیش میدیای بینراو، دیارە لەو ڕووەوەش Ktv هەمیشە شانبەشانی کەنالّەکانی دیکە بە ئەرکی پیرۆزی خۆی هەستاوە و لە خزمەتی خواست و ویستی هاوواڵتیان و کێشە وگیروگرفتەکانیان دابووە، کە ئەمەش مایەی ڕێزو دەستخۆشیە.

کوردستان تیڤی لەو ماوەی تەمەنی کار و چالاکییەکانیدا هەمیشە بڵنگۆی ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازان بووە، هەروەها خاوەن سەنگ و پەیامی سیاسی و میدیایی جیا بووە، بەمەش مسداقیەتی خۆی پاراستووە و بەرجەستەکارێکی ڕاستەقینەی مافە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان بووە.

جارێکی دیکە وێڕای سوپاسگوزاری و دەستخۆشیمان پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ بەرەوپێشچوونی دەزگاکەتان وەک دامەزراوەیەکی میدیایی هاوچەرخ و پرۆفیشنااڵ دووپات دەکەینەوە و، ئومێدەوارین هەر لەپێشکەوتن و سەرکەوتندابن.

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2020/1/17

دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن 21ەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی Ktv پیرۆز دەکات

Ktv قۆناغێکی بەرچاو و دیاری لە بواری کاری میدیایی هێنایە ئاراوە

ڕۆژی هەینی 2020/1/17 دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەبۆنەی 21 ساڵەی دەستبەکاربوونی کوردستان تیڤی پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی بەڕێوەبەری گشتی و هەڤاڵانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن و تێکڕای کادیر و کارمەندانی کەنالّەکە کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزان/بەڕێوەبەری گشتی و هەڤاڵانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن و تێکڕای کادیر و کارمەندانی کوردستان تیڤی..

لە 21هەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی کەنالّی ئاسمانی کوردستان"Ktv" پڕ بەدڵ گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێزو ماندوونەناس و بینەرانی کەنالّەکەتان دەکەین و، ئومێدەوارین ئەو بۆنە پیرۆزە دەرفەتێک بێت بۆ هەنگاوی باشتر و پێشکەوتووتر لە کارەکانتان و پێشخستنی بواری جۆراوجۆرەکانی کار و بەرنامەکانتان.

کەنالّی ئاسمانی کوردستان، کە بەر لە 21 ساڵ بەسەرپەرشتی و ڕێنوێنی جەنابی سەرۆک بارزانی دامەزرا، قۆناغێکی بەرچاو و دیاری لە بواری کاری میدیایی هێنایە ئاراوە و بە پرۆژەیەکی پێشکەوتووی زانستی و تەکنیکیەوە دەستی بە پەخش کرد و مایەی خۆشحاڵیشە، کە ئەمڕۆ خاوەن پەیامێکی ڕەسەن و ڕاستگۆیانەیە و پێگەی شیاوی خۆی لەو بوارەدا گرتووە.

دامەزراندنی Ktv هەنگاوێکی گرنگ و گونجاو و بەسوود بوو بۆ تەواوی هاونیشتیمانیان و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و بڕەودانی زیاتر بە هەستی نەتەوەیی و بواری کوولتوری و ڕۆشنبیری و زمانەوانی و میدیایی.

ڕۆڵی میدیا بە گشتی و کەنالّە ئاسمانیەکان بەتایبەتی لەو سەردەمەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و شۆڕشی زانیاریی و تەکنیکی پەیوەندیکردندا زۆر بایەخدارە، بۆیە ئەرکی ئێوە و گشت کەنالّەکانی دیکەی میدیاییە بەوپەڕی ڕاستگۆیی و بابەتیانە و خەمخۆرنە لە ئاست ئەو بەرپرسیارەتیەو ڕەوشەکە دابن بۆ چارەکردنی کەموکوڕییەکان و قوواڵکردنەوەی گیانی برایەتی و تەبایی و یەکڕیزیی لە کوردستاندا.

بەو بۆنەیەوە وێڕای پیرۆزباییمان، پاڵپشتی تەواوی خۆمان بۆ کەنالّی ئاسمانی کوردستان"Ktv" دووپات دەکەینەوە و بۆ ساڵی داهاتوو هیوای پێشکەوتن و سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازین.

دووبارە پیرۆز بێت 21هەمین ساڵیادی دامەزراندنی کەنالّی کوردستان..

دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2020/1/17

راگەیەندراوێک

لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێرەوە

دوای ئەوەی یەکێک لە زیندانیانی گرتووخانەیەکی شاری هەولێر لەناو زیندان کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا و لە بەشێک لە راگەیاندنەکان ئەو بابەتە بە شێوازێکی دیکە باس کرابوو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە. ئەمەش دەقی راگەیەندراوەکەیە:

دوابەدوای دەستبەسەرداگرتنی بڕی 60 کیلۆگرام مادەی هۆشبەر لەلایەن مەفرەزەیەکی ئاسایشەوە و وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەوەی کە خاوەندارییەتی مادەکە دەگەڕێتەوە بۆ هاوڵاتی (مەجید برایم عەبدوڵڵا)، ڕەزامەندی بەڕێز دادوەر وەرگیرا بۆ دەستگیرکردن و پشکنینی ماڵی ناوبراو لە گوندی سیساوەی سەر بە شارۆچکەی هەریر.

لەکاتی دەستگیرکردن و پشکنینی ماڵی ناوبراو لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە و بە ئامادەبوونی ئەندامانی خێزانەکەی، کەسێکی دیکە لەسەر هەمان دۆسییە دەستگیرکرا و بڕێکی دیکەی مادەی هۆشبەر دەستی بەسەرداگیرا.

بەداخەوە لە ڕۆژی 2020/1/16 ناوبراو لەناو بەندیخانە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

دوای ئاگادارکردنی بەڕێز دادوەر، تەرمی ناوبراو ڕەوانەی پزیشکی دادی هەولێر کرا.

شایانی باسە تەواوی بەڵگەنامەکان لەسەر ئەم دۆسییە و ڕێکارە یاساییەکان بەردەستن.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش - هەولێر

2020/1/16

ڕوونکردنەوەیەک لە د.هاوڕێ دڵزار عەبدوڵڕەحمان پزیشکی پسپۆری دادوەری هەولێر بۆ سۆران عومەر:

تۆ بە چ مافێک لە جیاتی پزیشکی دادوەری بڕیارت داوە؟

دەبووا چاوەڕێی ئەنجامی لیکۆڵینەوە بیت ئینجا قسەی خۆت بکەی!

د.هاوڕێ دڵزار عەبدوڵڕەحمان پزیشکی پسپۆری دادوەریی هەولێر، لە ڕوونکردنەوەیەکدا وەڵامی چەند قسەیەکی سۆران عومەری پەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی دەداتەوە و ڕایدەگەیەنێت "جەنابت دەبوو پێش ئەوەی قسەی لەم جۆرە بکەیت، چاوەڕێی ئەنجامی لیکۆڵینەوە بیت ئینجا قسەی خۆت بکەیت، چونکە من وەک پزیشکی لێپرسراو تا ئەم ساتە هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوەم نەداوەو هەر وتەیەکی تر بکرێت لە لایەن جەنابت یان کەسێکی تر، ئەوا دەبێت ڕووبەڕووی یاسا بکرێتەوە". ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

بەڕێز کاکی ئەندام پەرلەمان جەنابت نوێنەرایەتی کۆمەڵگەیەک دەکەی کە کۆمەڵگە متمانەی بە قسەکانی جەنابتە. کاک سۆران تۆ بە چ مافێک لە جیاتی پزیشکی دادوەری بڕیارت داوە؟ لە کاتێکدا هێشتا خۆم کە لێپرسراوی کەیسەکەم لەگەڵ "بەڕێوەبەری پەیمانگە و لیژنەی تایبەت" هیچ بڕیارێکمان نەداوە سەبارەت بەو کەیسە، چونکە حاڵەتی لەم جۆرە پێویستیی بە لیکۆڵینەوەی زانستی دروست و بنەمادار هەیە، تاوەکو بتوانین وەک پزیشک ئەوەو بەرپرسیاریەتییە گەورەی لەسەر شانمانە بە ڕاستی و دروستی بیکەین. من دڵنیام لەوەی قسەکانت تێڕوانینی تایبەتی خۆتەو تۆ بەمە پێش هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان کەوتووبیت، لە کاتێکدا جەنابت دەبوو پێش ئەوەی قسەی لەم جۆرە بکەیت، چاوەڕێی ئەنجامی لیکۆڵینەوە بیت ئینجا قسەی خۆت بکەیت، چونکە من وەک پزیشکی لێپرسراو تا ئەم ساتە هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوەم نەداوەو هەر وتەیەکی تر بکرێت لە لایەن جەنابت یان کەسێکی تر، ئەوا دەبێت ڕووبەڕووی یاسا بکرێتەوە، چونکە ئەوە بەڵاڕێبردنی ڕای گشتی و خەڵکە. بۆیە ئەوەی ئێستا جەنابت نووسیوتە دەبێت ڕووبەڕووی دادگا بکرێیەوە، داوا لە وەزیری تەندروستی و دادگا دەکەم لێپرسینەوەت لەگەڵ بکرێت لەسەر وتەکانت کە تەشهیرکردنە بەکاری پزیشکی دادوەری، کە ئێمە وەک پزیشک و کارمەند بەوپەڕی دڵسۆزی و ئەمانەتەوە کاری خۆمان جێبەجێ دەکەین و پێویست ناکات خەڵک هان بدەیت لە دەزگایەکی تەندروستی هەستیار و متمانەی خەڵک نەمێنێت پێمان.

جەنابت وەک ئەندام پەرلەمان دەتوانی سەردانی پزیشکی دادوەری بکەیت و بەچاوی خۆت ببینی، نەک لەپشت لاپتۆپەکەت و فەیسبووک قسەی ناحەق لە دژمان هەڵببەستیت. بۆیە چاوەڕێی ئەوە دەکەین کە جەنابت داوای لێبوردن بکەیت و دەستخۆشی لە بەڕێوەبەر و کارمەند و پزیشکانی پەیانگەی پزیشکی هەولێر و سلێمانی بکەیت کە هەمیشە وەک سەربازی ون کاردەکەین لە ناخۆشترین ڕۆژە تاڵەکانی ئەم میللەتە.

واشنتۆن سزا بەسەر بەرپرسێکی سوپای پاسدارانی ئێراندا دەسەپێنێت



نێردەی تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ئێران، براین هوک سەپاندنی سزای بەسەر بەرپرسێکی سەربازیی ئێرانی ڕاگەیاند کە ڕۆڵی هەبووە لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە میانی خۆپیشاندانەکانی تاران و شارەکانی دیکەی ئێران کە لە مانگی تشرینی دووەمی ڕابردووەوە لەو وڵاتە بەڕێوەدەچێت. براین هوک لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا کە لە باڵەخانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە واشنتۆن ئەنجامیدا ڕایگەیاند، ئەفسەر لە سوپای پاسدارانی ئێران، عەمید حەسەن شافارپور خراوەتە لیستی سزاکانی ئەمەریکا و قەدەغەکردنی پێدانی ڤیزای بەسەردا سەپێنراوە. بەپێی تۆڕی هەواڵی CNNی ئەمەریکی، براین هوک ئەوەیشی ڕوونکردووەتەوە کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە بڕیارەکەیدا بۆ سەپاندنی سزا بەسەر بەرپرسانی ئێرانی پشتی بەو زانیارییانە بەستووە کە لە ڕێگەی نامەوە لە لایەن ئێرانییەکانەوە لەبارەی خۆپیشاندانەکانەوە پێیان گەیشتووە، و ئەوەیشی گوت کە وەزارەتەکەی زیاتر لە 88 هەزار نامەی پێگەیشتووە.

پێشتر وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ داوای لە خۆپیشاندەران لە ئێران کردبوو کە پێشێلکارییەکانی ڕژێم دژ بە خۆپیشاندەران دۆکیۆمێنت بکەن و لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ناردنی نامە ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکای بکەن.

21 ساڵ کوردستان تیڤی یاخود زیاتر



ساسان دەروێش-هۆڵەندا:

بۆ وەڵامدانەوەی ئەوەی کوردستان تیڤی 21 مۆمی لە تەمەنی داگیرساند، یاخود زیاتر لەو میژووە ئەم ناوە پیرۆزە هەیە و کار دەکات وەک یەکەم کەناڵی ئاسمانیی دایک؟ دەبێت کەمێک بگەڕێینەوە بۆ میژووی نزیکمان بۆ وەدەستخستنی وەڵامەکەی، کە زۆرینەمان ئاشنای میژووی پارتی دیموکراتی کوردستانین، کە وەک پارتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و هەڵقوڵاوی نێو جەماوەرەکەی بووە وەک پارێزەری ڕاستەقینەی کوردستان دژ بەداگیرکارانی کوردستان و چەواشەکاران کە ویستویانە خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد و دۆزە ڕەواکەی بەلاڕێگادا بەرن و ناو و ناوەتۆزەی دوابخەن و بوونی کورد بسڕنەوە، هەر لەو سۆنگەیەشەوە پارتی دیموکراتی کوردستان لەدایکبوو لەسەر دەستی باوکی ڕۆحی کورد بارزانیی نەمر و لەپاڵ هەڵگیرسانی شۆڕشەکەی، هەوڵەکانی خۆی یەک دەخات بۆ دامەزراندنی میدیایەک کە لە خزمەتی هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان بێت لەبەرگریکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستان بۆ ئەو مەبەستەش لە هەمبو قۆناغە جیاوازەکانی شۆڕش چ لە شاخ بووبێت یاخود شار دەرفەتی بۆ گونجابێت بە تایبەتی لە کاتی دانوستانەکاندا، پێشەنگ بووە بۆ بڕەودان بە بزاڤی ڕۆشنبیری و چاپەمەنییەکان و دەستپێشخەر بووە بۆ بڵاوکراوەکان هەر لە ڕۆژنامەی خەبات وەک ئۆرگانی پارتی و ڕۆژنامەی ڕۆژانەی برایەتی و گۆڤار و پەرتووک لە کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی بەشی شێری بەردەکەوێت.

لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991ی جەماوەری گەلی کوردستان بەهەمان شێوە پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرپەرشتیی سەرۆک مەسعود بارزانی لە دوای سەرلەنوێ بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکانی برایەتی و خەبات و بیری لە دامەزراندنی دەزگایەکی ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنی ناخۆی کردەوە بەناوی کوردستان تیڤی کە بەیتە دەنگ و ڕەنگی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و پاراستنی دەسکەوتەکانیان بۆ ئەو مەبەستەش لە دهۆک و سلێمانی و هەولێر، کوردستان تیڤی پەخشی بەرنامە و هەواڵەکانی خۆی کرد و دواتر بووە سەکۆیەک بۆ هەڵبژاردن و پەرلەمان و حکوومەت، زۆر لە کەسانی دڵسۆز و سەربازئاسای ون، کاریان تێدا کرد، بەداخەوە ئەم هەوڵە لە سلێمانی زۆری نەخایاند، بەهۆی شەڕی نیوخۆی لەباربراو و گواستراوەوە بۆ هەڵەبجەی شەهید و بووە دەنگی پێشمەرگە و بەرگریکردن لە سەروەری خاکی هەرێمی کوردستان و دووبارە نەگەڕاندنەوەی بۆ ژێردەستی ڕژێمی بەعس و بە هەمان شێوەش کوردستان تیڤی شاری هەولێر لە پیرمام بوو کوردستان تیڤی شاری دهۆکیش لە جێگای خۆی مایەوە، کە لەوکات و ساتەدا دوژمنانی کورد و کوردستان لە چەواشەکاری و هەواڵی نادروست دژ بە کورد و کوردستان و خۆشکردنی ئاگری شەڕی نێوخۆی کورد بەردەوامبوون، لە دوای ڕەوینەوەی هەوری شەڕی ناکۆکی لە هەرێمی کوردستان و سەقامگیری و سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و پێشکەوتنەکانی، وەک یەکەم تیڤی دایک و کوردستان تیڤی بەدەستپێشخەری سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا لە ڕۆژی 17ی کانوونی دووەم ساڵی 1999 وەک یەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردستانی لەناو خاکی کوردستان دەستی بە پەخشی ڕاستەوخۆ کرد وەک پێویستییەکی ئەو قۆناغەی ڕاگەیاندنی کوردستان بووە دەنگ و ڕەنگی دۆزی کوردستان و خستنەبەرچاوی جیهان و پابەندبوون بە بنەماکانی کاری میدیاکاری لە کوردستان خەرمانێک لە کاری جوان لەپێناوی هۆشیاری نەتەوەیی و نیشاندنی ڕووی جوانیی کورد و شارستانییەتی و سەروەرییەکانی لە 21 ساڵدا نیشانی جیهاندا و هەر بەمەش نەوەستا لە نێوانی ئەڵمانیا و هۆڵەندا پردێکی لە نێوان کوردستان و تاراوگە دروستکرد بەدامەزراندنی ستۆدیۆیەک، دەکرێ بڵێین 21 ساڵ، نەخێر بەڵکو 21 ساڵ بووە میراتگری یەکەم کەناڵی ناخۆی هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 دەکرێت لەم یادە پیرۆزەدا وەک پێشنیار بۆ نووسەران و ڕۆشنبیران و میژوونووسانی کورد و بەئاگا لە میژووی کوردستان تیڤی لەدوای ڕاپەڕینەوە هەڵستن بە ئەرکی خۆیان بۆ نووسینەوەی ئەو میژووە پڕ سەروەرییەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک مەسعود بارزانی تۆماری کرد بۆ خەڵکی کوردستان، لەشکرێک لە گەنج و کادیرانی دڵسۆزی پارتی و هەڵگرانی ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر شەونخونی و کاری بەردەوامیان کرد لەم دەزگایانەدا، وەک سەرباز و پێشمەرگەی نەناسراو ئەرک و ماندووبوونیان بنسوریتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوومان، وەک یەک دیاری و دەستپێشخەری سەرۆک بارزانیش وەک چاومان بیپارێزن کوردستان تیڤی وەک ناوێکی خۆشەویست و لەبیرنەکراوی نێومااڵەکانمان، من بۆ خۆم لە ستۆدیۆی ئەڵمانیا خۆم و منداڵەکانم گوڵان خان و کاکە نێچیروان زۆر یادگاری و بیری خۆشمان هەیە کە هەمیشە یادیان دەکەینەوە کە ساڵانە خەلیل سنجاری بەرپرس و سەرپەرشتیار ئەو یادەی بە کۆمەڵێک چالاکی هەمەڕەنگ یاد دەکردەوە و بۆ خۆشم چەند جارێک شەڕەفی ئەوەیێ بەخشراوە کە لە هەندێ هەواڵ و ڕیپۆرتاژ بەشداربم.

سەرۆکی لیژنەی یاسایی:

یاسا ڕێگر نییە متمانە بە حکوومەتی عادل عەبدولمەهدی بدرێتەوە

تا ئێستا هیچ کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران دیاری نەکراوە



لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەنگۆی متمانەدان بە حکوومەتی ئێستای عێراق، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد، لە ڕووی یاساییەوە هیچ گرفتێک نییە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە عادل عەبدولمەهدی بببێتەوە بە سەرۆکوەزیرانی عێراق. ڕێبوار هادی، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق، بە مااڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: لە ڕووی یاساییەوە هیچ کێشەیەک نییە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە متمانە بە حکوومەتی ئێستای عێراق بدرێتەوە، چونکە بە گوێرەی ماددەی 76ی دەستووری عێراق، ئەگەر سەرۆککۆمار پێشنیاز بکات و لەلایەن کۆتلە گەورەکانی نێو پەرلەمانەوە پشتگیری بکرێت، ئاساییە دووبارە متمانە بە حکوومەتی ئێستای عێراق بدرێتەوە. ڕێبوار هادی ئەوەشی گوتووە: بەدەر لەلایەنی یاسایی، من بە دووری دەزانم متمانە بە حکوومەت و سەرۆکوەزیران عادل عەبدولمەهدی بدرێتەوە، چونکە ڕەوشی عێراق و بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانەکان، ئاستەنگن لە بەردەم یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆکوەزیرانی عێراقدا.

سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە: تا ئێستا هیچ کاندیدێک بۆ پۆستی سەرۆکوەزیران دیاری نەکراوە، بەڵام ناچار هەر دەبێ سەرۆکوەزیرانێکی دیکە بۆ عێراق دیاری بکرێت، سەرەڕای ئاستەنگەکانیش، هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی نوێی حکوومەت بەردەوامن.

سعوودیە 500 ملیۆن دۆلار دەداتە واشنتۆن

سعوودیە بەمەبەستی دابینکردنی خەرجیی ئەو سەربازانەی سوپای ئەمەریکا کە لە وڵاتەکەی لە ئەرکدان، 500 ملیۆن دۆلاری دایە واشنتۆن. لە هەواڵێکی کەناڵی سی ئێن ئێندا، کە پشتی بە زانیارییەکانی کاربەدەستێکی ئەمەریکی بەستووە، ئاماژە بەوەکراوە پارەکە مانگی کانوونی یەکەمی ڕابردوو دراوە بە واشنتۆن.

لەوبارەیەوە گوتەبێژی پنتاگۆن، ڕێبێکا ڕێباریچ، ڕایگەیاند: سەرۆک ترەمپ لە چوارچێوەی بەرزکردنەوەی ئاستی بەشکردنی بەرپرسیارێتیی هاوبەشدا، سعوودیەی هێنایە نێو بازنەی بەشکردنی خەرجییەکانی یەکە سەربازییەکانمان کە ڕێگریی لە کاری دوژمنانە و هێرشکارانە و پشتیوانیی لە ئاسایشی ناوچەکە دەکەن. حکوومەتی سعوودیە لەو چوارچێوەیەدا بە یەکەم چالاکی خۆی هەستاوە.

لە هەواڵەکەدا باس لەوەکراوە، لەدوای هێرشەکانی ئەیلوولی 2019 کە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئەنجامدرا و بانگەشەی ئەوە دەکرا ئێران لە پشتیانەوە بێت، هەزاران سەربازی دیکەی ئەمەریکا لەپێناو پاراستنی وێستگەکانی نەوتدا ڕەوانەی سعوودیە کراون و لە دەوروبەری وێستگەکانی نەوت، سیستمی بەرگریی ئاسمانییان جێگیرکردووە.

ئاماژە بەوەشدەکرێت کۆبوونەوە دووقۆڵییەکانی نێوان واشنتۆن و ریاز دەرێژەیان هەیە لەبارەی وردەکارییەکانی ئەوەی کام خەرجییانەی سەربازە ئەمەریکییەکان لەلایەن سعوودیەوە دەدرێت و هەروەها بە خەرجیی پشتیوانییەکانی ئەمەریکا لە سعوودیە لە جەنگی یەمەندا، ریاز بڕی چەند قەرزاری ئەمەریکایە. جێی باسە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ لە میانی چاوپێکەوتنێکی هەفتەی ڕابردوودیدا لەگەڵ کەناڵی فۆکس نیوز، ئاماژەی بەوەکردبوو سعوودیە بڕی ملیارێک دۆلاری لە بانک داناوە بۆ ئەو خەرجییانە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر: ٧ تیرۆریست دەستگیر کران



بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر ڕایگەیاند، حەوت تیرۆریست دەستگیر کراون.

بەڕێوەبەرایەتییەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، ئەو تیرۆریستانە ئەندامی ڕێکخراوی داعش بوون و لە ماوەی ڕابردوودا چەند هێرشێکی تیرۆریستییان ئەنجامداوە.

بەیاننامەکە ئاماژەی بەوەشدا، ئەو تیرۆریستانە ئەندامی تیمێکی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی داعش بوون و ئەرکی ئەوان بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ و وێنەی تیرۆریستی بووە.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر: ٧ تیرۆریست دەستگیر کران

بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێر ڕایگەیاند، حەوت تیرۆریست دەستگیر کراون.

بەیاننامەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، ئەو تیرۆریستانە ئەندامی ڕێکخراوی داعش بوون و لە ماوەی ڕابردوودا چەند هێرشێکی تیرۆریستییان ئەنجامداو

www.xebat.net
یەک شەمە 2020/1/19 ژمارە (5913)
خەبات



بەکر کەریم حەسەن*

پەروەردە و متمانە بەخشین بە قوتابی

نووسەر و شاعیری بەریتانی سمویل جوسنۆن دەڵێ: (متمانە بەخۆبوون یەکەم پێداویستییە بۆ ئەنجامدانی ئیشی گەورە و شکۆمەند).

واتە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێکی گرنگ پێویستە سەرەتا متمانەمان بەخۆمان هەبێت، شک لەوە دانییە کە قوتابخانە بەردەوام رۆڵی سەرەکی و کاریگەری هەیە لەسەر پەروەردەکردنی متمانە بەخۆبوون، قوتابخانە دەتوانێ بەردەوام سوپایەک لە قوتابی متمانە پێکراو و متمانە بەخۆ بوو بهێنێتە بەرهەم ئەویش پاڵپشت بە مامۆستای دڵسۆز و بوێر، پڕۆگرامی زیندوو، ژینگەی لە باری فێرکردن، لەگەڵ کۆمەڵێ چالاکی لە ناو پۆل و دەرەوەی پۆل.

لە قوتابخانە مامۆستا وانە بە قوتابی دەڵێت و پەروەردەی دەکات و راستەوخۆ هاوکێشەی قوتابی و مامۆستا هاوسەنگی هەرە گرنگی کۆمەڵگەیە، چونکە مامۆستا رۆڵی سەرەکی و گرنگی هەیە لە پێدانی متمانە بە قوتابی، چونکە ، هەڵس و کەوتی رۆژانەی مامۆستا لەگەڵ قوتابی کاریگەری یەکلاکەرەوەیە لەسەر متمانە بەخشین بە قوتابی، چونکە مامۆستا دەتوانی ڕەفتار و کردار و گوفتاری قوتابی بەهێز و پتەوبکات، وە بیرکردنەوە و هزری تۆکمەی بۆ دروست بکات، ئەوەی کار و ڕەفتاری جوان و قەشەنگە لە ناخی قوتابی بچێنێ و پەرەی پێ بدات. مامۆستای بەهێز و دڵسۆز، قوتابی بەهێز و دڵسۆز بنیات دەنێت، مامۆستای دوو دڵ و ڕاڕاش، قوتابی ڕاڕا و دوو دڵ بەرهەم دەهێنێت، بۆیە گرنگە هەردەم مامۆستا متمانە بداتە قوتابی لە سەر چۆنیەتی باس کردنی وانە و بابەت، قوتابی بەشداری پێ بکات و بییجولێنێ و بەکردار پراکتیزەی بابەت بە قوتابیان بکات، بەردەوام گفتوگۆ و ووتوێژ بە قوتابیان بکات تا بتوانن بەشداری بکەن، بۆیە ئەو مامۆستایەی بەردەوام قوتابییەکانی بەشداری پێ دەکات و هیچیان پەراوێز ناخات، ئەوا متمانە دەدات بە قوتابییەکانی و بەردەوام گروپێکی بەهێز دروست دەکات، جگە لەوەش زمانی گوتاری مامۆستا بەرامبەر بە قوتابییەکانی کاریگەری هەیە لەسەر متمانەی قوتابی، چونکە گەر زمانی پیشەیی مامۆستا ئەرێنی بوو بەرامبەربە قوتابییەکان و دوور بوو لە دەربڕینی لۆمەکردن و گلەیی کردن و شکانەوە و بڕیندار کردنی قوتابییەکان، ئەوا متمانەی زیاتر دەدات بە قوتابی و کەسایەتی بەهێز دەبێت، بۆیە پێویستە زمانی پیشەیی لە نێوان کارگێڕی و قوتابیان یان لە نێوان مامۆستاکان خۆیان و یانیش مامۆستایان و قوتابیان بەردەوام زمانی ئەرێنی و پەروەردەیی بێت، چونکە کاریگەری ڕاستەوخۆ دروست دەکات لە سەر متمانە بەخشین بە قوتابییەکان و بەهێزکردنی کەسایەتیان، هەروەها بوونی پڕۆگرامی باش و پەروەردەیی کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر متمانە بەخشین بە قوتابییەکان، بۆیە پێویستە لە کاتی دارشتن و دیزاینین و دانانی پڕۆگرامەکان بە شێوەیەک بێت کەوا متمانە بەخش بێت بۆ قوتابی لە دەقەکان لە بابەتەکان لە ووشە و چیرۆکەکان هەمووی بابەتی متمانە بەخشین بێت بە قوتابی، چونکە ئەو پڕۆگرامانە ڕاستەوخۆ قوتابی دەیانخوێنێت و هەندێکیشیان لە شێوەی چالاکی ناو پۆل و دەرەوەی پۆل پراکتیزە دەکرێن، لە بیرمان نەچێت ژینگەی فێرکردنیش کاریگەری دەبێت لەسەر متمانە بەخۆبوون، بۆ نموونە گەر دیواری قوتابخانەکان بە رستە و ووشەی پەروەردەیی متمانە بەخشین بێت یان تابلۆ و وێنە سەر تاپای قوتابخانەکەی ڕازاندبێتەوە و گوزارشت بکەن لە لایەنی پەروەردەیی و پێدانی متمانە بە قوتابی و ڕێزگرتن و بنیاتنانی قوتابی لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەوا بێگومان کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لە سەر بنیاتنانی قوتابییەکی متمانە پێدراو. لە بیرمان نەچێت فەیلەسوف و شاعیری ئەمریکی ڕالف والدو ئیمرسۆن دەڵێ: (متمانە بەخۆبوون بریتییە لە گیانی پاڵەوانیەتی).

*** بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر.**



هەوڵێک بۆ سنووردارى هەڵەکان



2

فەرهاد قادر ئۆمەر

وەک دەزانن گەلێ جار بەڕێوبەرە تازەکان لەسەرجەم فەرمانگەکان بەگشتی وقوتابخانەکان بەتایبەتی هەر کە بەپیارێکی کتوپڕ دەبنە بەڕێوبەر، ڕەنگە لەسەرەتادا بەسادەو ساکاری لەکارەکەی دەڕوانێ وپێی وابێت کە ڕێزلێنانەو پێگەیەکی تەشریفیەو بۆتە پێشەنگ وبەرپرسی کاروانێک کە بەگوڵ هەرشرێژ کراوە، گەر تەنگوچەڵەمەو گرفتێکیش هاتە پێش ئەوا شۆفەڵ ئاسا لەماوەی کەمتر لەخواردنەوەی قاوەیەک ڕایدەماڵن وچارەسەری دەدۆزنەوە، بەڵام کە دێنە مەیدانی کارەوە کارەکتەرێکی سەرکەوتوو نابن لەنووسینەوەی چیرۆکی ژیانی ئیدارەدان بەئەرکی گشتی بەهۆی زۆری گرفت وکێشە کەڵکەبووەکان لەلایەک وبێ بەرنامەیی وبێنەخشەیی خودی بەڕێوبەرەکە لەکارەکانیاندا..

هەڵەی بەڕێوبەر

بەڕێوبەرێکی کەم ئەزموون لەلایەک وبێنەخشەیی لەکاروپیشەدا هەر زوو لەنێو کۆڕی کارو فەرماندا دووچاری کێشەو گرفت دەبێتەوە بەوەی بڕیارەکانی ڕاست ودروست نابن وداوەڕیشی تیادا نابێ.. بۆ نا..؟

ڕاستیان فەرموە کە گوتوویانە: (کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو)، جاران وانەیەک هەبوو لەپۆلی دووی سەرەتایی دەخوێنرا کە دەیگوت: " نان بۆ نانەوا ، گۆشت بۆ قەساب "، ڕەنگە ئەو گوتەیە لێرەدا تەواوی مەبەستەکانی ئێمە بپێکێ.. با زۆر لەبابەت دەرنەچین وپەل وپۆ بهاوێژین بەجۆرێک بۆمان کۆنەکرێتەوە، ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەی کە تاڕادەیەک ڕەنگە ئەو تاوانبارکردنانە ڕاست بن، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئەوانیش مرۆڤن، شتێکی ئەستەم نییە هەندێ جار لەکات وساتی زۆر هەستیارو سەختدا بەبێ خواستی خۆت توشی هەڵە بیت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگە مەدە هەڵەکان ڕوونەاکی ئەو مۆمە بکوژێنێتەوە کە نەتوانیت بە هەڵەکانتدا بچیتەوە، لەهەلومەرجێکی ئەوهادا کە نەتوانین هەڵەکان ڕاست بکەینەوە، پارسەنگەکە بەلایەکدا دەکەوێت وکاریگەری خراپ لەسەر فەرمانگەکە جێ دەهێلێت..

ئەوە گەر دامودەزگاکە پەروەردەیی نەبێت، بەڵام گەر دەزگاکە پەروەردەیی بوو، ئەوا کاریگەریەکە دژوارتر ئەبێ.. هەر بۆیە لەناوەندەکانی خوێندن ودامودەزگا پەروەردەییەکان دەمەتەقێ وقسەو باس هەمیشە لەسەر ڕۆڵی بەڕێوبەرەکانەو بەردەوام سەرقاڵی گەڕانن بەدوای دۆزینەوەی یاساو ڕێسای تۆکمە بەمەبەستی ڕێگری کردن لەهەڵەکانیان. لێرەدا دەتوانم بڵێم کاری بەڕێوبەرەکان تائێستا کەتۆتە ژێر یاساو ڕێسایەکی باوی لەسەر کۆک بووی دەزگا پەروەردەییەکان.. بەپێی ئەو یاساو ڕێسایانە بەڕێوبەر، بەتایبەتی بەڕێوبەرانی قوتابخانە نموونەییەکان دەکەونە ژێر کۆمەڵێک مواسەفات ومەرج بەر لەوەی ئەو ئەرکە هەستیارە بگرنە ئەستۆ. لەو بارەیەوە بەڕێوبەرێکی سەرکەوتووی خانەنیش کە چەندان ساڵ بەڕێوبەر بووە لەزۆر لەقوتابخانەکان دەڵێ:" پێویستە بەڕێوبەری قوتابخانەکان لایەنی کەم خاوەن کۆپەڵەیەک سیفەت وڕەوشتی بنچینەیی بێت، تاوەکو لەکارەکەی سەرکەوتوو بێ، لەوانە

1- پاک وخاوێن، بێخەوش ولەکەدار نەبێ لەڕووی پیشەییەوە .

2- خاوەن پلان ونەخشەڕێگەیەکی پتەو بێت لەڕاپەڕاندنی کارەکانیدا .

3- بەپێی توانا ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێ وکەمتەرخەم نەبێ .

4- هەمیشە بەڕاوێژ لەگەڵ دەستەی کارگێڕی قوتابخانەو گەر کرا دەستەی مامۆستایانیش بەشدار بن لەجێبەجێ کردنی کارەکانی وخۆی دوور بگرێت لەتاکڕەوی بڕیارەکان .

5- لەبڕیاردان بوێرو چاونەترس بێ.

6- بیرتیژی وبەهرەمەندی لەرووی پیشەییەوە.

7- وردەکاری وزانیاری تەواوی دەربارەی یاساو ڕێساکانی ستاندارەی پیشەی پەروەردەیی هەبێ.

8- هەمیشە ڕووخۆش وخاوەن سەلیقەی جوان بێ.

9- لەکاتی تەنگ وچەڵەمەو گرفتدا پیاوی فریاکەوتن وفریادڕەس بێت.

10- پێشەنگ وچاوساغ بێ لەپەیڕەوی ڕێنماپەروەردەییەکان.

11- چاوەڕوانی سوپاس وپێزانین نەکات بەرامبەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی،نەبێتە بەندەو دیلی پاداشت .

12- لەئیدارەدان بە کارەکانیدا، هەمیشە خاوەنی دەستێکی سپی بێت ومۆم ئاسا پێشەنگ بێ لەهاوکاری لەبازنەی کارەکەیدا.

جگە لەوانەش پێداویستی زۆر گرنگی دیکەش هەن وەک فاکتەری سەرەکی، پێویستە لەخودی بەڕێوبەردا هەبێ لەپێناو سەرکەوتنی کاری پەروەردەیی لەگۆڕەپانی کاردا، لەوانەش: لەش سووکی، گورجوگۆڵی وچوست وچالاکی لەڕاپەڕاندنی کارەکاندا، توانای گشتی جەستەیی وشێوازی بەڕێوەبردنی کارەکان.

لەکۆتاییدا ماوە بڵێین، لەگەڵ ئەوەشدا کە وەزارەتی پەروەردە هەندێ ڕێکاری دەگرێتەبەر لەهەڵبژاردنی بەڕێوبەر بۆ قوتابخانەکان، کەچی هێشتا کێشەوگرفتەکانی هەڵەی بەڕێوبەرەکان ئاستەنگی گەورەن لەبەردەم ڕێڕەوی پەروەردەو فێرکردن.

کاریگەری بەنازکردنی منداڵان لەسەر پەروەردەو کەسایەتی دواڕۆژیان لە نێو کۆمەڵگادا





مسلم دۆڵەمەری

دایک و باوک بۆ سەرکەوتن و فێربوونی منداڵەکانییان پێویستە پاڵپشتی مامۆستایان بن نەک منداڵەکەیان ، چونکە لە ئەگەری پشتگیری کردنی منداڵەکە، بەدڵنیایەوە سوکایەتی بە مامۆستا دەکات و ڕێزی ناگرێت و خوێندنەکەی پشتگوێ دەخات.

هەموومان دەزانین کەمنداڵ بناغەو بنچینەودینامۆی سوریانەرو پێشخەری هەرکۆمەڵگایەکن لەگشت ڕوبەکەوە بۆیەهەمیشە گشت گەلانی جیهان جەختیان لەسەر باشترین ڕێگاکردوە بۆیەڕوەردەکردنی منداڵان لەگشت ڕوبەڕوەردەکردنی منداڵان لەهۆکارێکی نەرێنی وترسناک دەکەم لەسەر ژیان وکەسایەتی منداڵان لە نێو پەروەردەی خێزاندا کەئەویش (بەنازکردنی منداڵ)یان (بەنازی کردنی منداڵ) لەنێو هەندێ خێزاندا زۆرکەس وابیر دەکەن بەتایبەتی ئەوانەی کەسەرەتای پێک هێنانی خێزانیانەو سەرەتای پەیدابوونی منداڵی یەکەمیانە کەدەبێت هەرچی منداڵەکەیان بیەوێت بۆی دابین بکەن یان بۆی جێ بەجێ بکەی ,لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە کەنابێت داواکاری منداڵەکەت جێ بەجێ بکەی نەخێر، بەپێچەوانەوە زۆربش پێویستە داواکاری منداڵەکانمان جێ بەجێ بکەین بەڵام ئەویش بەشێوەیەکی یاسای خۆیو لەچوار چێوەی دەسەڵاتی خێزانی لەگشت بواریکدا بەتایبەتی لایەنی (مادی)، چونکە زۆرجار تەماشا دەکەین کەهەندێ لەدایک وباوکان هەرچی منداڵەکەیان بیەوێت ئەگەر بەقەرزیش بێت بۆی دابین دەکەن ئەگەر لەرادەی خۆشیان زۆر بەدەر بێت وە پاش پەیدابوونی منداڵی دووەم وسێیەم کەناتوانن یان هەستی جارانیان بەرامبەر بەم منداڵە کەم دەبێت یان ناتوانن وەکو جاران داواکاریەکانی جێ بەجێ بکەن هەمیشە لەگەڵ داواکاریەکانی منداڵەکە توشی گرفت دەبن ، چونکە منداڵەکە هەرگیز بیر لەوەناکاتەوە کە خوشک وبرای هەیە یان دایک وباوکی توانای جێ بەجێ کردنی داواکاریەکانیان نیە بەڵکو تەنها بیر لەداخوازیەکان و جێ بەجێ کردنی داواکاریەکانی خۆی دەکاتەوە بەمەش توشی گرفتی دەرونی وبێزاری لەدایک وبا وکی وهەتا خوشک وبراکانیشی دەکەت وەگوێ ڕایەڵی مالەوەی ناکات بەلکو زۆر جار توشی کاری ناپەسەندیش دەبن لەدەرەوەی مالیان، بەمەش منداڵەکە کەسایەتی وژیانی لەنێو خێزانەکەی وکۆمەڵگاکەشی بەرەو تێک چون دەچێت .ئەمەلەلایەک لەلایەکی تر کە کاریگەری ڕاستەو خۆی لەسەر داهاتوی منداڵ وبگرە کۆمەڵگاش دەبێت دواکەوتن وکارلێکی ڕاستەوخۆی نەرێتی لەسەر بواری پەروەردەو فێربونی منداڵەکە دەکات، کە هەمیشە منداڵە بەنازەکان وتارادەیەکی زۆر لەبواری خوێندن وپەروەردەیدا لاوازن ،چونکە هیچ کات دایک وباوکیان یان بگرە کەسوکاری نەزیکیشیان ئامادەنین یان هەرجۆرە سزایەکی پەروەردەیی بدەن بە منداڵەکانیان بۆئەوەی بتوانن کەسێکی زیرەک وسەرکەوتویان بۆپەروەردە بێت وە هەروەها بۆ کۆمەڵگاو ئەو ووڵاتەی کەتێیدا دەژیت ,کەزۆر جاریش لەبری سزادانی منداڵەکانیان بەهۆی کارێکی نارەوایان دواکەوتن ولەخوێندن ویان لاوازیان لەبابەتەکانی خوێندن بەپێچەوانەوە مامۆستاکانیان تاوان بارەکەن و هەولی سزادانی مامۆستاکانیان دەدەن کەبەداخەوە نازانن هەمیشە مامۆستاکان زیاترپەرۆشی سەرکەوتنی قوتابییەکانیانن لە هەردایک وباوکێکی قوتابی بۆیەپێویستەلەسەرهەموخێزان یەک بەتایبەتی ئەوانەی کەتازە خێزان پێک دەهێنن ڕەچاوی ئەم حاڵەتە بکەن منداڵەکانیان بەناز نەکەن وەداواکاریەکانیان تەنها لەچوار چێوەی توانا‌کانی خۆیان جێ بەجێ بکەن وەهەتا سۆزو خۆشەویستی خۆشیان نابێت بەرامبەر بەمنداڵە کەیان لەسنوری خۆی ڕادەبەدەر بێت ،چونکە ئەمەش هۆکارێکە بۆ ڕوخاندنی کەسایەتی منداڵان ونەگەیشتنیان بەئامانجەکانیان.جابۆئەوەی منداڵەکانمان ببنە خاوەنی کەسایەتیەکی باش لەنێو خێزان وکۆمەڵگاکەمان وبتوانن باشترین ژیان بەسەر ببەن وببنە دینامۆیەکی باش بۆسوراندن وپێش وەبردنی کۆمەڵگاکەمان ڕەچاوی ژیان وتوانای خۆمان وڕەچاوی پاشەڕۆژی منداڵەکانمان بکەین لەگشت ڕوبەکەوە.

بەغداد دان بە چەند زانکۆیەکی هەرێمی کوردستاندا دەنێت

خەبات/ تریفە ئازاد: دوای هەوڵ کوششێکی زۆر لەلایەن نوێنەرانی کورد لە بەغدا بۆ ئەوەی لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق دان بە چەند زانکۆیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بنێت لەم بارەیەوە دکتۆر محمد شاکر ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندام لیژنەی خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر لە لایەن ئەندامانی کورد لە لیژنەی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە پەرلەمانی عێراق ودوای چەندین جار بینینی وەزیری خوێندنی باڵا لە حکومەتی فیدرالی دانیشتن لەگەڵ بەرێزیان بریکاری وەزیری خوێندنی باڵا دوای چەندین جار سەردانکردن بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا، بە خۆشحاڵیەوە دانیان نا بە پێنج زانکۆی هەرێمی کوردستان لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە حکومەتی فیدرالی ڕاگەینرا کە بریتین لە زانکۆکانی: (سۆران و زاخۆ و هەڵەبجە و کوردستان و ڕاپەڕین)، ئەمەش هەنگاوێکی گرینگە بۆ هەرێمی کوردستان لێرەوەپیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی گشت لایەک دەکەم تایبەت قوتابیانی ئەو زانکۆیانە کە سااڵنێکی زۆر چاوەڕێ بوون.



دەنگدان بە یاسای چاکسازی وەک بەرنامەی کابینەی نۆیەم، هەنگاوێکی گرنگ بوو لەخزمەتی خەڵکی کوردستاندا، چاوەڕوانی زیاتریش دەکرێت

خەبات:تریفە ئازاد

دوای دوو ڕۆژ دانیشتن و گفتگۆی نێوان ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکانی پەرلەمان و هەندێک لە وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دواجار لە بەروارى 15-1-2020پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنێکی ئاسایی خۆیدا پرۆژە یاسای چاکسازی تاوتۆکرد. لە سەرەتای دانیشتنەکە مادەکانی نێو پرۆژە یاساکە خوێندرانەوە دەنگیان لەسەر درا، دواتر لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە تەواوی پرۆژە یاساکە خرایە دەنگدان و بە کۆی (89)دەنگ توانرا پرۆژە یاساکە پەسەند بکرێت. شایانی باسە هەر یەکە لە فراکسۆنی کۆمەلی ئیسلامی و یەکگرتوی ئیسلامی و نەوەی نوێ دەنگیان بە پرۆژە یاساکە نەدا.

پەرلەمانی کوردستان چاودێری دەبێت ڕێواس فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بۆ میدیاکان لە بارەی پەسەند کردنی پرۆژە یاسای چاکسازی ڕایگەیاند: خۆشبەختانە دوای ماندوو بوونێکی زۆر پرۆژە یاساکە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا پلەی خانەنشیان و ئەو خەڵکە ناشایستیە لە لیستەکە دەربهێنرێت ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە دوای پەسەند کردنی یاسایەکە دوا بڕاو بوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وقایعی کوردستان) ئەرکی خۆی بەجێ بگەنێت و پەرلەمانی کوردستان چاودێری دەبێت و ئەرکیەتی ئەو پارانەی خەڵکی کوردستان کە لە لای کۆمپانیا زەبەلاحەکانی هەرێمی کوردستانە ئێستا هەرێمی کوردستان پێویستی بە پارەیە لێیان وەرگرێتەوە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشە کە ئاستی خانەنشینی بباتە ئەو ئاستەی کە لە یاساکە پەسەند کراوە.

ئێستا پرۆژەکە دارشتنەوەی بۆ دەکرێت، بۆ ئەوەی لە شێوەی مادەدە ڕێکبخرێت، هەرکاتێک تەواو بوو دەینێرین بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئێمە وەک پەرلەمانی کوردستان ئەرکی خۆمان جێبەجێ کرد و پرۆژەیاسا کەمان پەسند کرد هەرچەندە ئەرکێکی ئاسان نەبوو بۆ ئێمە بەڵام خۆشبەختانە توانرا سەرکەوتوو بێت لە داهاتووش ئەرکێکی دیکە دەکەوێتە ئەستۆمان ئەویش چاودێریکردنی جێبەجێکردنی پرۆژە یاساکەیە و چونیەتی کار پێکردنی ، چونکە بەڵێنی زۆر بە خەڵک دراوەلە لایەن حکومەتەوە".دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاست بەڵێنی خەڵکی کوردستان بێت کە داویانە بۆ خزمەت کردن.



ڕێواس فایەق: لە داهاتووش ئەرکێکی دیکە دەکەوێتە ئەستۆمان ئەویش چاودێریکردنی جێبەجێکردنی پرۆژە یاساکەیە

چاکسازی لە هەموو سێکتەرەکانی حکومەتیش دەکەین چونکە ئیرادەیەکی بەهێز هەیە

ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ڕایگەیاند: چاکسازی خواستی گەلی کوردستانە هەر گازندەیەکیش خەڵکی کوردستان هەیان بووە لە پەرۆشی ئەوان بووە بۆ زیاتر گەشە سەندنی ئەزموونی دیموکراسی کوردستان پرۆژەی چاکسازی دەسپێکێکە لە ئامانجێکی زۆر گەورە و لە پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمان و حکومەت دەسپێکە لە جێ بەجێ کردنی لایەنەکانی حکومەت ، ئەوانەی دەیانەوێست پرۆژەکە بچووک بکەنەوە لە ئیمتیازی کەسی یان لە پلە بااڵکان ئەمرۆ ئەنجامەکەیان بینی ئەوانە لە کەمین بوون بۆ ئەوەی پرۆژەکە ناشرین بکەن پێشیان وابوو زۆرینەو کەمینەیەک هەیە یاساکە تێدەپەڕێنێت ئیمتیازاتی ئەوان زامنە بەاڵم کاتێک بینان بەم جۆرە نیە ئێمە پێش ئەوە دەست بۆ ئیمتیازاتی پلە بااڵکان دەبەین پێیان هەزم نەکراو نەیات توانی بەرگەی ئەوە بگرن نەیانتوانی لەناو پەرلەمانیش بمێنەوە هەوڵی ئەوەیان دا کە پەشێوی دروست بکەن وێستیان کۆبونەوەکە ڕابگیرێت ئیرادەیەکی ئەوەندە بەهێز هەبوو کە دەبوو کۆبونەوەکە بەردەوام بێت بۆیە لەم یاسایەدا جگە لەوەی داپەروەری لە موچە و خانەنشین بوونی پلە بااڵکان کراوە جارێکی تر دڵخۆشین بەوەی کە لیستی پیرۆزی شەهیدان چاک دەکرێتەوە دڵخۆشین بەوەی لیستی زیندانیانی سیاسی پاک دەکرێتەوە وە دڵخۆشین بەوەی مستەحەقاتی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان زیندانیانی سیاسی و فەرمانبەرانی کوردستان زامن کراوە دەستی بۆ نەبراوە دڵخۆشین بەوەی کاتی خۆی بە ناچاری و بە نایاسایی نەمان دەتوانی موچەی فەرمانبەران دیاری بکەین حکومەت پەنای بۆ ئەوە برد کە پاشکەوتی موچەی کرد ئێستا بە یاسایی مافی هاوڵاتیانی کوردستان لەناو یاساکە جێگیر کراوە ،ئومێد دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئێتحادی بگەنە ئەنجامی باش لە بوودجەی داهاتوو دا زامنی مافەکانی فەرمانبەرانی مووچە پاشکەوت بکرێتن بە جۆرێک لە جۆرەکان بێت بەشێک لەم پاشەکەوتانەیان پێبدرێتەوە بۆیە ئێمە وەک فراکسۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دڵخۆشین و پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان دەکەین ئەو هەنگاوەی دەستمان پێکردووە بەڵێن دەدەین بەردەوام دەبین کاری گەورەتریش لە ڕێگایە ،وە پیرۆزبایی لە دەنگدەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین کە بوونە هۆکاری ئەوەی فراکسۆنەکەیان فراکسۆنی یەکەم و بەهێزی پەرلەمان بێت خواستی ئەوانیش لەبەر چاو دەگیرێت دادپەروەری بەرجەستە دەکەین .وە چاکسازی لە هەموو سێکتەرەکانی حکومەتیش دەکەین چونکە ئیرادەیەکی بەهێز هەیە ئومێدداکیشمان هەبوو هەموو فراکسۆنەکان ناو هۆڵی پەرلەمان بووایە وە دوو جۆر ئوپۆزسیۆن هەیە لەناو پەرلەمان یەکێیکیان ئەوەیە کە وێتیان پەشێوی دروست بکەن لەناو پەرلەمان ئەوان پێان وابوو ئیمتیازاتیان کەم بووە زامن نەبوو کە ئەوەی چاوەڕوانیان دەکرد دووەمینیش بە یاسا ڕێکمان خستووە ئەوانەی قەرزاری حکومەتن دەبێت بیدەنەوە خەڵکی کوردستان و ڕای گشتی تێدەگات کە کێ قەرزاری حکومەتەئەوانەی کۆبونەوەکیشان جێ هێشت ئامانجیان و تێروانیان زۆر جیاواز بوو وەک سەرەتا.



ئومێد خۆشناو: ئەو هەنگاوەی دەستمان پێکردووە بەڵێن دەدەین بەردەوام دەبین کاری گەورەتریش لە ڕێگایە



عەلی حەمە سالح: ئەوانەی کە تاوەکوو ئێستا قەرزارن پارەکەیان بگەڕێنەوە بۆ حکومەت



سەعید هەرکی: خانەنیشنی ناشایستە و نایاسایەکان هەڵدەوەشێنەوە

ئەم پرۆژە یاسایە داهاتێکی زۆر بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە

عەلی حەمە سالح، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لە بارەی پەسەند کردنی پرۆژە یاسای چاکسازی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: ئەو پرۆژە یاسایەی کەچەندین ساڵە هەوڵی بۆ دەدین و کاری بۆ دەکەین بە خۆشحاڵیەوە ئەمڕۆ توانرا بە زۆرینەی دەنگ پەسەند بکرێت بە پەسەند کردنی ئەم پرۆژە یاسایە داهاتێکی زۆر بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە ئەو یاسایە دەتوانێت ئەو بڕە پارەیەی کە بازرگانان قەرزاری حکوومەتن و لە وادەی خۆی پارەکەیان نەداوەتەوە کە تاوەکوو ئێستا قەرزارن پارەکەیان بگەڕێنەوە بۆ حکومەت کە بڕەی پارەکەش 800 ملیار دیناڕە، لێیان وەردەگیرێتەوە پارەکەش دەخرێتەوە سەر مووچە کەمەکانی فەرمانبەران ،ئەمەش جێگای دڵخۆشییە.

گەرانەوەو پاشەکەوتی پارەی خانەنیشینی پلە بااڵیەکان

سەعید هەرکی ئەندامی فراکسۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان جێگری سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەنی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: پرۆژە یاسای چاکسازی هەنگاوی یەکەمی چاکسازیە بۆ فراکسۆنی پارتیمانە و سەرەتای بەرنگار بوونەوەی گەندەڵی و دەست پێکردنی چاکسازیە .هێنانەدی ئەو بەڵێنانەیە کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن بە دەنگدەرانی پارتیمان دابوو جێ بەجێ کردنی داخوازییەکانی ڕێبوارانی ڕێبازی (بارزانی نەمر) پاش مشت و مڕێکی زۆر لەلایەن لیژنەکانی پەرلەمان و فراکسۆنەکان و لەگەڵ حکومەت خۆش بەختانە پرۆژەکە لەپەرلەمان بە دەنگی 89پەرلەمانتار پەسەند کرا .. هەڵبەتە پرۆژەکە دەسکەوتێکی هەرە گرنگە بۆ سەرکردایەتی پارتیمان و فراکسۆنی پارتیمان و خەڵکی کوردستان و کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم ، بەتێکڕای پرۆژەکە زۆر بە گرنگی دەبینین نەک لە مادەی خانەنیشینی بەڵکو لە هەموو مادەکان بەرز و پیرۆز هێشتنەوەی ناوی شەهیدان و پاککردنەوەی لیستی شەهیدان لە وانەی بە ناحەق و بە نایاسای بە شەهید تۆمار کراون یەکخستنی هەموو یەکەکانی حسابی هێزەکانی سەربازی ئیدی هەموویان دەکەونە ژێر چاودێری دارایی و دەستەی دەسپاکی هەرێم،هەروەها یکخستنی یەکەکانی پاسەوانی و کۆکردنەوەیان لە یەکەی پاسەوانی (حەرەسات)ی وەزارەتی ناوخۆ بەمە ئیتر بەرپرسەکان ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان پاسەوان زیاد بکەن و ژێر بەژێر لەگەڵ پاسەوانەکان ڕێک بکەون و مووچەکانیان لەگەڵیان بکەنە نیوە لێرە بە دواوە بە یاسا بۆیان ڕێک دەخرێت ،خانەنیشنی ناشایستە و نایاسایەکان هەڵدەوەشێنەوە چیتر وەزیر و بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و لیوا و عەقید و عەمید وکە بەنایاسایی خانەنیشین کراون و بەڕاستی لەم پۆستانەدا نەبوونە خانەنیشینیەکانیان نامینێت زامن کردنی پاشەکەوتی فەرمانبەران کەمکردنەوەی خانەنیشینی پلە بااڵیەکان هێنانەدی دادپەروەرییە و لە هەمووی گرنگتر گەرانەوەو پاشەکەوتی پارەی خانەنیشینی پلە بااڵیەکان لەم پرۆژە یاسایەدا بە ڕوونی ئاماژە پێکراوە کە دەبێ بۆ ئەوە بێت مووچەی ئەوانە پێی زیاد بکرێت کە بە 220 هەزار خانە نیشین کراون ئەم کومەلێک دەسکەوتی گرنگ لەم پرۆژەیدا هەیە لێرەوە وەکو فراکسۆنی پارتی بەڵێن بە دەنگدەرانی خۆمان و خەڵکی کوردستان دەدەین نوێنەری ڕاستەقینەیان بین و هەرچی لە توانامانداببێت بخینە کار بۆ زیاتر خزمەت کردنیان وە پاڵپشت و چاودێری تەواوی کابینەی ۹ حکومەتی هەرێم بین.

وون بوون

مۆلەتی پەلەوەری لەبەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ دەرچووە ژمارەی مولەت ٢٤٧ لە ٢٠٠١/٥/١٤ بەناوی حسن طە محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٦٨٦٠٤١ بەرواری ٢٠١٨/٧/٢٦ بەبری ٨٢٣٠٠٠ بەناوی جیگر نادر علی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

مەنەفێستی کۆمپانیای هشیار صالح احمد جۆری ئۆتۆمبێل مقطورە تریلە فلات ڕەنگی نفتی ژمارەی شاصی: WK٠SNC٠٢٤٢٠٧٠٣٤٩٧ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

پسوولەی شارەوانی کۆیە بەژمارە(٠٣٤٥٠٤٤) بە بڕی (٣٠٠ ٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار بەناوی (سالار محمد عزیز) ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠١١٢٢٩٤٨)

* * *

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقود : خلف رشو قاسم

قدمت السيده / خناف خلف قاسم طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / عبدالكريم محمد صادق

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/١٢/١٥

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ئەژین تۆفیق اسعد) لە بەروارى ٢٠١٩/١٢/١٢ کە داواى تۆمارکردنى ئامێرەکانى کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆى وئێستا دانراوە لە (ڕێگاى کەسنەزان) و وسفەکانى لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەى پەیوەندى بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنى یاسایى بگرێتەبەر بۆ سەلماندنى و گەواهیەك پێشانى ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستى ڕاگرتنى تۆمارکردن لەماوەى پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك داواى بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتى یەکلاکردنەوەى داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەى حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگاى پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوەى کەلوپەلەکانى تۆمار دەکرێت بەناوى داواکارى تۆمارکردنەکە بەگوێرەى یاسا دادنووسى ژمارە (٣٣)ى سالّى ١٩٩٨ و بڕوانامەى تۆمارکردنیشى پێ دەدرێت.

دادنووسى یەکەم / مریوان قرەنى ابراهیم

ئامێرەکان:

١- سێ سەرامەى ووردکردنى پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانیى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٥ . ٢٠*٢+

٢- شوستنەوەى وورە پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٥ .

٣- ووشککردنەوەى پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١٠.

٤- خوشکردن و گەرم کردنى پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٣٧ .

٥- حەقنى تاواندنەوەى پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٤٠. + براد ساردکەرەوە

٦- مۆلیدەى کارەبایى ڤالڤۆ بێ ژمارە دروستکراوى سویدى مۆدێل ٢٠١٠ جۆرى سوتەمەنى گاز توانای K.V.A١١٧ .

* * *

دادگاى بارى کەسێتى لە کەلار

ژمارە: ٩٩٨/ش/٢٠١٩

ئاگادارى

بۆ داواکەسەرکراو/ عبدالکریم عبدالقادر ابراهیم

داواکار (سروه احمد سلیمان) داواى ژمارە (٩٩٨/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە تیایدا داواى (تفریق للهجر) ى کردووە وە بڕیار دەرچووە بە پاشملە دەرهەق بە تۆ بە جیابوونەوەتان (تفریق للهجر) لەگەڵ داواکار لەبەر ئەوەى ئێستا شوێنى نیشتەجێبوونت نادیارە بە پێى اشعارى ئەنجومەنى گەڕەکى (کەلار/ فەرمانبەران) بۆیە ئەم دادگایە بڕیارى دا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەى دوو ڕۆژنامەى ڕۆژانەى ناوخۆى بە مەبەستى ئاگادارىوونت بەو بڕیارە پاشملەیە بۆیە مافى تانەگرتن (اعتراض) و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەى یاسایدا بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەى کۆتایى وەردەگرێت.

دادەوەر/ سیروان محمود الزهاوى

* * *

دادگاى بارى کەسێتى سلێمانى / ١

ژمارە : ٣٢٧٢/ ش / ٢٠١٩

بەروار : ١٢ / ١ / ٢٠٢٠

داواکار : رنا ضیدان عگلە

: ناونیشان : سلێمانى

داوالەسەرکراو : محمد رمیض محارب :

ناونیشان : نادیارە

داواکار (رنا ضیدان عگلە) داوایەکى بە ژمارە (٣٢٧٢/ ش / ٢٠١٩) وە ئەم دادگایە بڕیارى لاى خۆى دەرکرد لەبەرواری (٢٠١٩/١٢/٢٢) بڕیاریدا بە (پەسەندکردنى تەڵاقى دەرەکى)، وە لەبەر نادیارى شوێنى نیشتەجێبوونت، دادگا بڕیارى دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆى دوو ڕۆژنامەى ناوخۆى ڕۆژانەوە ئەگەر لەماوەى یاسایىدا هەڵنەستیت بە تانەلێدانى پیاچونەوەى بڕیارەکە ئەو بڕیارە پلەى کۆتایى وەردەگرێت بە پێى یاسا.

دادەوەر/ د. سردار علی عزیز

* * *

دادگاى بارى کەسێتى سلێمانى / ١

ژمارە : ٣٨٩٥/ ش / ٢٠١٩

بەروار : ٢٢ / ١٢ / ٢٠١٩

ئاگادارى

داواکار : سۆکار علی غفور

: ناونیشان : سلێمانى

داوالەسەرکراو : سیرینپۆرن جایکۆ مینیك : ناونیشان : نادیارە

داواکار (سۆکار علی غفور) داوایەکى بە ژمارە (٣٨٩٥/ ش / ٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وە ئەم دادگایە بڕیارى لاى خۆى دەرکرد لەبەرواری(٢٠١٩/١١/٢١) بڕیاریدا بە (پەسەندکردنى تەڵاقى دەرەکى)، وە لەبەر نادیارى شوێنى نیشتەجێبوونت، دادگا بڕیارى دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆى دوو ڕۆژنامەى ناوخۆى ڕۆژانەوە ئەگەر لەماوەى یاسایىدا هەڵنەستیت بە تانەلێدانى پیاچونەوەى بڕیارەکە ئەو بڕیارە پلەى کۆتایى وەردەگرێت بە پێى یاسا.

دادەوەر/ د. سردار علی عزیز

* * *

دادگاى بارى کەسى هەولێر/٤

ژمارە:٤٨٩٢/ش٢٠١٩/٤

ڕێکەوت:٢٠٢٠/١/٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (محمد حسن حمد)

شوێنى دانیشتنت نادیارە

داواکار (ئاڤان حمدامین سعید) داواى ژمارە (٤٨٩٢/ش٢٠١٩/٤)ى لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داواى (التفریق للهجر) دەکات لەبەر ئەوەى شوێنى دانیشتنت نادیارە بەپێى اشعارەکانى مختارى (حەسارۆك) بۆیە دادگا بڕیارى دا بەپێ ڕاگەیاندنت بەهۆى دوو ڕۆژنامەى ناوخۆیى ڕۆژانە بەمەبەستى ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژى دادبینى ٢٠٢٠/١/٢٩ بەپێچەوانەوە دادبینى ئەنجام دەدرێ بەشێوەى ئاشکراو پاشملە.

دادەوەر/ صباح حسن رشید

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/١٢/٢٢

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (زریان محسن انور ٥٠٪ و اونور ارجان ٢٥٪ و جمال اویگور ٢٥٪) لە بەروارى ٢٠١٩/١٢/١٩ کە داواى تۆمارکردنى ئامێرەکانى کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆى وئێستا دانراوە لە (ڕێگاى گەزنە) و وسفەکانى لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەى پەیوەندى بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنى یاسایى بگرێتەبەر بۆ سەلماندنى و گەواهیەك پێشانى ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستى ڕاگرتنى تۆمارکردن لەماوەى پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك داواى بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتى یەکلاکردنەوەى داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەى حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگاى پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوەى کەلوپەلەکانى تۆمار دەکرێت بەناوى داواکارى تۆمارکردنەکە بەگوێرەى یاسا دادنووسى ژمارە (٣٣)ى سالّى ١٩٩٨ و بڕوانامەى تۆمارکردنیشى پێ دەدرێت.

دادنووسى یەکەم / مریوان قرەنى ابراهیم

ئامێرەکان:

١- سێ سەرامەى ووردکردنى پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانیى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٥ . ٢٠*٢+

٢- شوستنەوەى وورە پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٥ .

٣- ووشککردنەوەى پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١٠.

٤- خوشکردن و گەرم کردنى پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٣٧ .

٥- حەقنى تاواندنەوەى پلاستیك بێ ژمارە دروستکراوى ئیرانى مۆدێل ٢٠١٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٤٠. + براد ساردکەرەوە

٦- مۆلیدەى کارەبایى ڤالڤۆ بێ ژمارە دروستکراوى سویدى مۆدێل ٢٠١٠ جۆرى سوتەمەنى گاز توانای K.V.A١١٧ .

* * *

دادگاى بارى کەسێتى لە کەلار

ژمارە: ٩٩٨/ش/٢٠١٩

ئاگادارى

بۆ داواکەسەرکراو/ عبدالکریم عبدالقادر ابراهیم

داواکار (سروه احمد سلیمان) داواى ژمارە (٩٩٨/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە تیایدا داواى (تفریق للهجر) ى کردووە وە بڕیار دەرچووە بە پاشملە دەرهەق بە تۆ بە جیابوونەوەتان (تفریق للهجر) لەگەڵ داواکار لەبەر ئەوەى ئێستا شوێنى نیشتەجێبوونت نادیارە بە پێى اشعارى ئەنجومەنى گەڕەکى (کەلار/ فەرمانبەران) بۆیە ئەم دادگایە بڕیارى دا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەى

ئاگادارى

ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیاى (لقمان علی سلطان) بۆ بازرگانى گشتى/تاك) بڕیارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکى لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەى یاسایى دا ئاگادارى پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاى هەولێر)

پاکتاوکار/ دلشاد محمد صوفی احمد

ناونیشان/ هەولێر- فەرمانبەران

ژمارەى مۆبایل/ ٠٧٥١٤٩٤٢٢٣٦

بەڕێوەبەرایەتى گشتى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتى پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٢٨٥

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٥

بڕیارى سرینەوەى کۆمپانیا سنووردار

دواى تەواو کردنى سەرجەم ڕێکارەکانى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى (موکسى) بۆ (بازرگانى گۆشت و پەلەوەر و هێنانى ئاژەلى زیندوو/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامى ماددەى ١٧٧ لەیاساى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّى ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکارى کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەى ناوى کۆمپانیاى ناوبراوى سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێى ئەحکامى ماددەى (١٦٠) لەیاساى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّى ١٩٩٧ى هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەرى گشتى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتى گشتى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتى کۆمپانیاى هەولێر

هۆبەى یاسا

ژمارە: ٢٤١

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١/١٤

بڕیارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى (Peafowl Travel) بۆ دیکۆرات/سنووردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکى بڕیارى دەستەى گشتى کۆمپانیاى (Peafowl Travel) بۆ دیکۆرات/سنووردار) لە ڕێکەوتى (٢٠٢٠/١/١٣) تایبەت بەدانانى کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانى بەڕێز (اکو رسول رحمان) بەپاکتاوکارى کۆمپانیاى نابراو, من بەڕێوەبەرى کۆمپانیاکانى هەولێر بڕیارى ناوبراوى سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێى ئەحکامى ماددەى (١٦٠) لەیاساى تۆمارکردنى کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّى ١٩٩٧ى هەموارکراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/١/١٤

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەرى کۆمپانیاکانى هەولێر

ئاگادارى

ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیاى (Peafowl Travel) بۆ دیکۆرات/ سنووردار) بڕیارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکى لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەى یاسایى دا ئاگادارى پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاى هەولێر)

پاکتاوکار/ اکو رسول رحمان

ناونیشان/ هەولێر- زانایان

ژمارەى مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٥٦٥٧٧٧

Crescent Petroleum

Job Vacancy

Position Title	**Senior Civil Engineer**
Direct Supervisor	Drilling Superintendent
Department	Exploration and Production
Job Location	Suliamaniy Office with frequent travel to field
Job Reference: SCE/D/Jan/20	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS

Manages construction activities by coordinating with the drilling team and other concerned parties. Takes the lead in planning corrective maintenance activities of the civil engineering team to assist in managing related civil operations.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS

Project Planning & Execution

1. Coordinates all construction related activities required to support the Drilling Department, including drilling locations, access roads, camps, road maintenance, clean-ups and environmental issues.
2. Prepares scope of work for drilling related construction projects. Prepares construction cost estimates for AFE preparation.
3. Arranges surveying and staking of proposed well sites. Organizes location scouting and reports results/recommends location moves. Arranges initial and final location surveys and correlates results.
4. Coordinates water well permitting and drilling. Prepare PR and follow up orders for all water wells and construction related equipment (water pumps, pipe, pit liners etc.)
5. Prepares documentation for various approvals prior to construction commencing. Prepares work orders and obtains the necessary management approvals.
6. Prepares and issues construction tender documents. Analyses tenders and makes recommendations to management.
7. Receives correlates and consolidates daily field construction reports.
8. Conduct after actions reviews, and incorporation of lessons learned to enhance learning efficiency of the organization. Provides technical trouble shooting when problems occur.
9. Work with WDP teams to select optimal sites for the Khormor and Chemchamal development wells
10. Design well pads and access roads according to WDP well selection and approved Crescent standard and write scopes of work for these pads and roads
11. Estimate number of days required to complete these works
12. Instigate tender process for these works
13. Evaluate tenders and recommend contractors
14. Develop a project plan with the approved contractor(s) to deliver the works on schedule
15. Supervise, coordinate and control all engineering construction activities
16. Review and approve all detailed design, drawings and documents.
17. Ensure specifications and standards are complied with.

٤- کەتەری عدل و زاویەی المنیۆم ژمارە/ ١١٠٠٠١٩٠٠٣ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١.

٥- تەشریح کردنى المنیۆم T ژمارە/ ٢٥٠٠٠١٠١١٦ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١,١.

٦- کەتەرى ماسیکە برین ژمارە/ ١٠٠٠٠١٩١٥٤ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١,٥.

٧- کەتەرى برینى پرۆفیل P.V.C بێ ژمارە دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١.

٨- کون کردن و بەستانى پرۆفیل ژمارە/ ١٧١٠٠١٨٠٤٨ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١.

٩- تەشریح کردنى حرف T ژمارە/ ٢٥٠٠٠١٩١١٧ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١,١.

١٠- لەحیم کردنى P.V.C ژمارە/ ٧٢٠٠٠١٩١٠٢ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٤,٢.

١١- کۆمپرێسەرى هەواء ژمارە/ VD٠٠١٤٨٢ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١٥.

١٢- خاوێن کردنەوەى لحیم P.V.C ژمارە/ ٦٢٠٠١٩٢٤٠ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٧. کۆنترۆل + رۆبۆت.

١٣- لحیم کردنى P.V.C چوار سەرك ژمارە/ ٧٤٠٠٠١٩١٤٥ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W١٢. کۆنترۆل

١٤- فرێزەى نەرمادەو کیلۆن ژمارە/ ٢٢٠٠٠٠١٩٠٧ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٢.

١٥- فرێزەى نەرمادەو کیلۆن ژمارە/ ٢١٠٠٠١٩٠٥٨ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٢.

١٦- کەتەرى برینى P.V.C دوو سەرك ژمارە/ ١٤٠٠٠١٩١١٦ دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانای K.W٥.

١٧- مۆلیدەى کارەبا ژمارە/ D٦٧٦٢٦٥E دروستکراوى تورکى مۆدێل ٢٠١٩ جۆرى سوتەمەنى گازوائیل توانای K.V.A١١٠ AKSA.

* * *

www.xebat.net
یەک شەممە 2020/1/19 ژمارە (5913)

بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەر

ناوەڕاستی ئەم هەفتەیە 53 بەرکەوتووی چەکی کیمیایی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێن

خەبات-عەلی بانیشاری

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە رایدەگەیەنێت ناوەڕاستی ئەم هەفتەیە 53بەرکەوتووی چەکی کیمیایی بەمەبەستی ئەنجامدانی نەشتەگەری ڕەوانەی تارانی پایتەختی ئێران دەکرێن. بەرکەوتووەکان دانیشتووی پارێزگای هەڵەبجە، سلێمانی و هەولێرن و لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕەوە پشکنینیان بۆ کراوە. بەپێی ئاماری کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباranی هەڵەبجە لە سەرتاسەری کوردستان 972 بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی هەن کە 486کەسیان لە سنوری پارێزگای هەڵەبجەن.

د.ئازاد مستەفا، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە بە (خەبات)ی ڕاگەیاند: ئەگەر گرفتی کۆنیی پاسپۆرتی نەخۆشەکان دروست نەبێت وا بڕیارە ئەم دووشەممەیە 53 کەس لە بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی ڕەوانەی ئێران بکرێن.

گوتیشی: پاش هەوڵەکانی بەڕێوەبەرایەتیمان و بە هاوکاری وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێم بەرکەوتووەکان بەمەبەستی نەشتەرگەری چاندنی گلێنەی چاو دەنێردێنە تاران.

ناوبراو ئەوەشی گوت: 53 بەرکەوتووەکە بۆ دووبەش دابەش دەبن، 35کەسیان سالێک لەمەوبەر لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکی پسپۆڕی 6کەسی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە بینراون، بەشەکەی دیکەش 18کەسن لەو بەرکەوتوانەی کە کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباranی هەڵەبجە ناوەکانیانی ئاماژەی ئێمە کردووە و کاتی گەڕانەوەیان بۆ لای پزیشک هاتووە.

د.ئازاد مستەفا دەشڵێت: پێشتر کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباranی هەڵەبجە بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرد، بەڵام ئێستا ناوی بەرکەوتووەکان ئاماژەی ئێمە دەکات.

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە ئاشکراشی کرد تێچووی 53بەرکەوتووەکە 100ملیۆن دیناره. هیڤای بۆ ئەوەشکرد لەبەر ئەوەی گلێنەی چاو هەندێکجار درەنگ دەست بکەوێت، چاوەڕوان دەکرێت بەشێک لە بەرکەوتووەکان بۆ ماوەی 10ڕۆژ لە تاران بمێننەوە.

د.ئازاد مستەفا ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد ئەو 53کەسی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێت تەنها دانیشتووی هەڵەبجە نین، بەڵکو دانیشتووی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانیشی تێدایە.

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە دەشڵێت: هیچ جیاوازییەک لە نێوان بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی ناکرێت، جا چ لە هەڵەبجە بن یان هەولێر و سلێمانی.

پێشتر لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباranی هەڵەبجە بە(خەبات)ی ڕاگەیاندبوو" بەشێک لەو کەسانەی وەکو بەرکەوتووی چەکی کیمیایی تۆمارکراون شایستە نین و هەندێک بەرکەوتوویش کە شایستەن لە لیستی بەرکەوتواندا نین". ئەوەشی گوتبوو" ئەو کەسانەی وەکو بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی تۆمارکراون دەبێت دووبارە پشکنینی پزیشکیان بۆ بکرێتەوە، تا ئاماری دروستی بەرکەوتووان دیاری بکرێت".



بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەڵەبجە:
تێچووی ناردنە دەرەوەی بەرکەوتووەکان 100ملیۆن دیناره

دوای چەندینجار دەست بەسەرداگرتنی، هێشتا هێلکەی ماوەبەسەرچوو بوونی هەیە

قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر: تیمەکانی لیژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ بەهاوکاری (هۆبەی ئابووری ئاسایشی هەولێر) دەستیان بەسەر بڕێکی زۆر هێلکەی ماوەبەسەرچوودا گرتووە

بەدواداچوون/ سەید فاتیح بەرزنجی

لەلایەن (قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر) بۆ چەندین جار دەستبەسەر هێلکەی ماوەبەسەرچودا گیراوە و هێشتا ئەو کەسانەی کە ئەو کارە قێزە ونە دەکەن واز لە هێنانی هێلکەی خراپ ناهێنن، بە گوتەی"نەبەز عەبدولحەمید" قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر: جگەلە هێنانی هێلکەی ماوەبەسەرچوو، هەندێ کەسی ناهۆشیار کاری بازرگانی کردنی خۆراکی قەدەغەکراو دەکەن، ئەوەتا لەلایەن (لیژنەی پشکنین و بەدواداچوونی بازار)ەوە دوێنێ دەستبەسەر (هەزار و هەشتسەد کیلۆ جگەری قەدەغەکراو) داگیرا بەهاوکاری (بەشی پۆلیسی شارەوانی و قێزتەرنەری هەولێر) کەلەگەڕەکی فەرمانبەرانی هەولێرو لە کۆگایەکدا دانرابوو، هەر لە چوارچێوەی کار و چالاکیەکانی (لیژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ) بۆچەندینجار لەبازگەکاندا دەستبەسەر چەندین ئوتومبێلی بارهەڵگری هێلکەی ماوەبەسەرچوودا گیراوە، دیارە تا ئێستا ئەو کەسانەی کە ئەو کارە دەکەن، بیر لە تەندروستی هاوڵاتیان ناکەنەوە و لەپێناو قازانجی خۆیان ئەو کارە قێزەونە دەکەن، ئێمەش بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ خاوەنەکانیاندا دەکەین.



دەستبەسەر هێلکەی ئێکسپایەری ئۆکرانیدا گیرا

هەرلە درێژەی ئەو بەدواداچوونەدا، سەردانی (چاودێری بازرگانی هەولێر)مانکرد، لەوێدا "هێمن سەید مراد" بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی هەولێر، سەبارەت بە دەستبەسەردا‌گرتنی هێلکەی ماوە بەسەرچووی ئۆکرانی ڕوونیکردەوە: لەبەرئەوەی بابەتێکی وەکو هێلکە بەلای هاوڵاتیانەوە خواردنێکی گرنگەو خەڵکێکی زۆر ڕۆژانە هێلکە دەکڕن و ڕەواجێکی زۆر لەسەر هێلکە هەیە، بۆیە نرخەکەشی لەلایەن سوپەرمارکێتەکان و دوکاندارانەوە گراندەکرێت، کۆبوونەوەمان لەسەر گرانبوونی نرخەکەی کردوە و لەلایەن لیژنەکانمانەوە بەدواداچوون بۆ نرخەکەی دەکرێت و خۆراکێکی وەکو هێلکە نابێ بەروارەکەی لەیەک مانگ زیاتر بێت، بەداخەوە هەندێ کەسی نارۆشنبیر بۆچەندین جار هەوڵیانداوە بە قاچاغ هێلکەی ماوەبەسەرچوو لە وڵاتانەوە هاوردەی کوردستان بکەن، ئەوەتا لەو دوو ڕۆژەدا لەلایەن تیمەکانی چاودێری بازرگانی هەولێرەوە دەستبەسەر هێلکەی ماوەبەسەرچوودا گیرا، دیارە ئەو هێلکە ئۆکرانیە بەبێ ئەوەی میژووی ماوە بەسەر چوونی لەسەر بێت بۆ تورکیاهاتبو لەوێش بە قاچاغ ئەو هێلکەیە هێنراوە و لەدەروازەکانی عێراقیش بە ئوتومبێلی بارهەڵگر گواسترابۆوە، ئەگەرچی ئەو جۆرە هێلکەیەبۆ (باشوور و ناوەڕاستی عێراق) هاتبوو دواتر ئەو هێلکەیە بۆ کوردستان دزەی کردبوو، ئەو هێلکەیە ماوەیەک لەکۆگاکانی وڵاتی ئۆکرانیا ماوەتەوە و ماوەکەشی بۆیە بەسەرچووە، ئەمەش زیانی بۆ تەندروستی هاوڵاتیان هەیە، داوا لە هاوڵاتیان دەکەین کەخۆیان بەدوور بگرن لە خواردنی ئەو جۆرە هێلکەیە ،لەهەفتەی رابردووش لەبازگەکان لەلایەن ئاسایشی ئابووریەوە ڕێگە بە چووار ئوتومبێلی بار هەڵگری هێلکەی ئۆکرانی نەدراوەو گەڕێنراوەتەوە، پێویستە هاوڵاتیان لەکاتی کڕینی هێلکەدا سەیری بەروارەکەی و ماوەبەسەرچووەکەی بکرێت و نابێ ماوەی بەسەرچوونی هێلکە لەیەک مانگ زیاتر بێت.

داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکانی دەروازە سنوریەکان دەکەین تا دەتوانن تووندتر بن و نەهێڵن کەل و پەلی خۆراکی ماوەبەسەرچوو بهێنرێتە کوردستان و بازاڕەکان، بەپێی ئاماری (وەزارەتی کشتوکاڵ)پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی هێلکە لە کوردستان، ئەگەر هەمویان کاربکەن، ژمارەیان 11پرۆژەیەو ڕێژەیەکی زۆری هێلکە بەرهەمدەهێنن.

ڕۆژانە بەدواداچوونی تەواو بۆ شوێنە گشتیەکان دەکرێت

دواتر (قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر) سەبارەت بە هێلکە گوتی: تیمەکانمان ڕۆژانە بەدواداچوون بۆ هەموو جۆرە خۆراکێک دەکەن، بەتایبەتی خۆراکێکی وەکو هێلکەو بۆ چەند جارێک لە (بازگەی گۆمەسپان) دەستبەسەر چەندین ئوتومبێلی بار هەڵگری هێلکە داگیراوە و ماوەیەک پێش ئێستا توانرا دەستبەسەر(90تەن هێلکەی ماوەبەسەرچوو)دا بگیرێت، ئەویش بەهاوکاری (ئابووری ئاسایشی هەولێر)و ئیجرائاتی یاساییش لەگەڵ خاوەنەکانیاندا گیرایە بەر و لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵدا کراوە، داواش لەهاوڵاتیان دەکەین کە ئەگەر هاتوو لە هەر (سوپەرمارکێت و دوکانێک)دا هێلکەی ماوەبەسەر چوویان هەبوو، ئەوا دەتوانن پەیوەندی بە تیمەکانی لیژنەی پشکنینەوە بکەن، داواش لە دوکاندار و خاوەنی سوپەرمارکێتەکان دەکەین کە هێلکەی ماوەبەسەرچوو بە هاوڵاتیان نەفرۆشن.




www.xebat.net
پەک شەممە 2020/1/19 ژمارە (5913)
خەبات

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1918:
لە شەڕی ناوخۆی فنلەندا بۆ یەکەم جار شەڕ لە نێوان گاردی سوور و گاردی سپی بەرپا بوو .



سالی 1919:
بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە جەنگی یەکەمی جیهان ، کۆنگرەی ڤێرسای ساز کرا.



سالی 1942:
لە کاتی جەنگی دووەمی جیهاندا ژاپۆن بۆرمای داگیر کرد .



سالی 1991:
عێراق مووشەکێکی جۆری سکۆدی ئاراستەی ئیسرائیل کرد و 15کەس بوونە قوربانی.



سالی 2011:
بومەلەرزەیەک بە گوڕی 7.2پلە باشووری رۆژئاوای پاکستان رووبدا .



سالی 2017:
لە تاران ئاگر لە باڵەخانەیەک کەوتەوە و لە ئەنجامدا 20 کارمەندی ئاگرکوژێنەوە گیانیان لەدەست دا و 70کەسی دیکە بریندار بوون .



ئەمەریکا لە 2019

ئەو پرسانەی ناکۆکییان لە نێو کۆشکی سپی نایەوە

ئا: خالید گەردی

سالی 2019بۆ ئەمەریکا بەگشتی و بۆ کۆشکی سپی بە تایبەتی سالێکی پڕ رووداو کێشمەکێش بوو ، کە میژوو تۆماری کردوون، ئەم تەحەدیانەی لەمسالەدا رووبەڕووی ئیدارەی ترەمپ بۆوە، زۆر کەم رووبەڕووی ئیدارەکانی پێش ئەو بۆتەوە. بەجۆرێ ترەمپ سێیەم سەرۆکی ئەمەریکایە لە میژووی ئەو وڵاتە ئەنجوومەنی نوێنەران هەوڵی دووڕخستنەوەی لە پۆستەکەی بدات، کەسایەتی ترەمپ زۆر لە کەسایەتییە سیاسییە کلاسیکییەکان جیاوازبوو ، ناکۆکییەکانی لەگەڵ دیموکراتەکان وایکرد کار بۆ لابردنی لەسەر کورسی سەرۆکایەتی بدەن، کەسایەتییەک بوو نەک تەنیا هەر تەحەدای دیموکراتەکانی کرد.

2 کۆتایی

کێرستن نیلسنی وەزیری ئاسایشی نەتەوەیی، ئەویش بەهۆی دۆسیەی پەنابەرانەوە دەستی لەکار کێشایەوە، بە تایبەتیش ئەو کات بەهۆی گرتنەبەری ڕێکاری جیاکردنەوەی منداڵە پەنابەرەکان لە کەسوکاریان لای دیموکراتەکان رووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بۆوە، کاتێک ئیدارەی ئەمەریکا وتوێژی لەسەر چاکسازی سیاسەتی پەنابەری نایاسایی دەکرد، لە جیاتی چاکسازی و باشترکردنی ڕەوشی پەنابەران دۆنالد ترەمپ رایگەیاند لەمەو دوا پشت بە سیاسەتێکی توندتر لە دژی پەنابەرە نایاساییەکان دەبەستێت، ئەمەش وایکرد ناوبراو دەست لەکار کێشانەوەی پێشکەش ئیدارەی ترەمپ بکات.شەپۆلی دەست لەکارکێشانەوە لە کۆشکی سپی هەر بە نیلسن نەوەستا بەڵکو هەر بەردەوام بوو، ڕەنگە تا ئەو ساتەشی لەگەڵدابێت دراماتیکی ترین دەست لەکار کێشانەوە دەست لەکارکێشانەوەی جون بولتون و پەیوەندییەکەی نێوان بولتن و ترەمپ بێت. بولتن یەکێ بوو لە هەڵۆکانی کۆماری، لەماوەی (17) مانگ کە لە پۆستەکەی بەردەوام بوو هەمیشە لەگەڵ ترەمپ ناکۆک بوو تا کار گەیشتە ئەوەی دەست لە پۆستەکەی هەڵبگرێت، ترەمپ لە توێتێکیدا رایگەیاند ئەو داوای دەست لەکار کێشانەوە لە بولتن کردووە، بولتنیش هەواڵەکەی ڕەتکردەوە رایگەیاند خۆی دەستبەرداری پۆستەکەی بووە. ڕەنگە هۆکاری سەرەکیی ناکۆکییەکانی نێوانیان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە بولتن هەوڵی زۆری لەگەڵ ترەمپ دا رێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبان نەکات، بەڵام ترەمپ هەر سوور بوو لەسەر بە ئەنجام گەیاندنی رێککەوتنەکە و کۆبوونەوە لەگەڵ تاڵیبان تا ئەو کاتەی سەربازێکی ئەمەریکی بە هۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو لە لایەن بزووتنەوەی تالیبان گیانی لەدەست دا، ئینجا لەدوا چرکە ترەمپ لە رێککەوتنەکە پەشیمان بۆوە.لەبارەی دەست لەکارکێشانەوەکان و کاریگەرییان بەسەر کۆشکی سپییەوە ماسیۆ بروەسکی توێژەر لە گرووپەکانی دیراساتی ئەمنی واشنتۆن دەڵێت؛ هەر دەست لەکارکێشانەوەیەک بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری بەسەر حزبەکەیانەوە دەبێت. کاتێ ترەمپ بووە سەرۆکی ئەمەریکا دیموکراتەکانی دەوروبەری رایانگەیاند ئەوان پشتێنەیەک بۆ پاراستنی وڵات دروست دەکەن و ناهێلن بریاری توند بگرێتە بەر. دیموکراتەکان زۆر متمانەیان بە ماتیس هەبوو ، بەڵام کە دەرچوو راستگۆیی خۆیان لە دەست دا.

هەڵۆکۆماریيەکانیش نمونەی من جێهێشتنی بولتون نیگەرانی کردین لەبەر ئەوەی ئەو وەک هەڵۆیەک بەرپەچی هەڕەشەکانی ئێران و کۆریای باکووری دەدایەوە، کاریگەری بولتن لە مانگی تەمموزی 2019دەرکەوت، لەو کاتەی ئێران فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئەمەریکای لە گەرووی هورمز ،خستە خوارەوە ئەو سات ترەمپ رایگەیاند ئێران هەڵەیەکی گەورەی ئەنجام داوە بڕیاری وەشاندنی زەبرێکی سەربازی لەدژی ئێران دا، بەڵام دواتر ژەنەراڵ و هاوپەیمانەکانی تووشی شۆک کرد لە توێتێکی رایگەیاند پێش دە خولەک لە جێبەجێ کردنی گورزە سەربازییەکە بڕیاری وەستاندم دا، لەبەر ئەوەی (150) پێیان راگەیاندم کەس دەبنە قوربانی کرداره سەربازییەکە، منیش پێوایە ڕەتدانەوەکە لەگەڵ کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان گونجاو نییە، بۆیە بڕیارەکەم پووچەڵ کردەوە. هەڵۆ کۆماریيەکان بەم بڕیارەی ترەمپ هیوابڕاو بوون پێیانوابوو ڕەت نەدانەوە هانی ئێران دەدات کاری ئیستیفزازی زیاتر بکات و یاری بەئەورووپاو ئەمەریکا بکات، دوور نییە ئەورووپییەکان بەبەردەوامی هەوڵی رازیکردنی تاران بدەن لەسەر ئەمەریکا پێویستە هێڵێکی سوور بۆ ئێران دیار بکات و لەکاتی بەزاندنی هێڵەکەش لەلایەن ئێرانەوە پێیەوە پابەند بێت.

مۆلەڕو هەڵمەتەکانی دەستگیرکردن و هەوڵەکانی لادانی سەرۆک

ترەمپ هەر لەبەر سیاسەتە دەرەکییەکانی تووشی کێشە نەبۆوە، بەڵکو لە ناوخۆش ڕووبەڕووی لێشاوێک لە کێشە هات، دەرکردنی جایمس کومی بەڕێوەبەری ئەی بی ئێف کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا ، وەزیری داد بڕیاری دامەزراندنی ڕوبەرت مۆلەری وەک لێکۆڵەری تایبەت دا تا لە ئەگەری دەستێوەردانی ڕووسەکان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ترەمپ بکۆڵێتەوە ,دوای بەسەرچوونی نزیکەی ماوەی دووسااڵ مۆلەر راپۆرتی کۆتایی لە مانگی نیسانی 2019لەبارەی کێشەکە خستەڕوو، هەرچەندە راپۆرتەکە ترەمپی لە تۆمەتی دەست تێکەڵ کردنی راستەوخۆی لەگەڵ ڕووسەکان بێ تاوان دەرخست بەڵام (34)کەسی دیکەی وەک تاوانبار نیشاندا لە نێویاندا بوڵ مانافورتی بەڕێوەبەری پێشووی هەڵمەتی ترەمپ و مایکل فلینی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و مایکل کوهێنی پارێزەری پێشووی ترەمپ کەسانی دیکەشی تیابوو. بەڵام دوای پێشکەش کردنی راپۆرتەکە مۆلەر بە کۆنگریسی ڕاگەیاند (بڕوای تەواوم بەوە نییە کە سەرۆک کۆسپی نەخستبێتە بەردەم لێکۆڵینەوەکەو دەرکەوتنی راستییەکان) بەم وتەشی دەرگایەکی لەبەردەم کۆنگریس والا کرد تا یەدیارکراوی سەرنج بخەنە سەر ئەم خاڵە، بەڵام لەبەر ئەوەی نانسی بیلوسی سەرۆکی ئەمجوومەنی نوێنەران پێی وابوو ئەمە بەڵگەی تەواو بەدەست نادات تا لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە بکرێت، بابەتەکە فەرامۆش کرا تا ئەو کاتەی هەر دوای ڕۆژێک لە راپۆرتەکەی مۆلەر بابەتی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی ترەمپ لەگەڵ فولودیمیر زیلینسکی سەرۆکی ئۆکرانیا خرایەڕوو، بەمەش دیموکراتەکان زیاتر پاڵپشتی کردنی خۆیان بۆ لادانی سەرۆک دەربڕی.پەیوندییە تەلەفۆنییەکە کە تیایدا ترەمپ داوا دەکات لێکۆڵینەوە لە کۆمپانیاکە ڕاگرێت چونکە بایدن و کوڕەکەی دەیانەوێت خەڵکی زیاتر لەسەر ئەو بابەتە ئاگادار بکەنەوە ، ئەمە وایکرد نانسی بیلوسی بە گرتنەبەری ڕێکاری لادانی سەرۆک رازی بێت، ئەوەبوو لە 24ی مانگی ئەیلوولی 2019ڕایگەیاند دەست بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ترەمپ بەمەبەستی دووڕخستنەوەی دەکرێت ، بەمەش ترەمپ بووە چوارەمین سەرۆکی ئەمەریکا ئەم ڕێکارەی لە بەرامبەر بگیرێتەبەر، کە پێشتر هەر یەک لە ئەندرۆ جونسون لە سالی 1868و ریچارد نیکسۆن لە سالی 1974)کە دواتر پێش دەستکردن بە ڕێکاری لادانی خۆی دەستی لەکارکێشایەوە)و بیل کلینتۆن لە سالی 1998 ڕووبەڕووی هەمان ڕێکاری دووڕخستنەوە بوونە. لە قۆناغەکانی ڕێکاری دانیشتنە ئاشکراو داخراوەکانی لەکارلادانی سەرۆک، گەواهی لە (17) کەس لەکەسە نزیکەکانی سەرۆک و بەرپرسەکانی ئێستاو پێشووتر وەرگیرا لە ئێوارەی 18ی کانوونی یەکەم ئەنجوومەنی نوێنەران لادانی چل و پێنجەمین سەرۆکی ئەمەریکای پەسندکرد، بەمەش بڕیاری کۆتایی لەسەر لادانی ترەمپ دەکەوێتە گۆڕەپانی ئەنجوومەنی پیران، لەبەر ئەوەی کۆماریيەکان لە ئەنجومەنی پیران زۆرینەن و ڕەزامەندی نواندن لەسەر لادانی سەرۆکیش پێویستی بە دوو لەسەر سێی دەنگەکانە پێناچێت ئەنجوومەنی پیران بڕیاری دوورخستنەوەی ترەمپ پەسند بکات. بەتایبەتیش ترەمپ بەنیازە خۆی بۆ خوولی دووەمی سەرۆکایەتی ئەمساڵ 2020کاندید بکات، وا دەخوازێت کۆماریيەکان پشتی بگرن، ئەگەر نا لەسەریانە باجەکەی بدەن، هەندێ پێیان وایە ئەگەر ترەمپ لەو دادگایەش ڕزگاری بێت ئەوا هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی وەک دادگایەکی جەماوەری دەبێت بۆی.



www.xebat.net
یەک شەمە 2020/1/19 ژمارە (5913)



سالّی 2020 لە چاوی پسپۆڕاندا

(30) ململانێ جیهان سەرقاڵ دەکەن

ئا: هەندرێن شێرزاد

لە کۆتایی هەموو ساڵێکدا،سەنتەری کاری خۆپارێزیی سەر بە ئەنجوومەنی پەیوەندیە دەرەکیەکان لە واشنتۆن تۆژینەوەیەک سەبارەت بەو ناکۆکی و ململانێیانە ئامادە دەکات کە پێشتر هەبوون و چاوەڕێ دەکرێ پەرەسەندنی زیاتر بەخۆیانەوە ببینێ،هەروەها ئەو کێشانەش کە پێشبینی دەکرێ لە ساڵی داهاتوو رووبدەن. لە تۆژینەوەی کۆتایی ساڵی 2019ی ئەو سەنتەرەدا، 500شارەزا و پسپۆر بەشداریان کردووە و باسیان لەوە کردوە کە لە ساڵی 2020دا زیاتر لە 30کێشە و ململانێ هەن،هەندێکیان وەک خۆیان دەمێننەوە و هەندێکیش بەرەو خاوبوونەوە و چارەسەر دەچن.

ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران

وەک ساڵی پار،شارەزایانی سیاسەتی دەرەوە پێیان وایە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا لە هەموو ناوچەکانی دیکەی جیهان پرکێشەترن و کاریگەریان زیاترە لەسەر ئەمەریکا. ئەوان بە دووری نازانن ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی لە نێوان ئەمەریکا و ئێران ڕوو بدات،ئەگەر چی ڕووداوی جەنگێکی لەم جۆرە تەواو مسۆگەر نیە.

عێراق و تورکیا و سووریا

زیادبوونی ئاستەکانی ناسەقامگیری سیاسی لە عێراق بەهۆی بوونی تایەفەگەری و نالەباری بارودۆخی ئابووری بە پلەی دووەمی ئەو ئەگەرانە دێت،دوای ئەویش زیادبوونی تووندوتیژیی لە نێوان تورکیا و گرووپە کوردیەکان لەناو خاکی تورکیا و سووریا بە پلەی سێیەم دێ،ئینجا هەوڵەکانی ڕژێمی سووریا لە پێناوی سەپاندنی دەسەڵات بەسەر ناوچەی زیاتر کە دەبێتە هۆی ئەوەی قوربانی زیاتری لێ بکەوێتەوە.

یەمەن

بە پێچەوانەی بۆچوونە ڕەشبینەکان،ئەو شارەزایانە لە ئاستی خراپی و مەترسی شەڕی ناوخۆی یەمەن کەم دەکەنەوە. لەو بارەوە ئەوان پێیان وایە ئێستا کۆمەڵێک هەوڵ و پێشنیاز لە پێناوی هێنانەدی ئاشتی لەو وڵاتە لە ئارادان.

ئیسرائیل

چاوەڕێ دەکرێ ئاستی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان ئیسرائیل و ئەو هێزانەی لەلایەن ئێرانەوە لە لوبنان و سووریا پشتگیریان لێدەکرێ،ڕوو لە چڕبوونەوە بکەن. هاوکات لە تۆژینەوەکەدا باس لەوەش کراوە کە ململانێی توند لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینیەکان ڕوونادەن،بە جۆرێک ببنە مایەی هێرشکردنە سەر خەڵکی سڤیل یان سەرهەڵدانی خۆپیشاندان و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی.

لیبیا و سۆماڵ

شارەزایانی بەشدار لە تۆژینەوەکە ، پێشبینی بەرزبوونەوەی ئاستی تووندوتیژیی لە نێوان هێز و لایەنە پێشبڕکێکارەکانی لیبیا دەکەن،هەروەها دوور نیە کاریگەری بۆ سەر سەقامگیری ناوچەکە هەبێ . لە سۆمالیش بزووتنەوەی شەبابی توندڕەو هەوڵی ئەنجامدانی هێرشی زیاتر دەدات و لە ئەنجامیشدا ناوچەی زیاتر کۆنترۆڵ دەکات.

ئەسیوپیا

ئەگەرچی ئەم تۆژینەوەیە لە بنەڕەتدا بۆ 30 ململانێی جیهانی تەرخان کراوە ، بەڵام شارەزایانی سیاسەتی دەرەوە دەرفەتیان بۆ ڕەخسا بۆ ئەوەی باس لە چەند کێشە و ململانێیەکی دیکە بکەن کە ئەگەری سەرهەڵدانیان بە دوور نازانن و شایەنی باینەخن. لە نێو ئەم کێشانەدا ئەگەری سەرهەڵدانی ئاڵۆزی و ناسەقامگیریەکی ناوخۆیی لە ئەسیوپیا و زیادبوونی کاریگەری بزووتنەوە و پارتە جیاخوازەکان .

ئەفغانستان

لەنێو تۆژینەوەکەدا ئەفغانستان بە پلەی پێنجەمی لیستی ململانێ دریژخایەنەکان دێ. بەشداربووان پێیان وایە لەو وڵاتەدا ئاستی تووندوتیژیی و ناسەقامگیری سیاسی ڕوو لە زیادبوون دەکات ، بە تایبەتیش دوای ئەو سەرکەوتنە سەربازیانەی تاڵیبان وەدەستیان دێنێ ، هاوکات دارمانی حکوومەتی ئەفغانستان لە کابول بە دوور نازانرێ .

یەکێتی ئەورووپا

لە تۆژینەوەکەدا هاتووە : لەبەر چەند فاکتەرێک بەرزبوونەوەی ئاستەکانی ناسەقامگیری سیاسی لە یەکێتی ئەورووپا بە دوور نازانرێ ،گرنگترینیان گەشەکردن و زیادبوونی ڕەوتی تووندڕەوی و دژایەتیکردنی پەنابەران لە وڵاتانی ئەم یەکێتیە ، ئەمە جگە لەو کایگەریە وێرانکەرەی کە لەوانەیە لە دەرچوونی بەریتانیا لەو یەکێتیە بکەوێتەوە.

ئەمەریکا

بەو پێیەی شارەزایانی ئەمەریکا مەترسی و ململانێکان بە گوێرەی ئاستی کاریگەریی لەسەر بەرژەوەندیەکانی وڵاتەکەیان پۆلێن دەکەن ، بۆیە ئەوان دوو لێکدانەوەیان هەیە :

لەوانەیە بەشێک لەو دامودەزگایانەی پەیوەندیان بە ژێرخانی ئەمەریکاوە هەیە ، ڕووبەڕووی هێرشی ئەلیکترۆنی ببنەوە ، هاوکات لە ناوەوەی وڵاتیش سەبارەت بە ئاستی کاریگەریی دەستوەردانی دەرەکی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەمەریکا ناکۆکی زیاتر بەدی دەکرێ . دوور نیە ئەمەریکا ڕووبەڕووی هێرشێکی گەورەی تیرۆرستی ببێتەوە و ببێتە هۆی کوژران و بریندارببونی خەڵکێکی زۆر . دوای ئەوە ئەگەری بەرپابوونی شەڕ لەگەڵ کۆریای باکوور لە ئارادایە ، بە تایبەتیش دوای سەرنەکەوتنی گفتوگۆی ئەتۆمی و تاقیکردنەوەی مووشەکی دوورهاوێژ لەلایەن پیۆنگ یانگەوە.

چین و ئەمەریکا

ئەگەرچی ڕوودانی ململانێی سەربازی لە نێوان واشنتۆن و پەکین ئەگەرێکی مسۆگەر نیە ، بەڵام لەکاتی ڕوودانیدا کاریگەریی زۆری دەبێ بۆ سەر ئەمەریکا. بەڵام ئەو شارەزایانە پێیان وایە دوور نیە بە هۆی بوونی ناکۆکی لەسەر چەند ناوچەیەکی دەریایی لە دەریای چینی باشوور ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەربازی لە نێوان چین و دراوسێکانی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (ڤیێتنام یان برۆنای یان ئەندۆنیسیا یان مالیزیا یان فلیپین یان تایوان) ڕووبدات.

ئەمەریکای لاتین

ئەمەریکای لاتینیش بە توندی خۆی خزاندۆتە نێو لیستی ئەو کێشە و ململانێیانەی کاریگەریی ڕاستەوخۆیان بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەیە . لەو بارەوە شارەزایان ترسیان پیشان داوە لە ئەگەری تێکچوونی بارودۆخی ئابووری و ئاسایش لە هەرێمەکە لە سڵفادۆر و گواتیمالا و هیندۆراس ، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاستی هەژڕانی پەنابەرانی ئەم ناوچانە بۆ ئەمەریکا . هاوکات زیادبوونی ئاستی ململانێکان لە قەنزویلاش دوور نیە هەمان کێشەی لێ بکەوێتەوە.

ئەفریقیا

لە وڵاتە کەنارەکانی ئەم کیشوەرە ، هەروەها لە مالی و نایجەر و بۆرکینافاسۆ و باشووری سوودانیش ، پێشبینی بڵاوبوونەوەی ناسەقامگیری سیاسی دەکرێ ، بەمەش ژمارەیەکی زۆری پەنابەران ڕوو دەکەنە وڵاتانی تر. هەروەها دارمانی ڕێککەوتنی ئاشتی و بەردەوامبوونی تووندوتیژی و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی ئیبۆلا لە کۆماری ئەفریقیای ناوەڕاست و ناوچەی دەڵتا و نایجیریا و کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی هۆکاری سەرەکین بۆ زیادبوونی ڕێژەی پەنابەران.

هیند و پاکستان

هێشتا ململانێی نێوان هیند و پاکستان سەبارەت بە هەرێمی کشمیر لە ئاستی مەترسیدایە و لەوانەیە هێرشێکی تیرۆرستی یان زیادبوونی ئاستی تووندوتیژی لە کشمیر ببێتە هۆی بەرپابوونی شەڕێکی سەرتاسەری لە نێوان هەردوولا.

تووندوتیژی لە دژی ڕۆهینگا

شارەزایانی بواری سیاسەتی دەرەکی لە واشنتۆن دەڵێن بەردەوامبوونی هێزە حکوومیەکانی میانمار لەسەر گرتنەبەری تووندوتیژی لە دژی ڕۆهینگاکان دەبێتە هۆی زیادبوونی ناسەقامگیریی لە ناوچەکە .

هۆنگ کۆنگ

بەشداربووانی تۆژینەوەکە پێیان وایە زیادبوونی ئاستی ناڕەزایی و خۆپیشاندان لە هۆنگ کۆنگ ، لە کۆتاییدا هێزەکانی ئایشی چین ناچار دەکات پەنا ببەنە بەر پشتبەستن بە تووندوتیژیی لە دژی خۆپیشاندەران.

جەمسەری باکوور

لەگەڵ ئەم هەموو کێشە و گرفتە نێودەوڵەتیانە ، پێناچێ ناوچەی جەمسەری باکوری سارد و سڕ لە گەرموگوڕی ئەو کێشانە دوور بێ. لەو بارەوە شارەزایان ئەگەرەکانی زیادبوونی مەترسی ڕووبەڕووبوونەوە لە نێوان ئەمەریکا و ڕووسیا لەو ناوچەیە بەدوور نازانن . بەو پێیەی ئەوان لە پێناوی کۆنترۆلکردنی خاک و سامانی سڕووشتی ناوچەکە لە ململانێی بەردەوام دان .







مانشێت



سکای نیوز:
بزووتنەوەی تاڵیبان ڕایگەیاند کە ئامادەیە بۆ ماوەی 10 ڕۆژ ئاگربەست ڕابگەیەنێ و شەڕ لە دژی حکوومەتی ئەفغانستان ڕابگرێ .



ئیلاف:
سەدان کۆچبەری هیندۆراسی وڵاتەکەی خۆیان بەجێ هێشتووە و ئێستا بە مەبەستی گەیشتن بە ئەمەریکا لە سنوورەکانی مەکسیک نزیک بوونەتەوە.



ئەی ئێف پی:
دوای ئەوەی ڕەخنەی ئاراستەی زیلینسکی سەرۆک کرد، ئۆلیکسی گۆنشاروکی سەرۆکوەزیرانی ئۆکرانیا دەستی لەکار کێشایەوە .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
سەرۆکی فەرەنسا ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی دوورگەی عەرەبی، هێزێکی تایبەتی ڕەوانەی ناوچەکە کردووە .



فرانس 24:
بەریتانیا ناوی هەردووک باڵی سیاسی و سەربازی حزبوڵای لوبنانی خستە ناو لیستی تیرۆر .



کەنالّی ئار تی:
لە ویلایەتی یوتای ئەمەریکا و لە ئەنجامی ڕووداوێکی تەقەکردندا 4کەس کوژران .

دکتۆر هاوژین مستەفا بۆ «خەبات»:

لەگەنجاندا وشکی و ماندووبونی چاو زۆر بووە بەهۆی زۆر بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکان و خەوی نارێک



بەدڵنیاییەوە دەیڵێم کە دەرزی ئاڤاستین هەمیشە سوودەکانی زیاتر بووە لەزیان

هەموو چاوێک گونجاو نیە بۆ لەیزەر، بەڵام چاویلکە بێ کێشەیەو هیچ زیانێکی نییە



د.هاوژین مستەفا



دیمانە: وریشە عومەر

چاوپەکێکە لەئەندامەهەستیارەکان مرۆڤ دەربارەی نەخۆشییەکانی (چاو) و ئەم ئەندامەگرنگەی جەستەی چەند پرسیارێکمان ئاڕەستەی بەڕێز (دکتۆرە هاوژین مستەفا عەبدالصمد).هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە پزیشکی گشتی وبڕوانامەی ماستەر لە نەخۆشیەکانی چاو کرد و بەڕێزی بەم جۆرە شرۆڤەی بۆپرسیارەکانمان کرد:



پێناسەیەکی چاوی مرۆڤمان بۆ بکە؟

دەتوانین چاوی مرۆڤ بەهەستەوەرترین ئۆرگانی لەشی مرۆڤی هەژمار بکەین،پێکهاتوولەچەند بەشێک.ئەم ئۆرگانە وەک کامێرایەکی پێشکەوتوو کار دەکات.بەکورتی بەشی پێشەوەی چاو بەگلێنەی چاو ناسراوە ،بەشێکی ڕوونە ڕێگەدەدات بەگواستنەوەی ڕووناکی بۆ ژوورەوە ،بڕی ئەو ڕووناکییەلەلایەن بیلبیلەی چاوەوە دیاری دەکرێت و کۆنترۆڵ دەکرێت.دواتر هەوێنەی چاو(عدسە)فۆکەس دەکات و ڕووناکییەکە دەگەینێتەتۆڕەی چاو ،لەوێ لەڕیگەی چەن خانەیەکی تایبەت وێنە دروست دەبێت ولەڕێگەی دەمارى چاوەوە دەگوازرێتەوە بۆ بەشی بینین لەمێشک.بەم شێوەیە چاو دەبێتە هۆی ئاشنابوونمان بەجیهانی دەرەوە.

نەخۆشی کورد زیاتر لە مەسەلەی چاو بە دەستی چیەوە دەنالێنێ؟

بەداخەوە هیچ داتایەکی ڕاستەقینەم بەر دەست نیە لە ئێستادا ، بەڵام بەگشتی باسی ئەکەم بەپێی ئەو نەخۆشانەی ڕۆژانە لە ڕاوێژکاری و کلینیکەکان دەیان بینین،لەمندالآن زیاتر کزی چاو وتەمبەڵی چاو و هەستیاری چاو باوە،لەگەنجاندا بەگشتی ووشکی و ماندووبونی چاو زۆر بووە بەهۆی زۆر بەکار هێنانی ئامێرە زیرەکەکان و خەوی نارێک،لەبەسالآ چواندا ئاوی سپی و بەرزی پەستانی چاو کە ناسراوە بەئاوی ڕەش،هەروەها کاریگەری نەخۆشی شەکرە لەسەر چاو لەو کەسانەی کەبەدەس ئەو نەخۆشییەوە دەنالێنن.

مەسەلەی زەعیفی چاو، لە نێوان داتانی چاوێکەو لێدانی لێزەر، کامیان بەپەسەندتر دەزانی و بۆچی ؟

ناتوانم بەشێوەیەکی ڕەها وەلآم بدەمەوە،چونکە لەکەسێکەوە بۆ کەسێک دەگۆڕێ،بەگوێرەی تەمەن وپیشەو وحالآەت و چاوی کەسەکە دەگۆڕێت.بەڵام ئەو کەسانەی کەنەشتەرگەری ڕاست کردنەوەی بینین دەکەن بە لەیزەر مەرجە تەمەنیان لەنێوان ٨-٤٠ساڵ بێت، وهیچ نەخۆشیەکی چاو و نەخۆشی دریژ خایەنیان نەبێت کە کار بکاتە سەر بینینی چاو ،و پشکنینی تایبەتیان پێویستە بۆ ئەوەی بزانین کە چاوی کەسەکە گونجاوە بۆ لەیزەر دووبارە پێویستی بەدانانی چاویلکە بێت!ئەمانە مەرج نیە لەهەموو کەسێکدا ڕووبدات بەڵام ئەگەری هەیە بۆیە پێویستە نەخۆش پێش وەختە ئەم ئەگەرانەی بۆ باس بکرێت ولێیان ئاگادار بێت.

لەکاتێکدا پسپۆڕی بەردو تەخەسوسی دەڕوات ،بەڵام پزیشکانی چاو خۆیان لەهەموو دەردەکانی چاو دەدەن ونەشتەرگەری بۆ ئەنجام دەدەن؟

چاو پسپۆڕیەکی ووردە و بەگشتی نەشتەرگەریەکانی وورد و ئالۆزن، چەند نەشتەرگەریەک هەیە کە هەموو بزیشکێکی پسپۆڕی چاو دەتوانێ ئەنجامیان بدات بەبێ بەدەس هێنانی هیچ بڕوانامەیەکی وورد،بەڵام هەندێک نەشتەرگەری هەیە پێویستیان بەپسپۆڕی وردە لەو بوارە،پێشتر لەکوردستان هەندێک پسپۆڕیی وردی چاو نەبوون بۆیە پزیشکانی چاو ناچار ئەبوون نەخۆش ڕەوانەی وولآتانی دەرو و بەر بکەن بۆ نەشتەرگەری،بەڵام بەخۆشحاڵیەوەلە ئێستادا چارەسەری هەموو نەخۆشیەکانی چاو دەکرێن و پسپۆڕی وردی هەموو بەشەکانی چاومان هەیەبەهۆی بەڕەو پێش چوونی بەشەکەو کرانەوەی کوردستان بەڕووی وولآتانی جیهان و توانای بەشدار کردنی پزیشکانی کورد لە خولی ڕاهێنان و کۆنفرانسی جیاواز وە بەدەستهێنانی بڕوانامە لە بواری جیا جیاکانی چاو.

بۆچی دەرزی ئاڤاستین لەوولآتێکی وەکو تورکیا ڕێگە پێدراوە بەلآم لێرە دەڵێن چاوەکان کوێر دەکات؟

چونکە هەموو چاوێک گونجاو نیە بۆ لەیزەر، بەڵام چاویلکە بێ کێشەیەو هیچ زیانێکی نییە ! ئەم خالە پێویستە بۆ نەخۆش ڕوون بکرێتەوە لەلایەن پزیشکی چارەسەرکار.

بۆچی گەلێکی پێشکەوتووی وەک ژاپۆن کەسن بەشیان چاویلکەی لەچاوە پەنا نابەنە بەر لێدانی لەیزەر؟

ڕاستکردنەوەی بینین بەلەیزەر بەنەشتەرگەریەکی جوانکاری هەژمار دەکرێت بۆ ڕزگار بوون لەچاویلکە ،وەکو خۆشتان دەزانن گرنگیدان بەبابەتەکانی جوانکاری لەکلتوری گەلاندا جیاوازە ،بەداخەوە لەلای ئێمە زۆربەی خەڵکی لەچاوکردنی چاویلکە بەعەیبە دەزانن،زۆر نەخۆش ووتوویەتی" دکتۆرە ناتوانم چاویلکە لەچاو بکەم چونکە دەور و بەرم گاڵتەم پێ ئەکەن"!هەروەها لایەنی ئابووریش ڕۆڵی هەیە چونکە ئەم نەشتەرگەریە لەوولآتێکی وەکو یابان تێچوی زۆرە بەراورد بەلای خۆمان.

ئایا موزاعەفاتی بۆ ئایندە تێدایە..؟

بەڵێ هیچ پرۆسیجەرێک بێ بەری نیە لە موزاعەفات نەگەر ڕێژەکەی کەمیش بێت،گرنگترینیان ووشکی چاو هەستیاریی بەڕووناکی شەوان وەهەندێک جار زیاد ڕاست کردنەوە کەوا دەکات نەخۆشەکە دووبارە پێویستی بەدانانی چاویلکە بێت!ئەمانە مەرج نیە لەهەموو کەسێکدا ڕووبدات بەڵام ئەگەری هەیە بۆیە پێویستە نەخۆش پێش وەختە ئەم ئەگەرانەی بۆ باس بکرێت ولێیان ئاگادار بێت.

لەکاتێکدا پسپۆڕی بەردو تەخەسوسی دەڕوات ،بەڵام پزیشکانی چاو خۆیان لەهەموو دەردەکانی چاو دەدەن ونەشتەرگەری بۆ ئەنجام دەدەن؟

چاو پسپۆڕیەکی ووردە و بەگشتی نەشتەرگەریەکانی وورد و ئالۆزن، چەند نەشتەرگەریەک هەیە کە هەموو بزیشکێکی پسپۆڕی چاو دەتوانێ ئەنجامیان بدات بەبێ بەدەس هێنانی هیچ بڕوانامەیەکی وورد،بەڵام هەندێک نەشتەرگەری هەیە پێویستیان بەپسپۆڕی وورە لەو بوارە،پێشتر لەکوردستان هەندێک پسپۆڕیی وردی چاو نەبوون بۆیە پزیشکانی چاو ناچار ئەبوون نەخۆش ڕەوانەی وولآتانی دەرو و بەر بکەن بۆ نەشتەرگەری،بەڵام بەخۆشحاڵیەوەلە ئێستادا چارەسەری هەموو نەخۆشیەکانی چاو دەکرێن و پسپۆڕی وردی هەموو بەشەکانی چاومان هەیەبەهۆی بەڕەو پێش چوونی بەشەکەو کرانەوەی کوردستان بەڕووی وولآتانی جیهان و توانای بەشدار کردنی پزیشکانی کورد لە خولی ڕاهێنان و کۆنفرانسی جیاواز وە بەدەستهێنانی بڕوانامە لە بواری جیا جیاکانی چاو.

بۆچی دەرزی ئاڤاستین لەوولآتێکی وەکو تورکیا ڕێگە پێدراوە بەلآم لێرە دەڵێن چاوەکان کوێر دەکات؟

دەرزی ئاڤاستین خزمەتێکی زۆری نەخۆشانی شەکرەی کردووە لەکوردستان چونکە یەکێک لەئالۆزیەکانی ئەو نەخۆشیە دروست بوونی مولولەخوێنی نوێیە لەسەر تۆڕەی چاو ،هەروەها ئاوسانی سەنتەری بینینی چاوە ،ئەو موولولەخوێنانە زۆر وورد و بێ هێزن کەبەئاسانی دەتەقن ،بەو هۆیە تۆڕەی چاو تووشی خوێن بەربوون دەبێت ودەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ڕادەی بینین.لەم حالآتەدا نەخۆش پێویستی بەلێدانی دەرزی ئاڤاستینە لە ناو چاوی، کەوادەکات ئەو موولولەخوێنانە ووشک بکەن وزیانەکانی ڕابگرن یان کەم بکەنەوە. وەچەندەها بەکارهێنانی دیکەی هەیە لەنەخۆشیەکانی چاودا..بەڵام گرنگترینیان نەخۆشانی شەکرەن.ئەم دەرزیە بۆ ماوەیەکی زۆر بووە فریاد ڕەسی نەخۆشانی شەکرە لەکوردستاندا و چەندەها نەخۆشی لە مەترسی لەدەستدانی چاوەکانیان ڕزگار کرد..بەداخەوە ئەوە چەندسالآیکە لەنەخۆشخانەحکومیەکانی هەرێمدا قەدەغەکراوە بەهۆی ڕووداویکی نەخوازراوەوە کەچەند نەخۆشێک تووشی بوون!قەدەغەکردنی ئەم دەرمانە زیانێکی زۆری بەنەخۆشی کەم دەرامەت وهەژار گەیاندووە و ڕۆژانە چەندەها نەخۆش دەبینین بەرەو کوێر بوون دەچن چونکە بەدیلەکەی زۆر گرانە و هەموو کەسێک پێی دابین ناکرێت!بڕیەهیوادارم وەزارەتی تەندروستی بەو بڕیارەدا بچێتەوە بۆ دووبارە دابین کردنی ئەودەرمانە ،بەمەرجێک بەکوالیتی کۆنترۆلدا تێپەڕێت وپشکنینی پێش وەختەی بۆ بکرێت .هەموو دەرمانێک لەوانەیە چەن زیانێکی لاوەکی هەبێت، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ئایا بەکار هێنانی ئەو دەرمانە سوودی زیاترە یان زیان!بەدڵنیاییەوە دەیڵێم کە دەرزی ئاڤاستین هەمیشە سوودەکانی زیاتر بووە لەزیان.

چاویلکەی شەمسی تەنها وەرزێکە پێویستە لەچاو بکرێ یان زستانیش پێویستە ؟بۆچی؟

چاویلکەی بەرهەتاو هەموو کاتێکی ڕۆژ و هەموو وەرزێک پێویستە نەک تەنها بەهاوین ،بۆ پاراستنی چاوەکان لەتیشکی سەروو وەنەوشەیی ،چونکە ئەو تیشکە زیان بە چاو دەگەێنێ بەبەرکەوتنی بترەدەوام ڕەنگە بێبێتە هۆی ئاوی سپی ، و هەروەها زیانی هەیە بۆ تۆڕەی چاویش.لەهەمان کاتدا چاویلکەی (شمسی) بەشی دەرەوەی چاوەکان دتپارێزێ لە کەش وهەوای ناێگیر وخۆڵ وتۆز.

پێویستە لەماوەی چەن مرۆڤ پشکنین بۆ چاوەکانی بکات؟

بەگشتی سالآنە جارێک پشکنین بۆ چاوەکان بکرێت باشە.بەڵام ئەمە بەپێی تەمەن وهندێک حالآەت دەگۆڕێت بۆ نمونە ئەگەر کەسەکە نەخۆشی دڕێژ خایەنی هەبێت وەکو نەخۆشی شەکرە یان هەندێک دەرمانی دڕێژ خایەن بەکار بهێنێت ،پێویستی بە پشکنینی زووترە،هەروەها لەمندالآن قۆناغی باخچە و سەرەتای قوتابخانە گرنگن بۆ پشکنینی چاو چونکە کزی چاو لەو تەمەنەدا زۆر هەستیارە ئەگەر زوو دەسنیشان و چارەسەر نەکرێت ئەبێتە هۆی تەمبەڵبونی چاو.

هۆکار چیە لەگەڵ بونی ئەو هەموو پزیشکەی چاو کەچی نەخۆش دەچنە دەرەوەی وولآت بۆ چارەسەری چاو؟

ئەو بابەتە تەنها نەخۆشی چاو ناگرێتەوە بەڵکو هەموو بەشەکانی تریش بەداخەوە، هۆی یەکەمی دەگەڕێنمەوە بۆ نەمانی متمانە لەنێوان پزیشکی کورد ونەخۆش کە هەندێک میدیا و میدیا کارانیش دەستێکی بالآیان هەیە لەنەهێشتنی ئەو متمانەیەامەرج نیە کە پزیشکێک هەڵسوو کەوتی خراپ بوو لەگەڵ نەخۆش ئیدی هەموان بە جەللاد و قەساب لەقەڵەم بدرێین،دواجار پزیشکیش مرۆڤە ،مرۆڤیش چاک و خراپی هەیە بەگشتی لەکوردستان پزیشکی زۆر متمانە پێکراومان هەیە ،وە نەخۆشیش ئازادە لەهەڵبژاردنی پزیشکی خۆی. هیوادارم میدیا ڕۆڵی باشی هەبێت لە پیشاندانی ڕووی جوانی پزیشکان .دووەم هۆکاریش بەڕای من دەگەڕێتەوەبۆ چاوليكەری ، کەیەکێک لەدەرەوە چارەسەری کرد ئیدی دەبێتە باو.

دەرزی ئاڤاستین خزمەتێکی زۆری نەخۆشانی شەکرەی کردووە لەکوردستان چونکە یەکێک لەئالۆزیەکانی ئەو نەخۆشیە دروست بوونی مولولەخوێنی نوێیە لەسەر تۆڕەی چاو ،هەروەها ئاوسانی سەنتەری بینینی چاوە ،ئەو موولولەخوێنانە زۆر وورد و بێ هێزن کەبەئاسانی دەتەقن ،بەو هۆیە تۆڕەی چاو تووشی خوێن بەربوون دەبێت ودەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ڕادەی بینین.لەم حالآتەدا نەخۆش پێویستی بەلێدانی دەرزی ئاڤاستینە لە ناو چاوی، کەوادەکات ئەو موولولەخوێنانە ووشک بکەن وزیانەکانی ڕابگرن یان کەم بکەنەوە. وەچەندەها بەکارهێنانی دیکەی هەیە لەنەخۆشیەکانی چاودا..بەڵام گرنگترینیان نەخۆشانی شەکرەن.ئەم دەرزیە بۆ ماوەیەکی زۆر بووە فریاد ڕەسی نەخۆشانی شەکرە لەکوردستاندا و چەندەها نەخۆشی لە مەترسی لەدەستدانی چاوەکانیان ڕزگار کرد..بەداخەوە ئەوە چەندسالآیکە لەنەخۆشخانەحکومیەکانی هەرێمدا قەدەغەکراوە بەهۆی ڕووداویکی نەخوازراوەوە کەچەند نەخۆشێک تووشی بوون!قەدەغەکردنی ئەم دەرمانە زیانێکی زۆری بەنەخۆشی کەم دەرامەت وهەژار گەیاندووە و ڕۆژانە چەندەها نەخۆش دەبینین بەرەو کوێر بوون دەچن چونکە بەدیلەکەی زۆر گرانە و هەموو کەسێک پێی دابین ناکرێت!بڕیەهیوادارم وەزارەتی تەندروستی بەو بڕیارەدا بچێتەوە بۆ دووبارە دابین کردنی ئەودەرمانە ،بەمەرجێک بەکوالیتی کۆنترۆلدا تێپەڕێت وپشکنینی پێش وەختەی بۆ بکرێت .هەموو دەرمانێک لەوانەیە چەن زیانێکی لاوەکی هەبێت، بەڵام ئەوە بزانین ئایا بەکار هێنانی ئەو دەرمانە سوودی زیاترە یان زیان!بەدڵنیاییەوە دەیڵێم کە دەرزی ئاڤاستین هەمیشە سوودەکانی زیاتر بووە لەزیان.

چاویلکەی شەمسی تەنها وەرزێکە پێویستە لەچاو بکرێ یان زستانیش پێویستە ؟بۆچی؟

چاویلکەی بەرهەتاو هەموو کاتێکی ڕۆژ و هەموو وەرزێک پێویستە نەک تەنها بەهاوین ،بۆ پاراستنی چاوەکان لەتیشکی سەروو وەنەوشەیی ،چونکە ئەو تیشکە زیان بە چاو دەگەێنێ بەبەرکەوتنی بترەدەوام ڕەنگە بێبێتە هۆی ئاوی سپی ، و هەروەها زیانی هەیە بۆ تۆڕەی چاویش.لەهەمان کاتدا چاویلکەی (شمسی) بەشی دەرەوەی چاوەکان دتپارێزێ لە کەش وهەوای ناێگیر وخۆڵ وتۆز.

پێویستە لەماوەی چەن مرۆڤ پشکنین بۆ چاوەکانی بکات؟

بەگشتی سالآنە جارێک پشکنین بۆ چاوەکان بکرێت باشە.بەڵام ئەمە بەپێی تەمەن وهندێک حالآەت دەگۆڕێت بۆ نمونە ئەگەر کەسەکە نەخۆشی دڕێژ خایەنی هەبێت وەکو نەخۆشی شەکرە یان هەندێک دەرمانی دڕێژ خایەن بەکار بهێنێت ،پێویستی بە پشکنینی زووترە،هەروەها لەمندالآن قۆناغی باخچە و سەرەتای قوتابخانە گرنگن بۆ پشکنینی چاو چونکە کزی چاو لەو تەمەنەدا زۆر هەستیارە ئەگەر زوو دەسنیشان و چارەسەر نەکرێت ئەبێتە هۆی تەمبەڵبونی چاو.

هۆکار چیە لەگەڵ بونی ئەو هەموو پزیشکەی چاو کەچی نەخۆش دەچنە دەرەوەی وولآت بۆ چارەسەری چاو؟

ئەو بابەتە تەنها نەخۆشی چاو ناگرێتەوە بەڵکو هەموو بەشەکانی تریش بەداخەوە، هۆی یەکەمی دەگەڕێنمەوە بۆ نەمانی متمانە لەنێوان پزیشکی کورد ونەخۆش کە هەندێک میدیا و میدیا کارانیش دەستێکی بالآیان هەیە لەنەهێشتنی ئەو متمانەیەامەرج نیە کە پزیشکێک هەڵسوو کەوتی خراپ بوو لەگەڵ نەخۆش ئیدی هەموان بە جەللاد و قەساب لەقەڵەم بدرێین،دواجار پزیشکیش مرۆڤە ،مرۆڤیش چاک و خراپی هەیە بەگشتی لەکوردستان پزیشکی زۆر متمانە پێکراومان هەیە ،وە نەخۆشیش ئازادە لەهەڵبژاردنی پزیشکی خۆی. هیوادارم میدیا ڕۆڵی باشی هەبێت لە پیشاندانی ڕووی جوانی پزیشکان .دووەم هۆکاریش بەڕای من دەگەڕێتەوەبۆ چاوليكەری ، کەیەکێک لەدەرەوە چارەسەری کرد ئیدی دەبێتە باو.

چاپکراوی نوێ

بەیتی شەم و ئەوڵا ئاگرین



کتێبی (بەیتی شەم و ئەوڵا ئاگرین) لە بەرگێکی جوان و بە 80لاپەڕە لە نووسین و پێشەکی و ئامادەکردن و ڕێکخستن و لێکدانەوەی دکتۆر عەبدوڵلا ئاگرین کەوتە بەر دیدی خوێنەران، نووسەر سەرەتا بەناوی بەرکوڵێک باس لە خەسڵەتی ستاتیکای دەگمەن و ناسک و تایبەتمەندیتی بەیتی (شەم و ئەوڵا ئاگرین) نووسیوە، کتێبەکە بەسەر هەشت بەشدا دابەش بووە بەم شێوەیە: ڕوخساری ڕەنگاڵەیی و ستاتیکای هونەری وا خۆی دەنوێنێت، بەیتی شەم و ئەوڵا ئاگرین، گوڵباران، چەمکی یەکەم، چۆن شکۆ و هەڵکەوتوویی مامۆستا شەمسە کەریم غەفور هەڵسەنگێندراوە؟ چەمکی یەکەم عەتر پژێن بە بۆنی گەڵاڕێزان،هەندێ دەقی (بەیت)ی کوردی. دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین و خەرمان بەرکەت. شایانی باسە کتێبەکە بە چەندین وێنە ڕازێندراوەتەوە، دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین و خەرمان بەرەکەت.

زمانی میدیا



کتێبی (زمانی میدیا... چەمکەکان- بنەماکان- پراتیزەکردن) بە 240لاپەڕە و بەرگێکی جوان، لە وەرگێڕانی هاوکارمان کامەران تاهیر کەوتە بەردیدی خوێنەران، کتێبەکە بەسەر هەشت یەکەدا دابەش بووە بەم شێوەیە: زمان، زمانی ڕاگەیاندن،شێوازی نووسینی ئێزگە و کارامەیی نووسەر، پێکهاتەکانی زمانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، زمانی هەواڵ لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، زمانی ڕۆژنامەوانی، زمانی داتاکانی پێوەندییە گشتییەکان و پەیامەکانی ڕێکلامکردن، هەڵە باوەکانی زمان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا. شایانی باسە کتێبەکە لەلایەن د. سامی ئەلشەریف و د. ئەیمەن مەنسوور ندا نووسراوە، دەست خۆشی لە وەرگێڕ دەکەین، خەرمان بەرەکەت.

چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی خولە پیزە



کتێبی (چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی خولە پیزە- مەحمودخانی پیرۆژخان- و هەڤاڵەکانی لە تێکۆشانی کوردایەتیدا) لە ئامادەکردن و نووسینی کەمال نووری مەعروف بە 144لاپەڕە کەوتە بەردیدی خوێنەران، ئەم کتێبە چەنج بابەتێکی لەخۆ گرتووە لەوانەی: سروشتی ناوچەی شاربازێڕ، چۆنیەتی ڕووداتی کێشەکان و بەرپرسیارێتی لێی، خوێندنەوە و بەدواداچوونێک بۆ نامیلکەی ڕەش، دەسەلآتدارانی ڕژێم و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی خولە پیزە، مەحمودخانی پیرۆژ لە بگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیادا، ئافیکری حیزبی یان ئایدۆلۆژیکی کاریگەری لەسەر خولەپیزە هەبووە ؟، خولەپیزە و هەڤاڵەکانی لە هۆنراوەی شاعیرانماندا، کەسانی دەرکەوتووی ناو ئەم کتێبە، پوختەی لێکۆڵینەوەکان. شایانی باسە 20لاپەڕەی کۆتایی کتێبەکە بۆ چەند بەڵگەنامە و وێنەیەک تەرخان کراوە. دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین، خەرمان بەرەکەت.

ڕۆدان



کتێبی (ڕۆدان) لە بەرگێکی جوان و 72لاپەڕە لە نووسینی حەمە هاشم کەوتە بەر دیدی خوێنەران، نووسەر وێڕای ئەوەی بۆ نووسینی ئەم کتێبە چوار سەرچاوەی بەکارهێناوە، زیاتر پشتی بە سەردانی مەیدانیی فەرەنسا بۆ مۆزەخانە و بینینی کاری هونەری هونەرمەندانی جیهان و فەرەنسی لە پاریس بەستوە،نووسەر لە پێشەکیدا دەڵێ:"ئەگەرچی من لە بنەڕەتدا حەزم دەکرد و بە پێیەستم دەزانی کە شتێک لەسەر گەورەیی هونەرمەند ڕۆدان بنووسم، بەڵام ئەم دیمەنانە هێندەی تر ئەو خولیایەی لەلای من تۆخکردەوە و وایلێکردم پەڕاوە بچووکەکەم دەربهێنم و لەگەڵ چرکاندنی وێنەی پەیکەر و کارە هونەرییەکانی ناو مۆزەخانەکە تێبینییەکانیشم بنووسم بەو نیازەی ئەگەر بکرایە لە ئایندە هەموو ئەو تێڕوانینانەی خۆم و بینین و میژووی ئەم کەڵە هونەرمەندە بکەم بە کتێبێک ئەگەر سادەش بێت، بۆیە ئەم کتێبەی ئێستا لەبەردەستدایە ئەو خولیایە بوو هاتەدی و دوای ئەوەی جارێکی دیکەش و لەسەفەرێکی دیکەشمدا بۆ پاریس سەردانی (مۆزەخانەی ڕۆدان)م کردەوە و زیاتر بیرکردنەوەکانم لەلای خۆم گەڵاڵە کرد. من وادەزانم ئێستا بەم هەوڵەم هەرهیچ نەکردبێت توانیومە دڵنیایی زانیاری لەسەر میژووی هونەری ڕۆدان بخەمە دەریای زانست و میژووی هوونەر لە دونیا".

شایانی باسە کتێبەکە چەندین وێنەی پەیوەندیداری لەخۆگرتووە، دەست خۆشی لە نووسەر دەکەین، خەرمان بەرەکەت.

ناسا یەکەم فڕۆکەی کارەبایی ئاشکرا دەکات



کارگێڕی فرین و بۆشایی ئاسمانی ئەمریکی ناسا شۆڕشێکی نوێی لە جیهانی فڕۆکەوانی ئاشکرا کرد، کاتێک یەکەم فڕۆکەی کارەبای ئاشکرا کرد لە تاقیگە بەناوبانگەکەی لە بیابانی کالیفۆرنیا کە بەتەواوەتی بە کارەبا کار دەکات.ناسا فڕۆکەکەی کە لە جۆری "X57-Maxwell" ئاشکرا دەکات کە هەتا ئێستا کار لەسەر بەردەو پێش بردنی دەکات و لە ساڵی 2015دەستی بە دروستکردنی کردووە و چاوەڕوان دەکرێت ساڵی داهاتوو یەکەم گەشتی تاقیکردنەوە ئەنجام بدات دوای ئەوەی گەورەترین بزوێنەری لە نێوان 14بزوێنەری کارەبای بۆ ئامادە دەکرێت و ناسا لە ئێستادا دەڵێت ئێکس 57 ماکسویل وەک دەسپێک ئامادەیە .کارگێڕی فڕۆکەوانی ناسا بەشێوەیەک ئەو ئامێرەی بەردەو پێش بردووە کە ڕێگە بە ئەندازیارە فڕۆکەوانیەکان بدات بزانن چۆن فڕۆکەکە کار پێبکەن پێش ئەوەی ئامادە بکرێت بۆ فرین بۆ ئەوەی شارەزایی کار پێکردنی بەدەست بهێنن هەتا بەتەواوەتی ئامادە دەبێت بۆ گەشت کردن.ئێکس 57 ماکسویل گرنگترین ڕووداوی زنجیرە کارەکانی دروستکردنی فڕۆکەیە لەدوای دروستکردنی بیل ئێکس 1کە شێوەی لە فیشەک دەچێت بەربەستی دەنگی بۆ یەکەم جار شکاندووە و فڕۆکەی موشەکی ئێکس 15نیل ئیرمسترونگە .

فڕۆکەی ئێکس 57ماکسویل یەکەم فڕۆکەی ناسایە کە لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوو دروست دەکرێت.بڕنت کوبلی بەڕێوبەری پڕۆژەی سەنتەری ئیرمسترونگ بۆ تۆێژینەوەی فڕۆکەوانی سەر بە ناسا دەڵێت: ئەو فڕۆکەیە دوو بالی بچوکی و سوکی هەیە لەڕووی کێشەوە و 14بزوێنەری کارەبایی و 10بزوێنەری پالنەری بەرزکردنەوە هەیە.

کوبلی وتیشی: چونکە سیستمی بزوێنەرە کارەبایییەکان بچوکترە لە ڕووی قەبارەوە و بەشی جوڵێنەری کەمی هەیە کێشی فڕۆکەکە لە فڕۆکەکانی تر کەمترە و بۆ نۆژەنکردنەوە ئاسانترە و وزەی کەمتری پێویستە بۆ فرین و بێ دەنگترە لە فڕۆکەکانی تر. ئەو ئالنگاریەی ڕووبەڕوی ئەو فڕۆکەیە دەبێتەوە لە ئێستادا کە چۆن بتوانرێت باشتر وزەی بارگاوییەکانی هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی وزەی زیاتری هەبێت و بتوانێت مەودای زۆر لە ئاسمان ببڕێت و بفڕێت و بتوانرێت زووتر بارگاوییەکانی شەحن بکرێتەوە و لەگەڵ هەبونی ئەو ئالنگاریە لە ئێستادا ئێکس 57ماکسویل بە شێوازێکە تەنها دەتوانێت گەشتی مەودا کورت بکات.

لەیارییەکانی گەڕی دوانزەی خولی نایابی کوردستاندا:

هەولێر و زێرەڤانی و هەندرێن و پێشمەرگەی هەولێر سەرکەوتنیان تۆمارکرد



ئا: سەرهەنگ ئەجمەدین
فۆتۆ: ئاردەلان هەولێری

خولی نایابی کوردستان پێی نایەگەڕی دوانزەیەم و لەگرینگترین یاریشدا هەردوو یانەی هەولێر و نەورۆز لەیاریگای نێودەولەتی فرەنسۆ هەریری ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، هەولێر لەیاری ڕابردوو بەرانبەر زێرەڤانی تووشی دۆراندن هات و بۆ ئەم یارییەش توانی قەرەبووی یاری ڕابردوو بکات و بەئەنجامی 1-2گۆڵ لەئەورۆز ببات‌ەوە، گێمی یەکەمی یارییەکە بەبێ گۆڵ تۆمارکردن کۆتایی هات و ئەم گێمەیان بەبێ گۆڵا بەرێکرد، لەگێمی دووەمدا هەولێر باشتر دەرکەوت بەمەبەستی گۆڕینی ئەنجامی یارییەکە، ئەوەبوو هۆگر حوسێن توانی گۆڵی یەکەم بۆ یانەی هەولێر تۆمار بکات و هەولێری بەگۆڵێک پێشخست، دوای ئەم گۆڵە ناوبژیوانی یارییەکە لێدانێکی سزای بۆ یانەی نەورۆز هەژمار کرد ، یاریزان دیار عەلی توانی گۆڵی یەکەم و یەکسانبوون بۆ تیپەکەی خۆی تۆمار بکات ئەنجامی یارییەکەی هاوسەنگ کردەوە، پێویستە بگوترێ لەناوەراستی گێمی دووەم یاریزانی یانەی هەولێر عومەر ئیبراهیم لەلابەن ناوبژیوانەوە بەوەڕگرتنی کارتی لەیاریگا دوورخرا یەوە، ناچار هەولێر بە 10یاریزان یارییەکەیان تەواو کرد ، بەڵام هەولێر دوای کەمی یاریزان لەپێکهاتەی تیپەکە لەهێرشەکانیان بەردەوام بوون بۆ گۆڕینی ئەنجامی یارییەکە، ئەوەبوو هۆگر حوسێن دووبارە توانی گۆڵی دووەم و سەرکەوتن بۆ یانەی هەولێر تۆمار بکات و هەولێری لەیەکسانبوون رزگار کرد و بەدوو گۆڵ 1-2گۆڵ یارییەکە لەپێشمەرگەی سلێمانی بباتەوە و 3خاڵی گرینگی لەسەر دەستی ئەو یانەیە مسۆگەر بکات، بەم بردنەوەیە پێشمەرگەی هەولێر کۆی خاڵەکانی بوو بە 18خاڵ ، لەبەرانبەردا پێشمەرگەی سلێمانی بەم ئەنجامە دوای کۆکردنەوەی 7 خاڵ تووشی شەشەم دۆراندن هات لەخولەکەدا.



ئەم هەفتەیە یانەی شێروانە چاوەڕوان بوو. ڕێزبەندی هەفتەی دواەهەمینی خولی نایابی کوردستان لەپلەی یەکەم تاپلەی سێیەم بەمشێوەیە دەبێت: 1- سیروانی نوێ 20خاڵ 2-پێشمەرگەی هەولێر18 خاڵ 3-سۆران 16خاڵ.

بی بی سی:

شوهرە بەیات دەترسێت بگەڕێتەوە وڵاتەکەی

هاوار مورتکەیی

سارا رایانسفۆرد ئەو خانمە ڕۆژنامەنووسە لە تۆڕی BBC NEWSڕاپۆرتیکی بەوینەوە بڵاوکردۆتەوە کە ئێستا لە شەقامی وەرزشی دەنگۆیەکی زۆری ناوەتەوە.

شوهرە بەیات ئەو خانمە ناوبژیوانەی شەترەنجی ئێرانە و لەهەمان کاتیش ڕاوێژکارە لە یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتی، کە لەپاڵەوانێتی ئێستای شەترەنجی جیهانی کە لە شەنگهای بەڕێوەدەچێت، وەک ناوبژیوانی سەرەکی دەستنیشان دەکرێت، لەچەند گرتەیەکدا شوهرە بەێ سەرپۆش دەردەکەوێت و ئەو وێنەیەیش لەتەواوی ئێران بڵاودەبێتەوە و دەبێتە جێگای نارازی لەو وڵاتەوە.

بی بی سی بڵاوی کردۆتەوە کە ئێستا ئەو ناوبژیوانە ئێرانیە دەترسیت بگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی سەرپێچی لە یاسا ڕێساکانی وڵاتەکەی کردووە و ئەگەری هەیە دەستگیربکرێت.

شوهرە بەیاتی لە لێدوانێکیدا بۆ بی بی سی گوتی: کاتیک مۆبایلەکەم داگیرساند و بینیم وێنەکەم لەهەمور شوینیکی ئێران بڵاوکراوەتەوە (دەزگا راگەیاندنەکانی ئێران)، تیایدا بڵاویان کردۆتەوە کە من سەرێژش نەبوویە و ئەمەش گوایە من نارەزایی بەرامبەر سەرپۆشی دەردەبڕم، هەروەها گوتی: لەهەمور پاڵەوانێتییە نیودەوڵەتییەکاندا لەچکم لەسەر بووە، ڕەنگە لەوکاتەدا لەچکەکە لەسەر هاتبێتە خوارەوە.

شوهرەی تەمەن 32ساڵ یەکێکە لە دیارترین کەسایەتییەکانی شەترەنجی ئێران و بەپێی ڕاپۆرتەکەی بی بی سی، داوای لە یەکێتی شەترەنجی ئێرانی کردووە، کە بەنوسراوێکی فەرمی پشتیوانی لێ بکەن و نەهێڵن لەئەگەری گەڕانەوەی بۆ ئێرا دەستگیر بکرێت، بەڵام یەکێتی شەترەنجی ئێرانی لەجیاتی ئەوەی نوسراوەکەی بۆ بکات، پیی ڕاگەیاندووە باشترە داوای لێبوردن بکەیت.

دونیا نورەدین: مەرجی یەکەمی یاری تایکواندۆ ڕەوشتبەرزییە



خەبات: سولێن سلێمان

کچە وەرزشوانی بە توانا دونیا نورەدین کە لە ئێستادا قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیە لە قۆناخی دووەم، لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ خەبات دەڵێت: من وەکو قوتابی لە کۆلێژی وەرزشی وانەی پراکتیکی و تیۆری چەندین یاری جۆراوجۆر دەخوێنین، و من وەکو وەرزشکار جگە لە و یارییانەی کە لە کۆلێژ دەخوێنین خولیام بۆ ئەو جۆرە وەرزشانەش هەیە کە لە کۆلێژەکەمان نایخوێنین، و یەک لەو یارییانەش یاری تایکواندۆیە نزیکەی چەند مانگێک دەبێت دەستم بەو یارییە کردووە، و چونکە خولیایەکی زۆرم بۆی هەبوو.

لە پسیاری ئەوەی ئەو مەرجانە چین کە ئەگەر کەسێک بییەوێت فێری تایکواندۆ بێت؟

لە وڵامدا دەڵێت: ڕەوشتبەرزی مەرجی یەکەمی هەموو یارییەکانە و بە تایبەتیش یاری تایکواندۆ، ئینجا پابەندبوون بە مەشق و ڕاهێنان ، هەروەها باسی ئەو کێشانە دەکاتەوە کە یاریزانان تووشی دەبێت و بە تایبەتیش یاریزانی کچ دەڵێت: لە دیارترین و بەرچاوترین ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی یاریزانان دەبنەوە بە تایبەتیش یاریزانی کچ، نەبوونی توانا و شوێنی گونجاوە بۆ ئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنان و سەبارەت بە هۆڵی مەشقکردن هیچ جۆرێک لە جۆرەکانی خزمەتگوزاریمان بۆ دابین نەکراوە، و هەموو ئەوانەی کە هەن خۆمان دابینمان کردووە.

لە کۆتاییدا دونیا خان دەڵێت: پەیامم ئەوەیە و داوا لە حکومەت و بەرپرسانی وەرزش دەکەم کە پەرە بە وەرزش بدەن هۆڵ و بودجە بۆ ئەم جۆرە وەرزشە تاکانە دابین بکەن و چونکە ئەوەندەی ملوانکە لەو یارییە تاکانە بەدەست دێن لە یارییەکانی تر بەدەست نایەن.

یانەکانی ئێران هەڕەشەی کشانەوە لە پاڵەوانێتی ئاسیا دەکەن



تۆپی پێی ئاسیا یاریی یانەکانی سعودیە و ئێران دەگوازێتەوە بۆ یاریگایەکی بێطەرەف

یەکێتی تۆپی پێی ئێرانی دووپاتی کردەوە کە ئەوان دیراسەی بڕیارەکەی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا دەکەن، سەبارەت بە ئەنجامدانی یاریی یانەکانی سعودیە و ئێران لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا لە یاریگایەکی بێطەرەف.

یەکێتی ئێرانی لە ڕاگەیەندراوەکەیاندا ئاماژەیان بۆ ئەوەکردووە کە لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی ئاسیاوە پێیان ڕاگەیەندراوە یاریی یانەکانی سعودیە و ئێران لە یاریگایەکی بێطەرەفدا بەڕێوەدەچن، هەروەها لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە کە ئەوان لەو بابەتە دەکۆڵنەوە و لەگەڵ یانەبەشداربووەکانی ئێران لەم خولەدا ڕاوێژ دەکەن و لەم ڕۆژانە وەلامی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا دەدەنەوە، ئەمە یەکەمجار نییە ئێران میواندارى تیپە بیانییەکان دەکات و لەم ڕووەوە هیچ کێشەیەک ڕووی نەداوە.

بەپێی هەواڵێکی جەزیرەی وەرزشی، یانەکانی ئێران هەڕەشەی ئەوەیان کردووە کە ئەگەر یاریییەکانی خۆیان لەسەر یاریگاکانیان لە ئێران ئەنجام نەدەن، ئەوا بڕیاری کشانەوە لە خولی یانەپاڵەوانەکانی ئاسیا دەکەن.

ڕاشفۆرد ئەمشەو ناتوانێت لە کلاسیکۆی تۆپی پێی ئینگلیزی بەشداری بکات



سۆلسکایەری ڕاهێنەری یانەی مانچستەر یونایتد پێی وایە کە مارکۆس ڕاشفۆرد لە ڕووبەڕووبوونەوەکەی کلاسیکۆی تۆپی پێی ئینگلیزی ناتوانێت یاری بکات، کە بڕیارە ئەمشەو لەنێوان لیڤەرپوول و مانچستەر یونایتد بەڕێوەبچێت.

ڕاشفۆرد کە ئەم وەرزە 14گۆڵی تۆمارکردووە، بەهۆی ئازاری پشتییەوە نەیتوانییە لەیاریییەکانی ئەم دوایەی یانەکەی هەردوو گیم یاری بکات، چونکە هێشتا بەتەواوی چاک نەبۆتەوە، ئەم هەواڵەش بۆ هەوادارانی مان یونایتد، هەواڵێکی ناخۆشە و بەپێچەوانەوە بۆ هەوادارانی لیڤەرپوول هەواڵێکی خۆشە کە یاری ناکات.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Sun.19. Jan. 2020 No: (5913)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



یەکەم جارە لەکوردستان کارێکی لەم جۆرە دەکرێت

شاعیری لاو (توانا فازل) دووەمین ئەلبوومی شیعری کردە دیاری بۆ (نابیستان)



کۆڕێک بۆ ناساندنی (کتێبی التاخی) ڕەوانشاد فەلەکەدین کاکەیی بەڕێوەچوو

ڕۆژی 15/1/2020 لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو لە بارەگای لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد کۆڕی ناساندن و بڵاوکردنەوەی بەرگی یەکەمی کتێبی (التاخی) ڕەوانشاد مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی بۆ ڕۆژنامەنووس (ڕەزا کاکەیی) بەڕێوەچوو.

لە کۆڕەکە کە لەلایەن بێکەس حەمە قادر بەڕێوەچوو، بنەماڵەی ڕەوانشاد فەلەکەدین کاکەیی و ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس و کتێب دۆست ئامادەبوون و کۆڕەکەیان دەوڵەمەند کرد.

جێی باسە ئەمە سێیەم کتێبە دوای کۆچی دوایی کاکەیی بەچاپ بگەیەندرێت، دوای کۆڕەرهەمی ڕەوانشاد فەلەکەدین کاکەیی کە لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی و بە هاوکاری نووسینگەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی چاپ کرا.

ئەو سێ کتێبە کە لە ساڵی 2019 و سەرەتای 2020 بەچاپگەیەندران و خێرێە خان خۆشکی خوالێخۆشبوو فەلەکەدین کاکەیی خەرجییەکانی چاپکردنی هەرسێ کتێبەکەی گرتە ئەستۆ بریتین لە (سیاسەت و فەلسەفە 2019)، (کوردستان و دول الجوار 2019)، (التاخی - بەشی یەکەم 2020).

وا بڕیارە سێ بەشی دیکەش لە کتێبی (التاخی) بە چاپ بکەیەندرێ کە بریتین لە بابەتەکانی فەلەکەدین کاکەیی لە ساڵی 2003 لە ڕۆژنامەی التاخی بڵاوکراوەتەوە.

بەرهەم شێخ عزەدین

لەدووەمین کاری ئەلبوومیدا شاعیری لاو (توانا فازل) تۆێژێکی جوان و دڵ باشی کۆمەڵگەی بەسەرکردەوە کە (نابیستان)ن. ئەلبومەکە ناوی (نازدار)ە و پێکهاتووە لە (١١) تراک و هۆنراوەکانی دڵداری و هەمەجۆرن. ئەوەی جێی سەرنجە تائێستا کاری لەو جۆرە نەکراوە، چونکە تەواوی تراکەکانی ئەم ئەلبومە بەزمانی ئامازی واتە زمانی (نابیستان) لەلایەن ماموستا (بەهار چاومار)ەوە ڕوون کراوەتەوە. بێجگە لەئەوەی کەسانی ئاسایی ئەتوانن گوێ بیستی بەرهەمەکان بن لەسەرانسەری جیهانیشدا هەموو نابیستان لەهەست و ناوەڕۆکی تێکستەکان تێ ئەگەن، ئەوەی جێی دڵخۆشیشە ڤیدیۆکانی ئەم بەرهەمە بەجل وبەرگی جوانی کوردییەوە وێنەگیراون.شایەنی باسە ئەم ئەلبومە بەسەردەمی ترین کوالێتی لە (track studio) لەلایەن ماموستا (یاسین ژاژڵەیی)ەوە کاری میکس و ماستەرینگی بۆکراوە، هەروەها کاری ڤیدیۆکردنی ئەلبومەکە (شازاد ئومێد) خاوەنی (GEM STUDIO) بەئەنجامی گەیاندووە



مانای ئەو پیتانەی کە لەگەڵ مۆدێلەکانی مۆبایلی گالاکسیدا هەیە

هەردەوان: کۆمپانیای سامسۆنگ بە هەمە جۆری مۆبایلەکانی ناسراوە، لە مۆبایلی ئاست نزمەوە بۆ ماناوەند و بەرز، هەموویان بەردەست کراون بۆ کرپارە جیاوازەکان، ئەوانەی کە ئامادەن پارەیەکی زۆر بە مۆبایل بدەن، تا ئەوانەی کە دەیانەوێت بە پارەیەکی کەم مۆبایلێکی هۆشمەند بکڕن وە هەر ئەمەش وایکردووە سامسۆنگ گەیشتووە بەمەی کە ئێستە هەیە.زنجیرە ئاست بەرزەکانی کۆمپانیای سامسۆنگ بە زنجیرەی (S) و (Note) ناو نراون. هەرچی نوێگەری و داهێنانی سامسۆنگ هەیە لە بواری سمارتفۆندا، لەم زنجیرانەدا بە دیار دەکەوێت، کە بە تایبەتمەندی بەرز و دانانی نرخی بەرز لەسەریان بەرهەم دەهێنرێن هەر وەک ئەزانین سامسۆنگ بۆ نمایش کردنی نەوەی ئەم دوو جۆرەی کۆنگرەی تایبەت ڕێکدەخات تاوەکو بە ڕوونی باسی تایبەتمەندیەکانی بکات وەک دەزانین چەند ڕۆژێکی کەمە کە گالاکسی ئێس ٨ و ئێس ٨ پلەس لە زنجیرەی ئێس بلاو بۆنەتەوە وە بەمزووانەش گالاکسی نۆت ٧ دەخرێتەوە نێو بازار بە تەواوەتی چارەسەری کێشەکانی بۆ کراوە.

پیتی (S) لە کورتکراوەی (Super smart) کە بەواتای زیرەکیی ئاست بەرز، واتای (NOTE) لە هەردوو وشەی Phoneو Tablets هاتووە سەرچاوەی کردووە مانای PHAB-LETبە مۆبایلێک دەوترێت کە تێکەڵەیەک بێت لە مۆبایلە هۆشمەندەکان و تابلێتەکان واتە ئەم جۆرە مۆبایلە هەم مۆبایلێکی هۆشمەندە هەمیش تابلێتێک لەگەڵ قەڵەمی هۆشمەندی S PEN دا مۆبایلە ئاست مامناوەندەکانیش لە زنجیرەکانی (A) و (J) دا کۆکراونەتەوە، کە چ لە ڕووی تایبەتمەندی و چ لەڕووی نرخەوە، پلەیەک لە خوار مۆبایلە ئاست بەرزەکانەوەن وە نرخەکانیشیان ئێجگار لە چاو تایبەتمەندیەکانیدا نزمە ئەم مۆبایلانە جیاوازتر لە جۆرەکانی تر سال بەسال جۆرێکی تری لێدەردەچێت بەناوی ئەو سالەوە بە نموونە لە٢٠١٦دا A5 2016دەرچوو دواتر لە 2017دا A5 2017خرایە بازارەوە (پێشتریش ئەی ٥ هەر هەبووە بەڵام سال بەسال ئەو ژمارە سالەی کە لەگەڵیدا دەگۆڕێت و تایبەتمەندی بەرەو پێشتر ئەچێت)واتای زنجیرەی Aلە وشەی ALPHAەوە هاتووە واتە پرۆگرامێک کە هێشتا نەکەوتۆتە بەردەستی خەڵکی بەمەبەستی تاقیکردنەوەی، زنجیرەی J مەبەستی لە وشەی JOYFULلە لە زمانی کوردیدا بە واتای ئاسوودە دێت.مۆبایلە ئاست نزمەکانیش لە زنجیرەی (Grand) و (Mو دا دەبینرێن ، کە لە ڕووی تایبەتمەندی و نرخیشەوە لە ئاستێکی نزمدان ، زیاتر کەسانی کەم دەرامەتی نێو کۆمەڵگا سودیان لێوەردەگرێت بەتایبەت لە وڵاتێکی وەک هیند کە خواستیکی زۆریان لەسەرە چونکە هەرزان و لەگەڵ باروودۆخی وڵاتەکەدا ئەگونجێت نەوەی GRANDواتا (مەزن)و نەوەی M لە Magicalەوە هاتووە واتە ئەفسوناوی، بێگومان هەر هێندە نیە بەڵام ئێمە تەنها ئەو جۆرەنەمان باسکردووە کە لە کوردستاندا زۆر باون و وە خەڵکی بەکاریدەهێنێت.


لە ئێستادا بزاڤێکی بەرهەمهێنانی درامی لە کوردستاندا هەیە

یاسین قادر بەرزنجی: کە دەچمە سەر شانۆ هەستێ بە بەدیهاتنی خەونەکانم دەکەم



دیمانە: پەریهاعومەر

یاسین قادر بەرزنجی، ساڵی (1956) لەسلێمانی لە دایکبووە دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنە لە زانکۆی سلێمانی،لە 1972 وەک ئەکتەرو دەرهێنەر و نووسەرو وەرگێڕ بەشداریی لە شانۆ و دراماو سینەمای کوردیدا کردووە ،خاوەنی 36 کتێبی چاپکراوە لە شانۆ و دراماو ڕۆژنامەوانی و زانستی کتێبخانەکان و چیرۆکی منداڵانداسەرنووسەری گۆڤاری شاکار و بڵاوکراوەی ئاسۆی کتێبخانە بووە، ڕاوێژکاری گۆڤاری شانۆی تیپی شانۆی سالار بووە.لەبارەی دەست بەکاربوونی کاری هونەری گوتی:ساڵی 1972بۆ یەکەم جار چوومەتە سەر شانۆ ئەویش لە شانۆگەریی (پیری کوردپەروەر)دا بوو لە ناوەندیی سلێمانی بەبۆنەی جەژنی نەتەوەیی نەورۆزەوە پێشکەشکرا،لە نووسین و دەرهێنانی خۆم بوو، کارێکی مەدرەسی بوو ،لە 1973شدا بەشداریی دوو کاری گەورەم کرد،یەکەمیان شانۆگەریی (کاوەی ئاسنگەر) نووسینی مامۆستا شێرکۆ بێکەس و



دەیەنێک لە شانۆگەری نیگای خۆکۆژێک

دووەمیان شانۆگەریی (چاوی ڤێتنام) لە نووسینی شەهید دڵشاد مەریوانی، هەردووکیان لە دەرهێنانی هونەرمەند نەوزاد مەجید بوون، لەمەی دووەمیاندا لە تەلەفزیۆنی بەغدا تۆمار کرا.لەبارەی ئێستای هونەری دراما دەڵێت:دراماى کوردى لاى ئێمە مێژوویەکى هێندە کۆنى نییە ، چونکە پەنجا ساڵێکە بینەرى کورد بە کەنالێکى تەلەفزیۆنى کوردى ئاشنا بووە کە تەلەفزیۆنى کەرکووک بوو ،پاشان سەرەتاى حەفتاکانى سەدەى ڕابردوو شانۆگەرییەکان وێنەیان دەگیراو دەگوێزرانەوە بۆ بینەر،ئەوەبوو دواتر هەندێ دراما وەک هونەرى دراما بەرهەمێنران و دیمەنى دەرەکییان تێدا بوو ،لەمیاندا هونەرمەندانى کەرکوکدەست پێشخەر بوون بە بەرهەمەکانى (مەرەزە) و (بەهارى دزراو) ئەو شارە خۆشەویستە بووە دایکى دراماى کوردى.

لە ئێستادا بزاڤێکى بەرهەمهێنانى درامى لە کوردستاندا هەیە ،بەڵام بێ بوونى شارەزایى و ئەزموونى دەوڵەمەند لە لایەنەپێکهێنەرەکانى هونەرەکەدا ،زیاتریش ئەوانەى دراماى کوردى دەیەن بەڕێوە هەر شانۆکارانن،بە نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەرانیانەوە، پاشان لاى ئێمە هونەرى سینەما و دراما نەبووەتە پیشەسازییەکى تۆکمەى باش دامەزراو ،کەواتە هەرچى دەکرێت بەرهەمى عەشق و سەلیقەى بەشدارانیانە ،دەبێ ئەوەش بڵێم کە چەندین کارى درامى بوونەتە مژدە بەخش و ڕەنگڕێژى ئەو هونەرە کە جەماوەر شەیداو تامەزرۆى بینینیان دەکەن .لەبارەى کارکردنى شانۆ ودراما لێمان پرسى گوتى:ئێمەى ئەکتەر نیشتمانى یەکەمان شانۆیە ، هەموومان منالێى شانۆین و لەوێ پەروەردە و گەورە بووین ، لە سەرەتاشەوە (یۆنان) دایکى هونەرە درامییەکان هەر شانۆ بووە بە ڕاستى ئەفسوونى هونەرى نواندن بە پلەى یەکەم لە نمایشى شانۆییدایە ، هەڵبەت نواندنى بەردەم کامێراش بۆ هەردوو شاشەى بچووک و گەورە گرنگى گەورەى خۆیان هەیە و هەر سینەماش کە دەبێتە شایەتى مێژوو و ناسنامەى میللەتان و هەر ئەکتەرى سیەماشە کە دەبێتە ئاشناو ڕۆشنا لاى ملیۆنان کەس من هەرچەندە لە تەلەفزیۆندا لە زۆر کاردا دەرکەوتووم و لە زۆربشیاندا بەرجەستەى کاراکتەرى سەرەکیم کردووە، بەڵام لە ساتەکانى سەر شانۆدا هەستم بە بەدیهێنانى خەونەکانم کردووە وەک (ئەکتەر) و هەر لەوێش هەناسەى شادمانیم هەڵمژیوە و هەستم بە بوونى ئینسانى خۆم کردووە.لەبارەى دواکارى هونەرى دەڵێت:دوا کارى هونەریم بەشداریکردنە لە درامایەکى (80) ئەڵقەیى (بەختەباران) لە نووسینى کاک ئەحمەد ڕەزا و دەرهێنانى دکتۆر نیاز لەتیف کە چاوەڕوان دەکرێت لە بەهارى داهاتوودا پەخشى دەست پێبکات.لەگەڵ نووسینى بابەتێک بە نیازى چاپکردن.